هەرێمی کوردستان / عێراق
وەزارەتی خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی
زانکۆی سلێمانی
کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان
بەشی راگەیاندن/ رۆژنامە

# هونەری نەخشەسازی لە بەرهەمهێنانی ریکلامی رۆژنامەوانیدا

## گۆڤاری ( لڤین ) و رۆژنامەی ( ئاوێنە ) بە نموونە

## ـ توێژینەوەیەکی شیکاریی بەراوردکارییە ـ

نامەیەکە خوێندکار

**بەناز احمد محمد**

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی کردووە ، وەك بەشێك لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی ماجستێر لە زانستی راگەیاندن/ رۆژنامەدا

بەسەرپەرشتی

**پ.ی.د. سلام نصرالدین محمد**

2717 ك　　　　1438هـ　　　　2017 ز

## ڕەزامەندی سەرپەرشتیار

ئەم نامەیەی خوێندکار (بەناز احمد محمد ) بە ناونیشانی (هونەری نەخشەسازیی لە بەرهەمهێنانی ریکلامی رۆژنامە وانیدا/ گۆڤاری لڤینو رۆژنامەی ئاوێنە بە نموونە) بە چاودێری ئێمە لە کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان / زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە بەشێکە لە پێداویستیەکانی بە دەستهێنانی بڕوانامەی ماجستێر لە زانستی (ڕاگەیاندن)، پێشنیار دەکەین پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن بکرێت.

واژۆ

سەرپەرشتیار: د. سلام نصرالدين محمد

پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر

بەروار: / / 2017

بەپێی ئەم پێشنیارە، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم

واژۆ

ناو: پ.ی. د. سلام نصرالدين محمد

سەرۆکی بەشی (ڕاگەیاندن)

بەروار: / / 2017

# بڕیاری شارەزای زمانەوانی

**نامەی ماجستێری خوێندکار (بەناز احمد محمد ) کە ناونیشانی بریتیە لە (هونەری نەخشەسازیی لە بەرهەمهێنانی ریکلامی رۆژنامە وانیدا/ گۆڤاری لڤینو رۆژنامەی ئاوێنە بە نموونە) پێداچوونەوەی زمانەوانی بۆکراوە، ئەو هەڵانەشی کە تێیدابوو راست کراونەتەوە بەوەش نامەی ماجستێرەکە لە ڕووی زمانەوانیو شێوازی دەربڕینەوە ئامادەیە بۆ گفتوگۆکردن.**

**واژۆ**

**ناو: پ.ی.د. عادل رشید قادر**

**بەروار:** / / 2017

# ڕەزامەندی لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەك ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، ئەم نامەیەی خوێندکار (بەناز احمد محمد) بە ناونیشانی (هونەری نەخشەسازیی لە بەرهەمهێنانی ریکلامی رۆژنامەوانیدا / گۆڤاری لڤینو رۆژنامەی ئاوێنە بە نموونە) خوێندەوەو گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆكو لایەنەکانی تری کردووە، بڕیارمان دا بە پلەی ( ) بڕوانامەی ماجستێری لە زانستی (راگەیاندن) پێبدرێت.

واژۆ
ناو: د. فؤاد علی احمد
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
سەرۆکی لیژنە
بەروار: / / 2017

واژۆ
ناو: د. عمر احمد رمضان
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندام
بەروار: / / 2017

واژۆ
ناو: د. دلێر احمد حمە
پلەی زانستی: مامۆستا
ئەندام
بەروار: / / 2017

واژۆ
ناو: د. سلام نصرالدین محمد
پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر
ئەندامو سەرپەرشتیار
بەروار: / / 2017

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان/ زانکۆی سلێمانی ــ پەسەندکرا

واژۆ
پ.ی.د. ابتسام اسماعیل قادر
راگری کۆلێجی زانستەمرۆڤایەتیەکان بە وەکالەت
بەروار: / / 2017

بسم الله الرحمن الرحيم

**وَقُلْ رَبِّ زِدْنِي عِلماً**

**صدق الله العظيم**

الآية: 114 (سورة طة)

## ئەم توێژینەوەیە پێشکەشە بە:

⋆ئەو کەسانەی ژیانیان ڕۆشن کردووم، خێزانەکەم

⋆ئەو کەسانەی یارمەتیان داوم بۆ ئەنجامدانی ئەم توێژینەوەیە

## سوپاس‌و پێزانین

سوپاس بۆ خوای گەورە، کە توانای پێبەخشیم ئەم ماستەرنامەیە تەواوبکەم، سوپاس بۆ کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتیەکان‌و بەشی راگەیاندن بە رەخساندنی هەلی تەواوکردنی ئەم ماستەرنامەیە، سوپاس بۆ مامۆستایانی بەشی راگەیاندن بۆ ئەو زانستەی پێیان بەخشیم.

زۆر سوپاس بۆ پ.ی. د. سلام نصرالدین محمد کە سەرپەرشتی توێژینەوەکەی کردو بە بۆچوون‌و تێبینیەکانی توێژینەوەکەی دەوڵەمەند کرد، سوپاس بۆ لیژنەی گفتوگۆ ئەرکیان لە ئەستۆگرت لە گفتوگۆکردنی ئەم ماستەرنامەیە.

سوپاس بۆ پ.ی.د. حکیم عثمان حمید کە زۆر هاوکاریکردم لە دابینکردنی سەرچاوەی زانستی.

سوپاس بۆ ئەو مامۆستا بەرێزانەی هەڵسەنگاندنیان بۆ فۆرمی شیکاریەکە ئەنجامدا.

سوپاس‌و پێزانینی زۆرم بۆ هەموو ئەو مامۆستاو هاورێ‌و کەسانەی پشتیوانی‌و هاوکارییان کردم بە زانیاری‌و سەرچاوەی زانستی.

زۆر سوپاس بۆ خێزانەکەم، کە بەردەوام هاوکارو پشتیوانمن.

**توێژەر**

# پوختەی توێژینەوەکە

ئەم توێژینەوەیە توێژینەوەیەکی وەسفی یە بە بەکارهێنانی شێوازی شیکاری رواڵەتی، ئامانج لێی دەرخستنی ئەو شێوازو رەگەزە هونەرییانەی لە بەرهەمهێنانی ریکلامی رۆژنامەوانیدا بەکاردەهێنرێت . بە رێگای هەڵبژاردنی مەبەستدار گۆڤاری لڤین کە "گۆڤارێکی سیاسی رەخنەیی گشتیە"و لە مانگێکدا دوو ژمارەی لێ دەردەچێتو رۆژنامەی ئاوێنە "رۆژنامەیەکی سیاسی گشتیە" هەموو سێشەمەیەك دەردەچێت. وەك سامپڵی توێژینەوەکە سەرجەم ژمارەکانی ساڵی (2015) وەرگیراون (50) ژمارەی رۆژنامەی (ئاوێنە) و (30) ژمارەی گۆڤاری لڤین ، هۆکاری هەڵبژاردنیشیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەردوو بڵاوکراوەکە ئە هلینو بەشێوەیەکی گشتی پشت بە بڵاوکردنەوەی ریکلام دەبەستن بۆ بەدەستهێنانی داهاتیان. گرنگی ئەم توێژینەوەیە پەیوەندی بە گرنگی رەگەزە هونەرییەکانی نەخشەسازییەوە هەیە لە بەرهەمهێنانی ریکلامێکی سەرکەوتوو لە بواری رۆژنامەوانیدا، هەروەها پەیوەندی بە تازەیی بابەتەکەوە هەیە بەپێی زانیارییەکانی توێژەر تاکو ئێستا وەك پێویست کار لەسەر ئەم لایەنە نەکراوە لە شێوەی توێژینەوەی زانستیدا . دەتوانرێت ئەم توێژینەوەیە لە داهاتوودا ببێت بە سەرچاوەیەکی بەسوود لە بواری بەرهەمهێنانی ریکلامدا.

**لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا توێژەر لەهەوڵی بەدیهێنانی چەند ئامانجێکدایە لەوانەش**

1 - زانینی جۆری ئەو رەگەزە هونەرییانەی کە زۆرترین بەکارهێنانیان پێکراوە لە گۆڤاری (لڤین) و رۆژنامەی (ئاوێنە).

2 - زانینی ئاستی هاوسەنگی راگرتن لە نێوان رەگەزە هونەرییەکانی نەخشەسازیی ریکلامدا لە گۆڤاری (لڤین) و رۆژنامەی (ئاوێنە).

3 - زانینی ئاستی گرنگیدان بە رەگەزە هونەرییەکانی نەخشەسازیی لە گۆڤاری (لڤین) و رۆژنامەی (ئاوێنە).

4 - زانینی ئەو شێوازە نەخشەسازییە باوانەی لە ریکلامەکانی گۆڤاری (لڤین) و رۆژنامەی (ئاوێنە) بەکاردەهێنرێت.

5 - زانینی جیاوازیو لەیەکچوون لەبەکارهێنانی رەگەزە هونەرییەکان لەنێوان گۆڤاری (لڤین) و رۆژنامەی (ئاوێنە).

**توێژینەوەکە بە کۆمەڵێك ئەنجام گەیشتووگرنگترینیان بریتیە لە**

1. لە ئەنجامدا تێبینی ئەوە دەکرێت هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە نەیانتوانیوە هاوسەنگی رابگرن لە بەکارهێنانی رەگەزە هونەرییەکانی نەخشەسازیی لە بڵاوکردنەوەی ریکلامەکانیاندا. لە گۆڤاری لڤیندا رەگەزی (وێنەو نیگار) لە ئاستی یەکەمدا هاتوو ە زۆرترین بەکارهێنانی پێکراوە، لەکاتێکدا لە رۆژنامەی ئاوێنەدا رەگەزی (لۆگۆو هێماو دروشم) زۆرترین بەکارهێنانی پێکراوە.
2. هەردوو بڵاوکراوەکە بە شێوەیەکی گشتی رەگەزە هونەرییەکانی نەخشەسازییان بەکارهێناوە ، بەڵام ئەنجام ئاماژە بەوە دەدات گۆڤاری لڤین رەگەزەکانی زیاتر بەکارهێناوە وەك لە رۆژنامەی ئاوێنە.
3. لە شێوازە نەخشەسازییە باوەکان لە بواری نەخشەسازیی ریکلامدا شێوازی (لاکێشە) زۆرترین بەکارهێنانی پێکراوە لە گۆڤاری لڤیندا بەراورد بە رۆژنامەی ئاوێنە لە کاتێکدا شێوازەکانی تری وەکو (نیوقوچەك، نیوقوچەكو لاکێشە، دوو لاکێشە) تارادەیەك بە رێژەیەکی نزیك لە یەکتری بەکارهێنراون.

4. بەشێوەیەکی گشتی جیاوازی لە بەکارهێنانی ڕەگەزەکاندا بەدی دەکرێت لە نێوان هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە جیاوازیەکەش لە بەرژەوەندی گۆڤاری لڤینە ، کە زۆرترین ڕەگەزی لە نەخشەسازیی ریکلامەکانیدا بەکارهێناوە، تەنها لە بەکارهێنانی ڕەگ ەزی (نرخ) دا لێکچوو ن هەیە لەنێوان هەردوو بڵاوکراوەکەو ڕێژەی بەکارهێنانیان لەیەکەوە نزیکە.

| لاپەڕە | ناونیشانی بابەتەکان | ژمارە |
|---|---|---|
| أ | بڕیاری سەرپەرشتیار | 1. |
| ب | بڕیاری شارەزای زمانەوانی | 2. |
| ت | بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ | 3. |
| پ | ئایەتی قورئان | 4. |
| ج | پێشکەشە | 5. |
| ح | سوپاس‌و پێزانیین | 6. |
| خ ــ ذ | پوختەی توێژینەوەکە | 7. |
| ژ ــ ز | پێڕستی بابەتەکان | 8. |
| ز ــ س | پێڕستی خشتەکان | 9. |
| س | پێڕستی پاشکۆکان | 10. |
| 1 ــ 2 | پێشەکی | 11. |
| 3 ــ 14 | بەشی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە | 12. |
| 4 | کێشەی توێژینەوەکە | 13. |
| 4 | ئامانجی توێژینەوەکە | 14. |
| 4 ــ 5 | گرنگی توێژینەوەکە | 15. |
| 5 | کۆمەڵ‌و سامپڵی توێژینەوەکە | 16. |
| 5 | سنوری توێژینەوەکە | 17. |
| 5 ــ 6 | ئامرازەکانی توێژینەوەکە | 18. |
| 6 | میتۆدی توێژینەوەکە | 19. |
| 6 | پێناسەی چەمکەکانی توێژینەوەکە | 20. |
| 6 ــ 14 | توێژینەوەکانی پێشوو | 21. |
| 15 ــ 37 | بەشی دووەم: ریکلام گرنگی ریکلامی رۆژنامەنووسیی | 22. |
| 16 | دەستپێك | 23. |
| 17 ــ 27 | باسی یەکەم: ریکلام | 24. |
| 17 ــ 19 | یەکەم: چەمك وپێناسەی ریکلام | 25. |
| 20 ــ 22 | دووەم: جۆرەکانی ریکلام | 26. |
| 22 ــ 23 | سێیەم: ئامانجی ریکلام | 27. |
| 24 | چوارەم: ئەرکی ریکلام | 28. |

| | | |
|---|---|---|
| 29. | پێنجەم: هۆکارەکانی کاریگەری لەسەر چالاکی ریکلام هەیە | 25 |
| 30. | شەشەم: بنەماکانی بڵاوکردنەوەی ریکلام | 26 ـ 25 |
| 31. | حەوتەم: بنەماکانی هەڵبژاردنو خشتەی بەکارهێنانی ئامڕازەکانی ریکلامکردن | 27 ـ 26 |
| 32. | باسی دووەم: گرنگی ریکلامی رۆژنامەنووسیی | 37 ـ 28 |
| 33. | یەکەم: رۆژنامە | 31 ـ 28 |
| 34. | دووەم: گۆڤار | 33 ـ 31 |
| 35. | سێیەم: گرنگی ریکلامی رۆژنامەنووسیی | 37ـ 33 |
| 36. | بەشی سێیەم: هەنگاوەکانی نەخشەسازیی ریکلام | 62ـ 38 |
| 37. | دەستپێك | 39 |
| 38. | باسی یەکەم: نەخشەسازیی ریکلام | 45 ـ 40 |
| 39. | یەکەم: پێناسەی نەخشەسازیی | 41 ـ 40 |
| 40. | دووەم: گرنگی نەخشەسازیی ریکلام | 42 ـ 41 |
| 41. | سێیەم: بنەماکانی نەخشەسازیی ریکلامی رۆژنامەنووسیی | 43 ـ 42 |
| 42. | چوارەم: قۆناغەکانی نەخشەسازیی ریکلام | 45 ـ 43 |
| 43. | پێنجەم: قۆناغەکانی ئامادەکردنی هەیکەلی ریکلام | 45 |
| 44. | باسی دووەم: هەنگاوەکانی نەخشەسازیی | 62 ـ 46 |
| 45. | یەکەم: بنەما دەرونیەکانی نەخشەسازیی ریکلام | 49 ـ 46 |
| 46. | دووەم: رەگەزە پێکهاتووەکانی نەخشەسازیی ریکلام | 60 ـ 49 |
| 47. | سێیەم: شێوەکانی نەخشەسازیی ریکلام | 61 ـ 60 |
| 48. | چوارەم: هونەرو تەکنیکی راکێشانی سەرنجی خوێنەر بۆ بابەتە ریکلامیەکان | 62 ـ 61 |
| 49. | پێنجەم: پرۆسەی راستکردنەوە لە ریکلامدا | 62 |
| 50. | بەشی چوارەم: هونەری نەخشەسازیی لە بەرهەمهێنانی ریکلامی رۆژنامەوانی | 95 ـ 63 |
| 51. | باسی یەکەم: هەنگاوەکانی شیکاری رواڵەتی | 72 ـ 64 |
| 52. | باسی دووەم: خستنەڕووی ئەنجامەکانی لایەنی مەیدانی | 95 ـ 73 |
| 53. | دەرئەنجامو پێشنیازو راسپاردەکان | 98 ـ96 |
| 54. | دەرئەنجام | 98ـ97 |
| 55. | پێشنیاز | 98 |
| 56. | راسپاردە | 98 |
| 57. | لیستی سەرچاوەکان | 105 ـ99 |
| 58. | پاشکۆ | 120 ـ106 |

| | | |
|---|---|---|
| 59. | پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی | I |
| 60. | پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگلیزی | A ـ B |



## پێرستی خشتەکان



| ژمارە | ناونیشانی خشتەکان | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1. | ڕێژەی سەرجەم ریکلامە بڵاوکراوەکان لە هەردوو ئامڕازی توێژینەوەکە | 73 |
| 2. | جۆری ریکلامەکان لە هەردوو ئامڕازی توێژینەوەکە | 73 ـ 74 |
| 3. | پۆلێنی ریکلامی نابازرگانی لە هەردوو ئامڕازی توێژینەوەکە | 74 ـ 75 |
| 4. | دەرخستنی جیاواز ی پۆلێنی ریکلامی نابازرگانی لە هەردوو ئامڕازی توێژینەوەکە | 75 |
| 5. | جۆری ئەو ریکلامانەی هونەری نەخشەساز یيان تیادا بەکارهێنراوە لە هەردوو ئامڕازی توێژینەوەکە | 76 |
| 6. | دەرخستنی جیاوازیی لەنێوان جۆری ئەو ریکلامانەی هونەری نەخشەسازییان تیادا بەکارهێنراوە لە هەردوو ئامڕازی توێژینەوەکە | 76 ـ 77 |
| 7. | زمانی خستنەڕووی ریکلامەکان لە هەردوو ئامڕازی توێژینەوەکە | 77 ـ 78 |
| 8. | جۆرەکانی ریکلام بەپێی ئەرکی بەبازاڕکردن لە هەردوو ئامڕازی توێژینەوەکە | 78 ـ 79 |
| 9. | رەگەزە هونەرییەکانی نەخشەسازیی ریکلام لە هەردوو ئامڕازی توێژینەوەکە | 79 ـ 80 |
| 10. | دەرخستنی جیاوازیی و لێکچوون لە بەکارهێنانی رەگەزە هونەری ەکانی نەخشەسازیی ریکلام لەنێوان هەردوو ئامڕازی توێژینەوەکە | 80 ـ 81 |
| 11. | دابەش بوونی ناونیشانەکانی ریکلامەکان لە هەردوو ئامڕازی توێژینەوەکە | 81 ـ 82 |
| 12. | جۆری ناونیشانی بەکارهاتوو لە ریکلامەکانی هەردوو ئامڕازی توێژینەوەکە | 82 ـ 83 |
| 13. | جۆری وێنەی بەکارهاتوو لە ریکلامەکانی هەردوو ئامڕازی توێژینەوەکە | 84 |
| 14. | شێوازەکانی خستنەڕووی وێنەکان لە ریکلامەکانی هەردوو ئامڕازی توێژینەوەکە | 84 ـ 85 |

| | | |
|---|---|---|
| 15. | وێنەی کەسایەتی ناو ریکلامەکان لە هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە | 86 |
| 16. | رەنگ بەکارهێنان لە ریکلامەکانی هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە | 86 ـ 87 |
| 17. | پۆلێنی لۆگۆ و دروشم و هێما لە ریکلامەکانی هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە | 87 ـ 88 |
| 18. | جۆری لۆگۆ لە ریکلامەکانی هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە | 88 |
| 19. | تایبەتمەندی لۆگۆ لە ریکلامەکانی هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە | 89 |
| 20. | بڵاوکردنەوەی نرخی کاڵا لە ریکلامەکانی هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە | 89 ـ 90 |
| 21. | شێوازی بڵاوکردنەوەی ریکلامەکان لە لاپەرەکانی هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە | 90 ـ 91 |
| 22. | ئەو لاپەرانەی ریکلامیان تیادا بڵاوکراوەتەوە لە هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە | 91 ـ 92 |
| 23. | شوێنی ریکلامەکان لە لاپەرەکانی هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە | 92 ـ 93 |
| 24. | شێوازە هونەرییەکانی خستنەڕووی ریکلامەکان لە هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە | 94 |
| 25. | قەبارەی ریکلامەکان بە سانتیمتر لە هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە | 94 ـ 95 |

# پێشەكی

ریكلام وەك پرۆسەیەكی پەیوەندیكردنو شێوازێكی گەیاندنی زانیاری بە وەرگر، بە چەند قۆناغێكی جیاوازیی گەشەكردنو پێشكەوتندا تێپەڕیوە، هەتا گەیشتووە بەم ئاستەی ئێستا لە رووی داهێنانی هونەرییو دەرهێنانو جیاوازیی لە شێوەو ئامانجو جێبەجێكردنو كاریگەرییو ئەنجامی بەبازاڕكردن.

گەشەكردنی ریكلام بووە هۆی گۆڕینی رۆشنبیری مرۆڤ و شارستانیەتی مرۆڤایەتیو زیادكردنی قەبارەی بەرهەمو زیادكردنی كێبڕكێ لەنێوان ریكلامكاران، هەموو ئەمانەش بوونە هۆی فراوانكردنی فرۆشتنو بەكاربردنی ئەو شمەكو كاڵاو خزمەتگوزاریانەی لەلا یەن ریكلامكارانەوە دەخرێنەڕوو . لە دەرئەنجامی شۆڕشی پیشەسازیو دروستبوونی بازاڕە گەورەكان، پێویستی بە ریكلام زیادی كرد بۆ زانیاریدانو ئاگاداركردنەوەی ژمارەیەكی زۆری بەكاربەر سەبارەت بە بەرهەمو خزمەتگوزاریە جۆراو جۆرەكان . هەر بۆیە كۆمپانیاكان زیاتر گرنگی‌ان بە ریكلامدا، ئەمەش بووە هۆكارێكی گرنگی پێشكەوتنی ئامرازەكانی ریكلامو راگەیاندن، هەروەها هۆكارێك بۆ دامەزراندنی چەندەها ئامرازی راگەیاندن، كە لە رێگای ریكلامەوە داهاتێكی زۆریان دەستدەكەوێت، بۆیە پێویستی بەوەكرد گرنگی زیاتر بە ریكلام بدەن لە رووی تەكنیكو بەرهەمهێنانیەوە بەمەبەستی راكێشانی سەرنجی جەماوەرو ریكلامكارو زیادكردنی فرۆشی كاڵاو خزمەتگوزاریەكانو بڵاوكردنەوەی نەریتی بەكاربردنو باشكردنی شێوازی ژیانی جەماوەر.

ریكلام تەنها كاری ناساندنی كاڵاكان نیە بە جەماوەر، بەڵكو لە گرنگترین ئامانجە كانی ریكلام دۆزینەوەی پێداویستی تازەو ئارەزووی تازەیە بۆ كڕینو بەكاربردنی كاڵاكان، رەنگە بەكاربەران هەندێك شت بەكاربەرن، كە پێویستیان پێی نەبێت بەڵام كاریگەریی ریكلام وادەكات ئەو جۆرە كاڵایانە بكڕن . بەهۆی ریكلامەوە دەتوانرێت حەزو ئارەزووی جەماوەر دەركەوێتو بكرێتە پێوانەیەك بۆ سەركەوتن یان شكستی كاڵاكە لای بەكاربەرو بازاڕ، ریكلام تەنها بڕگەیەك نیەو كۆتایی بێت، بەڵكو بە چالاكیەكی ئابووریی دادەنرێتو لایەنی دەروونی تاكەكان بونیاد دەنێت بە پشتبەستن بە دروستكردنی كاریگەریی كەڵەكەبوو لەسەر بەكاربەر، هەربۆیە پێویستی بە پلانێكی وردو نەخشەسازییەكی كاریگەر هەیە بۆ بەدیهێنانی ئامانجەكانی وە بەشێكی گرنگی پرۆسەی بەبازاڕكردنە، هەڵبژاردنی ئامرازیش پشت بە جۆری بەرهەمەكەو ئەو جەماوەرە دەبەستێت، كە پەیامەكەی ئاڕاستە دەكرێتو ئەو ئامرازانە هەڵدەبژێ ردرێت، كە دەگاتە جەماوەری مەبەستدارو پەیامەكە بە روونیو خێرایی دەگەیەنێت، لە نەخشەسازیی ریكلامدا هەر ئامرازێك بەپێی تواناو تایبەتمەندی خۆیو بەرهەمەكە كرداری نەخشەسازیی ئەنجام دەدات.

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە باس لە هونەری نەخشەسازیی بكرێت لە بەرهەمهێنانی ریكلامی رۆژنامەوانی، گۆڤاری (لڤین)و رۆژنامەی (ئاوێنە) بە نموونە وەرگیراوە.

توێژینەوەكە دابەش بووە بۆ چوار بەش، بەشی یەكەم "چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەكە " لە چەند تەوەرێك پێكهاتووە، كە بریتیە لە (كێشەی توێژینەوەكە، ئامانجی توێژینەوەكە، گرنگی توێژینەوەكە، كۆمەڵگاو سامپڵی توێژینەوەكە، سنوری توێژینەوەكە، ئامرازو رێگا زانستیەكانی گیراونەتەبەر بۆ كۆكردنەوەی زانیاریەكانو شیكردنەوەیان، میتۆدی توێژینەوەكە، پێناسەی چەمكەكانو لە كۆتایی بەشەكەدا توێژینەوەكانی پێشوو ) خراوەتەڕوو لەگەڵ بلسكردنی ئەو سوودانەی بۆ ئەم توێژینەوەیە هەیان بووە.

**بەشی دووەم بە ناونیشانی "ریکلامو گرنگی ریکلامی رۆژنامەنووسیی " لە دوو باس پێکهاتووە، لە باسی یەکەمدا (ریکلام، چەمكو پێناسەی ریکلام، جۆرەکانی، ئامانجەکانی، ئەرکەکانی ریکلام ) خراوەتەڕوو، هەروەها (ئەو هۆکارەکانی کاریگەریی لەسەر چالاکی ریکلامە، بنەماکانی بلاوکردنەوەی ریکلام، بنەماکانی هەڵبژاردنو خشتەی بەکارهێنانی ئامرازەکانی ریکلامکردن) باسکراوە.**

**باسی دووەم بە ناونیشانی "گرنگی ریکلامی رۆژنامەنووسیی" بە هەمانشێوە ئەم باسەش چەند تەوەرێکی لە خۆگرتووە (لایەنە ئەرێنیو نەرێنیەکانی رۆژنامە وەك ئامرازێکی ریکلامی، جۆرەکانی ریکلامی رۆژنامە، لایەنە ئەرێنیو نەرێنیەکانی گۆڤار وەك ئامرازێکی ریکلامی، جۆرەکانی ریکلامی گۆڤار، گرنگی ریکلامی رۆژنامەنووسیی).**

**بەشی سێیەم بە ناونیشانی "هەنگاوەکانی نەخشەسازیی ریکلام" ئەم بەشە لە دوو باس پێکهاتووە . باسی یەکەم بە ناونیشانی "نەخشەسازیی ریکلام" لە چەند تەوەرێك پێکهاتووە (پێناسەی نەخشەسازیی ریکلام، گرنگیو بنەماکانی نەخشەسازیی، قۆناغەکانی نەخشەسازیی ریکلام).**

**باسی دووەم بریتییە لە "هەنگاوەکانی نەخشەسازیی"، لەم باسەدا (بنەما دەروونیەکانی نەخشەسازیی ریکلام، رەگەزە پێکهاتووەکانی نەخشەسازیی ریکلام، شێوەکانی نەخشەسازیی ریکلام، هونەرو تەکنیکی راکێشانی سەرنجی خوێنەر بۆ بابەتە ریکلامیەکان، پرۆسەی راستکردنەوە لە ریکلامدا) خراوەتەڕوو.**

**بەشی چوارەم بە ناوی "هونەری نەخشەسازیی لە بەرهەمهێنانی ریکلامی رۆژنامەوانی" بە هەمانشێوەی بەشەکانی تر ئەم بەشەش لە دوو باس پێکهاتووە باسی یەکەم (هەنگاوەکانی شیکاری رواڵەتی )، باسی دووەم (لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە)، کە گۆڤاری (ڤین)و رۆژنامەی (ئاوێنە) وەك دوو بلاوکراوەی ئەهلی بە نموونە وەرگیراون.**

## بەشی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکە

- کێشەی توێژینەوەکە
- ئامانجی توێژینەوەکە
- گرنگی توێژینەوەکە
- کۆمەڵگاو سامپڵی توێژینەوەکە
- سنوری توێژینەوەکە
- ئامڕازەکانی توێژینەوەکە
- میتۆدی توێژینەوەکە
- پێناسەی چەمکەکانی توێژینەوەکە
- توێژینەوەکانی پێشوو

### یەکەم: کێشەی توێژینەوەکە:

کێشەی توێژینەوە واتا هەستکردن بە بوونی گرفتێك یان هەستکردن بە کەموکوڕییە ك سەبارەت بە بابەتێك یان روداوێك، کە پێویستی بە گەڕان و پشکنین هەیە بەمەبەستی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ ئەو کێشەیە . لەو روانگەیەوە کێشەی ئەم توێژینەوە بریتیە لە دەرخستنی ئەو شێوازو رەگەزە هونەرییانەی لە بەرهەمهێنانی ریکلامی رۆژنامەوانیدا بەکاردەهێنرێت ، ئەم توێژینەوەیە لەو پرسیارەوە سەرچاوە دەگرێت، کە (کامانەن ئەو رەگەزە هونەرییانەی لە بەرهەمهێنانی ریکلامەکانی گۆڤاری (ڤین)و رۆژنامەی (ئاوێنە) دا بەکارهێنراون)؟ کە توێژەر لە هەوڵی بەدەست هێنانی وەڵامە بۆیان، کە دواتر ئەو پرسیارە چەندین پرسیاری تری لێ بۆتەوە بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

1 - ئەو رەگەزە هونەرییانە کامانەن، کە زۆرترین بەکارهێنانیان پێکراوە لە (گۆڤاری ڤین و رۆژنامەی ئاوێنە) دا؟
2 - تا چەند هاوسەنگی راگیر اوە لەنێوان رەگەزە هونەرییەکانی نەخشەسازیی ریکلام لە (گۆڤاری ڤین و رۆژنامەی ئاوێنە) دا؟
3 - ئاستی گرنگیدان بە رەگەزە هونەرییەکانی نەخشەسازیی لە چ ئاستێکدایە لە (گۆڤاری ڤین و رۆژنامەی ئاوێنە) دا؟
4 - کامانەن ئەو شێوازە نەخشەسازییە باوانەی لە ریکلامەکانی (گۆڤاری ڤین و رۆژنامەی ئاوێنە) دا بەکاردەهێنرێن؟
5 - ئایا جیاوازیی و لەیەکچوون لە بەکارهێنانی رەگەزە هونەرییەکان لەنێوان (گۆڤاری ڤین و رۆژنامەی ئاوێنە ) دا هەیە؟

### دووەم: ئامانجی توێژینەوەکە:

لە چوارچێوەی ئەم توێژینەوەیەدا توێژەر لە هەوڵی بەدیهێنانی چەند ئامانجێکدایە لەوانەش:

6 - زانینی جۆری ئەو رەگەزە هونەرییانەی، کە زۆرترین بەکارهێنانیان پێکراوە لە (گۆڤاری ڤین و رۆژنامەی ئاوێنە ) دا.
7 - زانینی ئاستی هاوسەنگی راگرتن لەنێوان رەگەزە هونەرییەکانی نەخشەسازیی ریکلام لە (گۆڤاری ڤین و رۆژنامەی ئاوێنە) دا.
8 - زانینی ئاستی گرنگیدان بە رەگەزە هونەرییەکانی نەخشەسازیی لە (گۆڤاری ڤین و رۆژنامەی ئاوێنە)دا.
9 - زانینی ئەو شێوازە نەخشەسازییە باوانەی لە ریکلامەکانی (گۆڤاری ڤین و رۆژنامەی ئاوێنە) بەکاردەهێنرێت.
10 زانینی جیاوازیی و لەیەکچوون لە بەکارهێنانی رەگەزە هونەرییەکان لەنیۆان (گۆڤاری ڤین و رۆژنامەی ئاوێنە) دا.

### سێیەم: گرنگی توێژینەوەکە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە پەیوەندی بە گرنگی رەگەزە هونەرییەکانی نەخشەسازییەوە هەیە لە بەرهەمهێنانی ریکلامێکی سەرکەوتوو لە بواری رۆژنامەوانیدا.

**لە رووی زانستیەوە:** بابەتێکی تازەیە بەپێی زانیارییەکانی توێژەر تاکو ئێستا وەك پێویست کار لەسەر ئەم لایەنە نەکراوە لە شێوەی توێژینەوەی زانستیدا هەروەها ئەم توێژینەوەیە سودی بۆ کتێبخانەی کوردی دەبێت.

**لە رووی پراکتیکیەوە** : دەتوانرێت ئەم توێژینەوەیە لە داهاتوودا ببێت بە سەرچاوەیەکی بەسوود لە بواری بەرهەمهێنانی ریکلامداو بڵاوکراوەکان‌و کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنانی ریکلام سودی لێوەربگرن.

## چوارەم: کۆمەڵ‌و سامپڵی توێژینەوەکە:

مەبەست لە کۆمەڵی توێژینەوەکە، ئەو یەکەیەی لە بەردەستدایەو دەکرێت توێژینەوەکەی لەسەر ئەنجام بدرێت، کە لە رێگایەوە ئامانجی توێژینەوەکە بە دەست دەهێنرێت، بە نموونەی توێژینەوەکە گۆڤاری (لڤین)، کە "گۆڤارێکی سیاسی رەخنەیی گشتیە"و لە مانگێکدا سێ ژمارەی لێ دەردەچێت[*]، رۆژنامەی (ئاوێنە) "رۆژنامەیەکی سیاسی گشتیە" هەموو سێشەممەیەك دەردەچێت وەك دوو بڵاوکراوەی ئەهلی وەرگیراون، بەشێوەی سامپڵی مەبەستدار سەرجەم ژمارەکانی ساڵی (2015) وەرگیراون، هۆکاری هەڵبژاردنیشیان دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هەردوو بڵاوکراوەکە ئەهلین‌و بەشێوەیەکی گشتی بۆ بەدەستهێنانی داهاتیان پشت بە بڵاوکردنەوەی ریکلام دەبەستن.

## پێنجەم: سنوری توێژینەوەکە:

أ. بواری شوێن: هەرێمی کوردستان ــ پارێزگای سلێمانی، کە بنکەی سەرەکی هەردوو دەزگا رۆژنامەوانیەکەی گۆڤاری (لڤین) و رۆژنامەی (ئاوێنە) ی لێیە، کە دوو بڵاوکراوەی ئەهلین.

ب. بواری بابەت : لەم توێژینەوەیەدا هەردوو جۆری ریکلامی بازرگانی‌و ناباز رگانی وەرگیراوە، بەمەبەستی زانینی رێژەی سەرجەم ئەو ریکلامانەی لەو دوو چاپکراوەدا بەشێوەیەکی گشتی بڵاوکراوەتەوە، پاشان توێژەر بەشێوەیەکی ورد کاریکردوە لەسەر ئەو ریکلامانەی هونەری نەخشەسازیی تیادا بەکارهێنراوە چونکە پەیوەندی راستەوخۆی بە بابەتی توێژینەوەکەوە هەیە، ئەمەش زیاتر خۆی لە ریکلامە بازرگانیەکاندا بینیوەتەوە لەبەرئەوەی بەدەستهێنانی قازانج لە پشت بڵاوکردنەوەی ئەو ریکلامانەوە هەیە، زیاتر لە ریکلامە بازرگانیەکاندا گرنگی بە بەکارهێنانی رەگەزە هونەرییەکانی نەخشەسازیی دراوە ، هەندێك لە ریکلامە ناباز رگانیەکانیش رەگەزی هونەرییان تیادا بەکارهێنراوە هەربۆیە توێژەر کاری لەسەر ئەو جۆرە ریکلامانەش کردوە، واتا توێژەر هەموو ئەو ریکلامانەی وەرگرتووە، کە هونەری نەخشەسازیی تیادا بەکارهێنراوە بە هەردوو جۆری بازرگانی‌و نابازرگانی، ئەو ریکلامانەی تەنها نووسراون‌و رەگەزی هونەرییان تیادا بەکارنەهێنراوە تەنها بە ژمارە خراونەتەڕوو.

ت. بواری کات : ماوەی دیاریکراو بۆ شیکارکردنی رواڵەتی ریکلامەکانی هەردوو بڵاوکراوەکە، توێژەر سەرجەم ژمارەکانی ساڵێکی وەرگرتووە لە 2015/1/1 بۆ 2015/12/31 بەمەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەکە لە ماوەی ئەو ساڵەی وەرگیراوە گۆڤاری (لڤین) (30) ژمارەی لێدەرچووە، رۆژنامەی (ئاوێنە) (50) ژمارەی لێدەرچووە.

## شەشەم: ئامڕازەکانی توێژینەوەکە:

1. فۆڕمی شیکاری : لە رێگای ئامادەکردنی فۆرمێکی تایبەت بەمەبەستی ئەنجامدانی شیکاری رواڵەتی ریکلامە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری (لڤین) و رۆژنامەی (ئاوێنە).
2. چاوپێکەوتن: ئەنجامدانی چاوپێکەوتن لەگەڵ بەڕێوبەری رێگەپێدراوی کۆمپانیای ئاوێنەو جێگری سەرنووسەری گۆڤاری لڤین بەمەبەستی وەرگرتنی زانیاری لەسەر هەردوو بڵاوکراوەکە.

---

[*]. لە ساڵی (2015) کاتی وەرگرتنی سامپڵی توێژینەوەکە گۆڤاری لڤین لە مانگێکدا (سێ) ژمارەی لێدەرچووە، بەڵام لە ساڵی (2016) وە بەهۆی خراپی بارودۆخی ئابوری هەرێمی کوردستان لە مانگێکدا (دوو) ژمارەی لێدەردەچێت.

### حەوتەم: میتۆدی توێژینەوەکە:

میتۆدی توێژینەوە ڕێگایەکە بۆ گەیشتن بە ئەنجامێکی زانستی بە پشت بەستن بە کۆمەڵێك ڕێسای گشتی بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە. ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە توێژینەوەیەکی وەسفی بە بەکارهێنانی شێوازی شیکاری ڕواڵەتی بۆ توێژینەوە لە هونەری نەخشەسازیی لە بەرهەمهێنانی ریکلامی ڕۆژنامەوانی. ئەمەش بە میتۆدێکی گونجاو بۆ هەڵسەنگاندن‌و دەرهێنانی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە دادەنرێت، هەروەها میتۆدێکی گونجاوە بۆ ئەو ئامانجانەی هەوڵی بەدیهێنانی دەدرێت لەم توێژینەوەیەدا.

### هەشتەم: پێناسەی چەمکەکانی توێژینەوەکە:

ـ نەخشەسازیی ریکلام: بریتیە لە کرداری ڕێکخستن‌و گونجاندنی ڕەگەزەکانی ریکلام‌و پیشاندانی ئەو هەوڵە شاراوانەی لە پشت ئەو ڕێکخستنەوەن، بۆ بەرهەمهێنانی ریکلامێکی سەرنجڕاکێش.

ـ بەرهەمهێنان: بریتیە لە کۆمەڵێك هەنگاوی پلان بۆ دارێژراو جێبەجێکاری جیاواز بەمەبەستی گۆڕینی بیرۆکە بۆ بابەتێك، واتا گۆڕینی بیرۆکەیەك بۆ بەرهەمی کۆتایی.

ـ ریکلام : بریتیە لە بڵاوکردنەوەی زانیاری لەسەر کاڵاو خزمەتگوزاریەکان لە ڕێگای بەکارهێنانی ئامڕازێکی پەیوەندیکردنی جەماوەری، بەرامبەر بە بڕێك پارە.

ـ ڕۆژنامەوانی: پیشەیەکی ڕێکخراوە بۆ بەرژەوەندی گشتی کاردەکات، ڕۆڵێکی گرنگ لە نێو کایە سیاسی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابوورییەکان دەگێڕێت‌و بۆتە لایەنێکی گرنگ لە کۆمەڵگادا، ئەمەش وا دەکات ئامڕازە جیاجیاکانی ڕۆژنامەوانیی بە (نوسراو، بیستراو، بینراو) ببنە هۆکارێکی گەیاندنی زانیاری بە هاوڵاتیان

### نۆیەم: توێژینەوەکانی پێشوو:

لە ئەنجامی گەڕان بە دوای ئەو توێژینەوانەی پێشتر ئەنجامدراون لەسەر ریکلام، توێژەر ژمارەیەك توێژینەوەی پێشووی دەستکەوتووە، کە پەیوەندیان بە بابەتی توێژینەوەکەوە هەیە، بەمەبەستی سوود وەرگرتن لێیان بۆ توێژینەوەکەی ئێستا، کە لێرەدا باسیان لێوە دەکەین:

### توێژینەوەکانی کوردستان:

**1 -أمید محمد حسین (2015): تحلیل إقتصادي لأثر الإعلان التجاري في سلوك المستهلك ـ مدینة السلیمانیة حالة دراسة[1].**

ئەم توێژینەوەیە باس لە ڕۆڵی ریکلامی بازرگانی لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر دەکات‌و کاریگەریی لەسەر لایەنی دەروونی‌و کۆمەڵایەتی‌و ئابووریی تاکەکەس، لەم توێژینەوەیەدا لە ڕووی تیۆریەوە باس لە کاریگەریی ریکلامی بازرگانی کراوە لەسەر ڕەفتاری بەکاربەر، لە ڕووی پراکتیکیشەوە دانیشتوانی شاری سلێمانی وەرگیراوە بۆ زانینی کاریگەریی ریکلامە بازرگانیەکان لەسەر ڕەفتاری بەکاربەران.

### ئامانجی توێژینەوەکە:

---

[1]. أمید محمد حسین، تحلیل إقتصادي لأثر الإعلان التجاري في سلوك المستهلك ــ مدینة السلیمانیة حالة دراسة، رسالة ماجستیر غیر منشورة ، (جامعة السلیمانیة: کلیة الآدارة والإقتصاد، 2015)

1. دەرخستنی رۆڵی ریکلامی بازرگانیو کاریگەریی لەسەر رەفتاری بەکاربەر.
2. توێژینەوەی مەیدانی لە شێوازە سەرەکیەکانی رەفتاری بەکاربەر لە شاری سلێمانی، بەستنەوەی بەو کاریگەرییانەی ریکلامی بازرگانی لەسەر رەفتاری بەکاربەر هەیەتی.
3. تیشکخستنە سەر ریکلام لە رێگای توێژینەوە لە لایەنە جیاوازەکانیو پیشاندانی گرنگیەکەی، وەك رەگەزێکی چالاکی ئابووریی.

**توێژەر گەیشتووە بە چەند دەرئەنجامێك، لەوانە**

أ. ریکلامی بازرگانی شێوازێکە لە کاروباری ئابووریی، ئەو کەسەی پێی هەڵدەستێت ئامانجی فرۆشتنی زیاتری ئەو کاڵاو خزمەتگوزاریانەیە، کە بەرهەمی دەهێنێت لە رێگای ئامرازەکانی راگەیاندنەوە بینراو بیستراو چاپکراو.

ب. ریکلام کۆمەڵێك ئەرکی هەیە، لەوانە زانیاریدان لەسەر کاڵاکەو گۆڕینی ئارەزووی بەکاربەرو راکێشانی کڕیاری زیاتر.

ت. رەفتاری بەکاربردن زۆرجار لە سروشتی کەسی تاکی بەکاربەر خۆیەتی، کە دروست بووە لە ئەنجامی کۆمەڵێك هۆکاری دەروونیو کۆمەڵایەتیو پەروەردە ییو فسیۆلۆجیو بایەلۆجی، دەتوانرێت لەو رێگایاوە کاریگەریی بکرێتە سەر بەکاربەر.

پ. نەریتی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگا جیاوازەکاندا کاریگەریی لەسەر رەفتاری کڕین هەیە، کە رەنگە لە کۆمەڵگایەکی تردا بەو جۆرە نەبێت، هەروەها پێگەی کۆمەڵایەتیش کاریگەریی لەسەر رەفتار ی کڕین هەیە، لە توێژینەوەکەدا دەرکەوتووە رەفتاری بەکاربردن فراوانترە لەوەی لە رەفتاری کڕیندا کۆبکرێتەوە، کرداری کڕین پەیوەندی بە داهاتی تاکەوە هەیە دەتوانێت رەفتاری کڕینی بگۆڕێت هەر کاتێك داهاتی زیادیکرد.

ج. سەرەڕای توانای بەکارهێنانی ریکلام بەشێ وەیەکی خراپ لە هەندێك کاتدا، بەڵام لەکاتی ئاساییو بەکارهێنانی بەشێوەیەکی باش دەتوانرێت سوود بگەیەنێت بە بەرهەمهێنو بەکاربەر.

**2 –فەرهاد تۆفیق حەسەن(2015)؛ زمان لە ریکلامی کوردیدا[2].**

ئەم توێژینەوەیە تێزێکی دکتۆرایە لەسەر بەکارهێنانی زمان لە ریکلامدا ئەنجامدراوە، تەنها ریکلامی بازرگانی وەرگیراوە لە شاری سلێمانی.

**ئامانجی توێژینەوەکە**

1. وەلانانی پسپۆڕیی زمانە، لە دونیای بازرگانیداو بە تایبەت لە بواری ریکلامدا.
2. ریکلامکار وەك سەلیقە نەك وەك شارەزاو پسپۆڕ کەرەستە زمانییەکانی ریکلام ریکدەخات.
3. زمان رۆڵی سەرەکی لە ناو ریکلامداو لە بواری بازرگانیو چۆنێتیو چەندێتی کاریگەریی لەسەر وەرگر هەیە.
4. دەرخستنی بەهای زمان لە گەیاندنی ریکلامدا، بە پشتبەستن بە واتای پرۆتۆتایپی کەرەستە زمانییەکان.

**توێژەر گەیشتووە بە چەند دەرئەنجامێك، لەوانە**

[2]. فەرهاد تۆفیق حەسەن، زمان لە ریکلامی کوردیدا، تێزی دکتۆرای بلاوونەکراوە، (زانکۆی سلێمانی: فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتیەکان، سکوڵی زمان، 2015)

1. بەپێی تیۆری پرۆتۆتایپ کەرەستە زمانییەکانی ریکلام وەك داتای توێژینەوەکە، لە کەتیگۆرییە بەرج ەستەیی‌و نابەرجەستەییەکان پێکدێت، ریکلامکاران بە رێژەیەکی بەرفراوان پشتیان بە کەرەستە بەرجەستەییەکان بەستووە، کە زۆرینەی ئەندامی کەتیگۆرییەکە پێکدەهێنن بەم پێیە وا گریمانە دەکرێت لە دیدی ریکلامکارانەوە کڕیاران زیاتر پەیوەست بن بە کوالێتی پێکهاتەکان‌و جۆری کەرەستەکان‌و روکەشەکانەوە وەك لەو هۆکارانەی پەیوەستن بەلایەنە دەروونی‌و رۆحییەکانەوە.
2. بەپێی فۆرمی راپرسییەکە لە دیدی خوازیاران یان کڕیارانەوە، پرۆتۆتایپی یەکەی نیشتەج ێبون بەپێی هەردو و چەمکی باشترین‌و گونجاوترین یەکەی نیشتەجێبون لەناو جۆرەکانی یەکەی نیشتەجێبوندا، خانووە، لە ریکلامی برنجیشدا، برنجی کوردییە.

3- **سلام نصرالدين محمد (2008): اتجاهات الجمهور الكوردي ازاء الاعلانات التجارية في القنوات التلفزيونية الكوردية**[3].

ئەم توێژینەوەیە دەربارەی ریکلامی بازرگانیە لە تەلەفزیونە کوردیەکانداو زانینی بۆچوونی جەماوەرە لەسەر ئەو ریکلامانەی لە تەلەفزیونەکاندا بڵاودەکرێنەوە، هەروەها زانینی رادەی رەزامەندی جەماوەر لەسەر ئەو ریکلامانەو گونجاندنی لەگەڵ دابونەریتی کۆمەڵگا.

لەم توێژینەوەیەدا دانیشتوانی شاری سلێمانی وەرگیراوە لە هەردوو رەگەز بە جیاوازیی تەمەن‌و ئاستی خوێندن لە رێگای سامپڵی هەرەمەکی ئاسایی بۆ ئەوەی هەلبڕەخسێت بەشێوەیەکی یەکسان بۆ هەموو دانیشتوان، توێژەر (10) گەڕەکی لە شاری سلێمانی وەرگرتووە بە سامپڵ‌و لە ه ەر گەڕەکێك (50) فۆرم دابەشکراوە، لە ئەنجامدا (400) فۆڕم بەبێ کەموکوڕی کاری لەسەرکراوە.

**ئامانجی توێژینەوەکە**

1. بنیادنانی پێوانەی ئاڕاستەی جەماوەری کوردی بەرامبەر ریکلامی بازرگانی لە ئامرازە تەلەفزیونیە کوردیەکان.
2. ناسینی ئاڕاستەی جەماوەری کوردی بەرامبەر ریکلامی بازرگانی لە ئامرازە تەلەفزیونیە کوردیەکان.
3. ناسینی جیاوازیی ئاڕاستەی جەماوەری کوردی بەرامبەر ریکلامی بازرگانی لە ئامرازە تەلەفزیونیە کوردیەکان بەپێی گۆڕاوەکان (رەگەز، ئاستی خوێندن، ئاستی بژێوی).
4. زانینی ئاستی گرنگیدانی ئامرازە تەلەفزیونیە کوردیەکان بە ریکلامی بازرگانی.
5. زانینی خوی سەیرکردنی جەماوەری کوردی بۆ ئامرازە تەلەفزیونیە کوردیەکان.

**توێژەر گەیشتووە بە چەند دەرئەنجامێك، لەوانە**

[3]. سلام نصرالدين محمد، اتجاهات الجمهور الكوردي ازاء الاعلانات التجارية في القنوات التلفزيونية الكوردية، رسالة ماجستير غير منشورة ، (جامعة السليمانية، كلية العلوم الإنسانية، قسم الإعلام، 2008)

أ. بەشێکی زۆر لە ئامرازە تەلەفزیونیەکان بەشی ریکلام لە پێکهاتەی رێکخستنی دەزگاکەیدا لە خۆناگرێت، ئ ەمەش ئەوە دەگەیەنێت ئەو کەناڵانە گرنگی بەو جۆرە پەیوەندیە نادەن، کە دەتوانن وەك سەرچاوەیەکی داهات سوودی لێوەربگرن.

ب. لە دەرئەنجامدا دەرکەوتووە جەماوەری کوردی گرنگیەکی زۆر بە ئامرازە تەلەفزیونیە کوردیەکان دەدەن، بە بۆچوونی توێژەر ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ەی ئامرازە تەلەفزیونیە کوردیەکان ئارەزووی جەماوەر دەدوێنێت، هەروەها بەکارهێنانی زمانی کوردیش رۆڵی هەیە چونکە جەماوەر ئەو ئامرازەی لا پەسەندە، کە زمانی کوردی بەکاردەهێنێت.

ت. ریکلامە بازرگانیەکانی ئامرازە تەلەفزیونیە کوردیەکان بڵاویدەکەنەوە گرنگە بەلای جەماوەرەوە، چونکە زانیاریان دەداتێ لەسەر کاڵاو خزمەتگوزاریەکان، ئەمەش ئاماژەیەکە بە درککردنی جەماوەری کوردی بە گرنگی ریکلام، کە ئامرازێکە بۆ دەستکەوتنی زانیاریو یارمەتیدان ل ە بڕیاردانی کڕین، بەهۆی هێنانی ژمارەیەکی زۆر کاڵاو پێداویستی لە دەرەوە بۆ ناو هەرێم پەنابردن بۆ ریکلام گرنگە بۆ ناسینی کاڵای زیاتر.

پ. ئاڕاستەی جەماوەری کوردی بەرامبەر ریکلامە بازرگانیەکان، کە ئامرازە تەلەفزیونیە کوردیەکان بڵاویدەکەنەوە ئاڕاستەیەکی ئەرێنیە.

## توێژینەوەکانی عێراق:

### 1– بهاءالدين أحمد محمد (2007): تطور الإعلانات في الصحافة الكردية- دراسة مسحية مقارنة صحيفتي (كوردستانى نوى) و (خەبات) أنموذجآ للمدة من 2005/7/1 لغاية 2005/12/31[4].

لەم توێژینەوەیەدا هەردوو رۆژنامەی (کوردستانی نوێ) و (خەبات) وەك سامپڵ وەرگیراون، کە دوو رۆژنامەی حزبی رۆژانەن لە هەرێمی کوردستان دەردەچن، هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو دوو رۆژنامەیە لەلایەن توێژەرەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە گرنگترین رۆژنامەی رۆژانەن لە هەرێ مو زۆرترین دابەشکاری هەیەو بەشێوەیەکی بەرفراوان جۆرەکانی ریکلام بڵاودەکەنەوە.

توێژەر ماوەی شەش مانگی وەرگرتووە بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکەی هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو ماوەیەش دەگەڕێتەوە بۆ بڵاوکردنەوەی جۆرەکانی ریکلام لە هەردوو رۆژنامەکەدا، پەرەسەندنی ری کلامی سیاسی لە رۆژنامەوانی کوردیدا لەو ماوەیەدا بەهۆی ئەنجامدانی پرۆسەی هەڵبژاردن لە عێراقدا لە رۆژی (2005/12/15) دەستیپێکردوە.

#### ئامانجی توێژینەوەکە

أ. سەرهەڵدانی ریکلام لە رۆژنامەوانی کوردیدا.

ب. پەرەسەندنی ریکلام لە رۆژنامەوانی کوردیدا.

ت. جۆرەکانی ریکلام لە رۆژنامەی کوردیدا.

پ. شێوازەکانی بڵاوکردنەوەی ریکلام.

---

[4]. بهاءالدين أحمد محمد، تطور الإعلانات في الصحافة الكردية ـ دراسة مسحية مقارنة صحيفتي (كوردستانى نوى) و (خەبات) أنموذجآ للمدة من 2005/7/1 لغاية 2005/12/31، رسالة ماجستير غير منشورة، (جامعة بغداد: كلية الإعلام، قسم الصحافة، 2007)

ج. تیشکخستنە سەر ریکلام لە ڕێگای توێژینەوە لە لایەنە جیاوازەکانیو خستنەڕووی وەك ڕەگەزێکی گرنگی چالاکی ئابووریيو کۆمەڵایەتيو سیاسی.

ح. وەستان لەسەر دیارترین قۆناغەکانی پەرەسەندنی ریکلام لە ڕۆژنامەوانی کوردیدا لە ماوەی نێوان (2005/7/1) بۆ (2005/12/31)، کە نموونەی توێژینەوەکەیە.

**توێژەر گەیشتووە بە چەند دەرئەنجامێك، لەوانە**

1. ڕێژەی بڵاوکردنەوەی ریکلام لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوی ) لە ماوەی توێژینەوەکە (17.31٪)، ڕێژەی بڵاوکردنەوەی ریکلام لە ڕۆژنامەی (خەبات) لە ماوەی توێژینەوەکە (10.06٪) ڕووبەری گشتی ڕۆژنامەکەیە.
2. لە دەرئەنجامە شیکاریەکاندا دەرکەوتووە زۆربەی ئەو ریکلامانەی لە ڕۆژنامەکاندا بڵاودەکرێتەوە نەخشەسازییەکەی بە ئامادەکراوی دەگاتە ڕۆژنامەکە بە تایبەتی ریکلامی بازرگانی لەبەرئەوەی زۆربەی نوسینگەی سەرەکی کۆمپانیا بازرگانیەکان لە دەرەوەی هەرێمن، بەشی ریکلامی تایبەت بە کۆمپانیاکان نەخشەسازیی ریکلامەکانی خۆیان دەکەن.
3. ریکلام لە ڕۆژنامەوانی کوردیدا هەتا ئێستا کەم تەرخەمە لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی لە بواری برەوپێدان بە کاڵاو بەرهەمە ناوخۆیەکان.
4. ریکلامی بازرگانی لە ڕۆژنامەی (خەبات) (12.67٪) ڕووبەری گشتی ریکلامەکانە، ڕۆژنامەی (کوردستانی نوی) ڕێژەی (10٪) ڕووبەری گشتی ریکلامەکانە.
5. شێوازی لاکێشەیی یەکێکە لە شێوازەکانی نەخشەسازیی ریکلام لە ڕۆژنامەدا، زۆرترین بەکارهێنانی هەیە لە هەردوو ڕۆژنامەکە (کوردستانی نوی )، (1406) دووبارەبۆتەوە بە ڕێژەی (99.58٪)، ڕۆژنامەی (خەبات)، (1435) دووبارەبۆتەوە بە ڕێژەی (97.1٪).
6. بەکارهێنانی زمانی کوردی لە ڕۆژنامەی (کوردستانی نوی) بە پلەی یەکەم دێت بە ڕێژەی (94.33٪)، بە پلەی دووەم زمانی کوردیو ئینگلیزی بە ڕێژەی (2.87٪)، بە پلەی سێیەم زمانی عەرەبی بە ڕێژەی (0.14٪)، ڕۆژنامەی (خەبات) پلەی یەکەم زمانی کوردی بە ڕێژەی (78.34٪) بە پلەی دووەم زمانی کوردیو ئینگلیزی بە ڕێژەی (20.53٪)، بە پلەی سێیەم زمانی عەرەبی بە ڕێژەی (4.07٪)، زمانی ئینگلیزی بە پلەی کۆتایی دێت بە ڕێژەی (0.87٪).

**2– کريم مشط الموسوي(2007): الحملات الاعلانية في أنتخابات مجلس نواب العراقي الدائم2005 ـ دراسة مقارنة و حصر الشامل لاعلانات صحف(البيان و الاتحاد و المشرق)[5].**

ئەم توێژینەوەیە تێزێکی دکتۆرایە، لەسەر ریکلام بۆ هەڵبژاردنەکانی ساڵی 2005 کراوە، ماوەی 30 ڕۆژ وەرگیراوە وەك ئەو ماوە یاساییەی کۆمسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان دیاریکردوە بۆ بانگەشەکردن لە هەڵمەتی هەڵبژاردنەکاندا، ئەو ماوەیەی وەرگیراوە لە 2005/11/13 دەستی پێکردوە بۆ 2005/12/13.

**ئامانجی توێژینەوەکە**

---

[5]. كريم مشط الموسوي، الح ملات الاعلانية في أنتخابات مجلس نواب العراقي الدائم 2005 ـ دراسة مقارنة و حصر الشامل لاعلانات صحف (البيان و الاتحاد و المشرق) ، اطروحة دكتوراه غير منشورة، (جامعة بغداد: كلية الإعلام، قسم العلاقات العامة، 2007)

أ. شیكاری ناوەڕۆكی هەڵمەتەكانی پڕوپاگەندەو ریكلامی هەڵبژاردنەكان لە رۆژنامەی (البيان والاتحاد والمشرق )و پۆلێنكردنیان بەپێی ئاڕاستەی كاندیدەكان لە هەموو روویەكەوە.

ب. بەراوردكردن لەنێوان ئاڕاستەی كاندیدەكان لە هەموو روویەكەوە رۆژنامەی (البيان والاتحاد والمشرق ) بۆ زانینی لایەنی لە یەكچوو جیاواز لەكاتی پڕوپاگەندەی هەڵبژاردنەكان

ت. دەرخستنی رۆڵی ریكلام لە رومالكردنی هەڵبژاردنەكان.

پ. دەرخستنی شێوازەكانی ریكلامو جۆری ئەو ریكلامە رۆژنامەنووسیانەی، كە رۆژنامەكانی عێراق بەكاریدەهێنێت.

ج. زانینی رادەی پابەندبوونی رۆژنامەكانی عێراق بە ئاكاری هەڵمەتەكانی ریكلام.

**توێژەر گەیشتووە بە چەند دەرئەنجامێك، لەوانە**

أ. نەبوونی پێوەرێك بۆ نەخشەسازیی هەڵمەتەكانی ریكلام لە رۆژنامەی عێراقیدا.

ب. نەبوونی پلانێكی زانستی لە هەرسێ رۆژنامەكەدا بۆ داڕشتنەوەی ریكلامەكان.

ت. رۆژنامەكان پەنایان بردوە بۆ هەندێك شێ واز لە هەڵمەتەكانی ریكلام، وەك ئاسانكردنو دووبارەكردنەوەو دروستكردنی وێناو دروشمی سیاسیو خستنەڕووی راستیو بیانوهێنانەوە.

پ. بەرزبوونەوەی رێژەی بڵاوكردنەوە لە رۆژنامە عێراقیەكان بە جۆرێك گەیشتۆتە پێوەرە جیهانیەكان، ئەمەش بەڵگەیە بۆ گرنگی هەڵمەتەكانی ریكلام لە هەڵبژاردنەكاندا.

**4 - زينب ليث عباس محمد رؤوف (2005): الآساليب الفنية للإعلان في شبكة المعلومات العالمية - دراسة مسحية للأساليب الإعلانية في موقع مكتوب عبر الانترنت[6].**

لەم توێژینەوەیەدا یەك پێگەی ئەلكترۆنی وەرگیراوە بۆ ماوەی سێ مانگ توێژەر بەشێوەی مانگی دەستكرد سامپڵی وەرگرتووە، توێژەر لە رێگای چاوپێكەوتنو فۆرمی شیكاریو تێبینیكردنەوە توێژینەوەكەی ئەنجامداوە.

**ئامانجی توێژینەوەكە**

أ. ناسینی شێوازە هونەرییەكانی ریكلام لە پێگە ئەلكترۆنیەكاندا.

ب. دیاریكردنی ئەو شێوازە هونەرییانەی ریكلام لە پێگە ئەلكترۆنیەكان بەكاردەهێنرێت.

ت. دەستنیشانكردنی جۆرەكانی ریكلام، كە لە پێگەكە بەكاردەهێنرێت.

پ. وەستان لەسەر دیارترین جۆری ئەو خزمەتگوزاریانەی پێگەكە پێشكەشی دەكات.

**توێژەر گەیشتووە بە چەند دەرئەنجامێك، لەوانە**

أ. بەكارهێنانی شێوازی ئاسایی، كە وێنەی وەستاو یان جوڵاو بەكاردەهێنرێت هەندێك جار، ئەم شێوازە زۆرترین بەكارهێنانی هەیە لە پێگە ئەلكترۆنیەكان.

---

[6]. زينب ليث عباس محمد رؤوف، الآساليب الفنية للإعلان في شبكة المعلومات العالمية ـ دراسة مسحية للأساليب الإعلانية في موقع مكتوب عبر الانترنت، رسالة ماجستير غير منشورة، (جامعة بغداد: كلية الإعلام، 2005)

ب. چەند جۆرێك ریكلام پێشكەشكراوە، ریكلامی خۆشیبەخشین زۆرترین بەكارهێنانی هەبووە، جۆرەكانی تری ریكلام بە رێژەی جیاواز بەكارهاتووە، وەك : شێوازی خزمەتگوزاریو ریكلامی رێنماییكردن، ریكلامی راگەیاندن، ریكلامی هەواڵی، ریكلامی فێركاری، ریكلامی ركابەری، ریكلامی بیرهێنانەوە.

ت. توێژەر لە رێگای تێبینیكردنی دابەشكردنی شێوازەكانی ریكلام لە لاپەڕەكانی پێگەكەدا گەیشتۆتە ئەو ئەنجامەی شێوازی (باو، كتوپڕ، ئاسۆیی) زیاتر لە لاپەڕەیەكدا دووبارەبۆتەوە لە ماوەی توێژینەوەكەدا.

پ. دەرئەنجامی شیكاری دەركەوتووە، كە پێگەكە بەردەوامە لە پێشكەشكردنی ریكلامی (كاتبەسەربردن، خزمەتگوزاری، رێنماییكردن، راگەیاندن، هەواڵی، فێركاری، ركابەری، بیرهێنانەوە) بەمەبەستی ناسینی جەماوەر بە ناوەڕۆكی ریكلامەكەو راكێشانی گرنگیان بۆ پێگەكەو پێشكەشكردنی خزمەتگوزاریەكان لەلایەكی ترەوە.

## توێژینەوەكانی دەرەوە:

**1- محمد شحات (2010_2011): العلاقة بين التمويل الإشهار والأداء الصحفي في الصحف اليومية الجزائرية ـ دراسة تحليلية استطلاعية على عينة من الصحف اليومية الوطنية:(الخبر، الشروق، El Watan) [7].**

ئەم توێژینەوەیە لەسەر ریكلامی رۆژنامەنووسیی ئەنجامدراوە لە وڵاتی جەزائیر، چەند رۆژنامەیەكی رۆژانە وەرگیراوە بەمەبەست لەوانە (الخبر، الشروق، El Watan).

**ئامانجی توێژینەوەكە:**

أ. زانینی ئەو وتارو بابەتانەی زیاتر بڵاوكراونەتەوە بەهۆی ریكلامكارانەوە لە (لاپەڕەی ئابووریی، سیاسی، كۆمەڵایەتی، وەرزشی..).

ب. بە وردی دیاریكردنی رۆڵی ریكلام لە پاڵپشتیكردنو بەردەوام بوونی پرۆسەی بەرهەمهێنانی هەواڵو ناوەڕۆكی راگەیاندن.

ت. دڵنیابوون لە رۆڵی ریكلام لە پاڵپشیكردنی دارایی بۆ دامەزراوەكانو بەردەوامبوون بۆ مانەوەیان.

پ. دیاریكردنی شێوەی پەیوەندی لەنێوان ریكلامی رۆژنامەنووسییو كاری رۆژنامەنووسییو پلەی كاریگەریی سەرچاوەی دارایی ریكلامو شێوەی ریكلام لەسەر كارە رۆژنامەنووسیەكان.

**توێژەر گەیشتووە بە چەند دەرئەنجامێك، لەوانە:**

أ. بەرپرسانی رۆژنامەكان گرنگیەكی زۆر دەدەن بەو هەواڵانەی تایبەتە بە ریكلامكارانو برەوپێدان بە كاڵاو بەرهەمو خزمەتگوزاریەكانیان تەنانەت كۆمپانیاكانیشیان بۆ مسۆگەركردنی پەیوەندی نێوانیان.

ب. سڕینەوەو دواخستنی بابەتی هەندێك رۆژنامەنووس یان بچووكردنەوەی قەبارەی بەهۆی شوێنی ریكلامەوە، ئەمەش ئەوا دەردەخات، كە دەزگا رۆژنامەنووسیەكان گرنگیەكی زۆر بە ریكلام دەدەن، هەروەها كاریگەریی دەكاتە سەر كرداری نەخشەسازیی.

ت. ریكلام بە سەرچاوەیەكی گرنگی دارایی ئەو رۆژنامانە دادەنرێتو كاریگەریی لەسەر بەردەوام بونیان هەیە.

---

7. محمد شحات، العلاقة بين التمويل الإشهارى و الأداء الصحفي في الصحف اليومية الجزائرية ـ دراسة تحليلية استطلاعية على عينة من الصحف اليومية الوطنية، (الخبر، الشروق، El Watan)، رسالة ماجستير غير منشورة، (جامعة الجزائر: كلية العلوم السياسية والإعلام، قسم علوم الإعلام والأتصال، 2010_2011)

پ. بۆچوونێکی گشتی هەیە لەسەر ئەوەی بوونی ریکلامکاری جۆراوجۆر لە رۆژنامەدا پاڵپشتی ئازادی رادەربڕین دەکات، جۆراو جۆری ریکلامکار بە مانای سەرچاوەی دارایی جۆراو جۆر دێت، ئەمەش باشترە لەوەی تەنها پشت ببەسترێت بە یەك سەرچاوەی دارایی.

**2 - هميسي نورالدين (2006): أنماط الإعلان في الصحافة الجزائرية المكتوبة ـ دراسة وصفية تحليلة لصحيفة "الخبر"[8].**

توێژینەوەیەکی شیکارییە رۆژنامەی "الخبر" وەرگیراوە وەك سامپڵی توێژینەوەکە هۆکاری هەڵبژاردنیشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە رۆژنامەیەکی تایبەتەو گرنگی بە بڵاوکردنەوەی ریکلام دەداتو زۆرترین خوێنەری هەیە.

**ئامانجی توێژینەوەکە**

أ. تا چەند وەك ئامڕازێکی پەیوەندیکردنو هاندانی بازرگانی پشت بە ریکلام دەبەسترێت.

ب. تێگەیشتن لە رۆڵی ریکلام لە بواری بەبازاڕکردنو پەیوەندیکردن.

ت. پەرەسەندنی بواری پیشەسازی ریکلام لە رووی زانستو هونەرییەوە وایکردوە پرۆسەی بنیادنانی نامە ریکلامیەکان کارێکی ئاسان نەبێت، رووبەڕووی کۆمەڵێك یاساو بنەمای زانستیو هونەری جیاواز ببێتەوە، هەربۆیە ئامانجی ئەم توێژینەوەیە زانینی رادەی رێزگرتنی ریکلامکارانە لەو یاساو بنەمایانە.

**توێژەر گەیشتووە بە چەند دەرئەنجامێك، لەوانە**

أ. بەشێوەیەکی بەهێز لە رۆژنامەی "الخبر" دا ریکلام بڵاوکراوەتەوە ئەوەش لە رێگای راگرتنی هاوسەنگی لەنێوان رووبەرو ژمارەی ریکلامە بڵاوکراوەکان.

ب. پەرەسەندنی ریکلامی بازرگانی لە رۆژنامەی چاپکراودا لە جەزائیر بەراورد بە ریکلامی نابازرگانی دەکرێت ئەمەش ئاماژە بێت بۆ قۆناغێکی نوێ، کە وڵات تیایدا دەژی لە بوارە جیاوازەکانی سیاسی، ئابووریی، کۆمەڵایەتی، راگەیاندن، چونکە ریکلامی بازرگانی بەهێزترین پردی پەیوەندییە لەنێوان بەرژەوەندی بەرهەمهێنەران، بەکاربەران، دەزگا رۆژنامەوانیە تایبەتەکان، رژێمی سیاسی.. هەموو ئەمانە لە ژێر چەتری ئابووریی بازاڕدا.

ت. بەکارهێنانی وێنە وەك هێزێکی بڕواپێهێنان لە ریکلامە رۆژنامەنووسیەکانی جەزائیرداو تەرخانکردنی رووبەرێکی فراوان بۆ وێنە لە رووبەری گشتی ریکلامەکە.

پ. رەنگ بەکارهێنان وەك خاڵێکی بەهێزو هۆکارێکی سەنجراکێشان لە ریکلامەکاندا.

ج. ریکلامە رۆژنامەنووسیەکانی جەزائیر نەرمینواندنی زۆری تێدایە لە بەکارهێنانی زماندا تێبینی ئەوە دەکرێت زۆربەی ریکلامەکان بە زمانی عەرەبیو فەرەنسی بڵاودەکرێنەوە بەو پێیەی بە گونجاوترین زمان دادەنرێن بۆ دواندنی جەماوەر.

## سوودەکانی توێژینەوەکانی پێشوو:

1. بەکارهێنانیان وەك سەرچاوەیەکی دەستکەوتنی زانیاری.

---

[8]. هميسي نورالدين، أنماط الإعلان في الصحافة الجزائرية المكتوبة ــ دراسة وصفية تحليلة لصحيفة "الخبر"، رسالة ماجستير غير منشورة، (الجزائر: جامعة منتوري، كلية العلوم الجتماعية والعلوم الإنسانية، قسم علوم الإعلام والاتصال، 2006)

2. سوود وەرگرتن لە چوارچێوەی میتۆدی توێژینەوەکەو لایەنی تیۆریی.
3. چۆنێتی مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەو ئامانجەکانی توێژینەوەکە.
4. زانینی گرنگترین ئەو راسپاردەو دەرئەنجامانەی، کە توێژینەوەکان پێیگەیشتوون.

**خاڵی هاوبەش و جیاوازیی لەنێوان ئەم توێژینەوەیەو توێژینەوەکانی پێشوو**

لە ئەنجامی خستنەڕووی توێژینەوەکانی پێشوو دەرکەوتووە، ئەم توێژینەوەیە جیاوازی هەیە لەرووی ئامانج و کۆمەڵ و سامپڵی توێژینەوەکە ، ئەم توێژینەوەیە بابەتێکی تازەیە، کە لەسەر هونەری نەخشەسازیی کرابێت . لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت ئەم توێژینەوەیە خاڵی هاوبەش و جیاوازیی هەبێت بە جۆرێك:

1. ئەم توێژینەوەیە هاوبەشە لەگەڵ توێژینەوەکەی (زینب لیث 2005) کە دەربارەی شێوازە هونەریەکانی ریکلامە.
2. ئەم توێژینەوەیە هاوبەشە لەگەڵ توێژینەوەکانی (هميسي نورالدين 2006، محمد شحات 2010ـ2011), کە میتۆدی (وەسفی) بەکارهێنراوە بۆ شیکاری رواڵەتی ریکلامەکان.
3. هەندێك لە توێژینەوەکانی پێشوو راستگۆی رواڵەتی و جێگیرییان بۆ نەکراوە، بۆیە ئەم توێژینەوەیە جیاوازە راستگۆی رواڵەتی بۆ فۆڕمی شیکارییەکە دەرهێناوەو جێگری بۆ کراوە بە بەکارهێنانی یاسای (هۆڵستی).
4. ئەم توێژینەوەیە جیاوازە لە توێژینەوەکانی تر لە دەرهێنانی ئەنجامەکان و بەکارهێنانی هاوکێشەو یاسا ئامارییەکان و بەرنامەی (Spss) بۆ دەرهێنانی ئەنجامەکان بەکارهێنراوە.

## بەشی دووەم : ریکلامو گرنگی ریکلامی رۆژنامەنووسیی

*باسی یەکەم: ریکلام

*باسی دووەم: گرنگی ریکلامی رۆژنامەنووسیی

**دەستپێك:**

ریكلام لە ئێستادا بۆتە هۆكارێكی گرنگ بۆ ئەو كۆمپانیایانەی لە كێبڕكێدانو بەدوای زیادكردنو بەرزكردنەوەی قەبارەی بەرهەمەوەن بۆ بەبازا ڕكردنی ناوی كۆمپانیاكانو بەرهەمەكانیان لەسەر بنەمایەكی دیاریكراو، وە رۆڵێكی گرنگی هەیە لە گەڕان بەدوای كاڵاو خزمەتگوزاریەكانو زانیاریدان بە بەكاربەر لەسەریان بەر لە كڕینو بەكاربردنیان . ریكلام خزمەت بە بەكاربەرو بەرهەمهێن دەكات كاریگەریی زۆری لەسەر بیر  كردنەوەو هەڵوێستی تاكەكان هەیەو بە هەموو بوارەكانی ژیانەوە دەبەسترێتەوە فشاری رۆژ بە رۆژ زیاتر دەبێت هەربۆیە بڕێكی زۆر پارە لە هەڵمەتەكانی ریكلامدا خەرجدەكرێت، چالاكی ریكلام تەنها كاریگەریی لەسەر لایەنی بەبازاڕكردن نیە بەڵكو كاریگەریی لەسەر لایەنی ئابووریىو پەروەردەییو رۆشنبیریو كۆمەڵایەتی هەیەو رۆڵێكی دیاری لەسەر بەهاو نەریتە كۆمەڵایەتیەكان هەیەو رەفتاری تاك دەگۆڕێت . سەرچاوەیەكی گرنگی پەیداكردنی داهاتە بۆ دەزگاكانی راگەیاندن، رۆژنامەو گۆڤاریش لە ئامڕازە گرنگەكانی راگەیاندنن ریكلام بووە بە لا   یەنێكی گرنگی پەیداكردنی داهات بۆیانو بوون بە ئامڕازێكی گەیاندنی پەیامی ریكلامكاران بۆ جەماوەر، لە سەردەمی ئێستادا بە پیشەسازییەك دادەنرێت، كە قورسایی رۆژ بە رۆژ زیاتر دەبێت، بە یەكێك لە نیشانەكانی پێشكەوتنی بواری ئابووریی دادەنرێت بۆیە لەم بەشەدا  هەوڵ دەدرێت باس لە ریكلامو ریكلامی رۆژنامەنووسییو گرنگیەكەی بكرێت.

# باسی یەکەم: ریکلام

## یەکەم/ چەمك و پێناسەی ریکلام

### 1 - چەمکی ریکلام:

ریکلام مێژوویەکی کۆنی هەیە، لەو کاتەوەی کۆمەڵی مرۆڤایەتی لەسەر زەوی دەرکەوتووە ریکلام سەریهەڵداوە، لە سەرەتادا بانگکردن یەکەم هۆکاری ریکلامکردن بووە، کە مرۆڤ بەکاریهێناوە لە شارە کۆنەکاندا هەواڵی کەشتیەکانو قافڵە بازرگانیەکانو شمەکەکانیان گواستۆتە وە، لە سەدەکانی ناوەڕاست بانگکردن بۆ شمەکەکان بووە بە پیشەیەك و سەندیکایان هەبووە، کە لەلایەن دەسەڵاتەوە دانی پیادانراوەو بانگەشەکاران مۆڵەتیان پێدراوە[1].

ریکلام لە رووی زمانەوانیەوە بە مانای (دەرخستن، جاڕدان، ئاشکرایی ) دێت، یان رێگایەکە لە رێگاکان ی (دەرخستن، جاڕدان، ئاشکرایی)[10].

"ریکلام لە وڵاتانی رۆژهەڵاتی عەرەبی وەك (میسرو ئەردەن...) وشەی (الإعلان) ی بۆ بەکاردەهێنرێت لە وڵاتانی مەغریبی عەرەبی وەك (تونسو مەغریب وە سووریاش ) وشەی (الإشهار) ی بۆ بەکاردەهێنرێت لە زمانی فەرەنسیدا (La pulicite) وە لە ئینگلیزیدا زاراوەی (Advertising) و لە زمانی ئیتالی (Publicita) و لە ئەڵمانی (Anzeige) ی بۆ بەکارهاتووە"[11].

لە زمانی کوردیدا چەندین وشەی بۆ بەکارهێنراوە وەکو (ئاگاداری، بانگەشە، ئاگانامە ، جاڕدان، جاڕنامە، داخۆیان ..) بەڵام بەشێوەیەکی گشتی وشەی ریکلام بەکاردەهێنرێت، ئەو وشانە نەیانتوانیوە جێگای خۆیان بکەنەوەو دەزگاکانی راگەیاندن بەکاریبهێنن[12].

### 2 - پێناسەی ریکلام:

لەگەڵ پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاو پەرەسەندنی لە هەموو بوارەکاندا ئەم گۆڕانکاریانە بواری ریکلامیشی گرتەوە بووە هۆکارێك بۆ کاریگەر بو ون بە گۆڕانکاریەکانو لە هەمانکاتیشدا بووە هۆکارێکی دروستکردنی کاریگەریی لەسەر دەورووبەر، شارەزایانی بواری ریکلام هاوڕانین لەسەر دانانی یەك پێناسەی جێگیر بەڵکو پێناسەی جیاواز بۆ ریکلام کراوە لەوانە:

کۆمەڵەی بەبازاڕکردنی ئەمریکی پێناسەی ریکلام دە کات بەوەی "چالاکیەکی نا خودییە لەلایەن دەستەیەکی دیاریکراوەوە بیرۆکەو کاڵاو خزمەتگوزاری پێشکەش دەکرێت بەرامبەر بە بڕێك پارە"[5].

لە پێناسەیەکی تردا ریکلام "بریتییە لە پەیوەندیەکی ناخودیی لە رێگای ئامرازە گشتیەکانی پەیوەندیکردنەوە، بەرامبەر بە بڕێك پارە بڵاودەکرێتەوە"[14].

---

[1]. رجاء الغمراوي، الإعلان التلفزيوني وثقافة الاستهلاك، (الإسكندرية: دار المعرفة الجامعية، 2010)، ص54

[10]. خالد بن عبدالرحمن آل دغيم، الإعلام السياحي وتنمية السياحة الوطنية، (عمان: دار أسامة للنشر والتوزيع، 2014)، ص64

[11]. منى الحديدي، الإعلان، ط2، (القاهرة: الدار المصرية اللبنانية، 2002)، ص15

[12]. بەهادین ئەحمەد، پەیوەندییە گشتیەکانو بەڕێوەبردنی قەیران، (هەولێر: دەزگای چاپو پەخشی نارین، 2016)، ل63

[5]. بسام عبدالرحمن المشاقبة، أخلاقيات العمل الإعلامي، (عمان: دار أسامة للنشر والتوزيع، 2012)، ص183

[14]. منال طلعت محمود، مدخل إلى علم الاتصال، (الآسكندرية: بدون دار نشر، 2001ـ2002)، ص93

فەرهەنگی (لاروس) ی فەرەنسی پێناسەی ریکلام دەکات بەوەی "گرتنەبەری کۆمەڵێك هۆکارە بەمەبەستی ناساندنی جەماوەر بە دامەزراوە پیشەسازییەکانو بروپیهێنانیان بە باشی بەرهەمەکانیان" (□).

لە پێناسەیەکی تردا ریکلام "بریتیە لەو چالاك یەی زانیاری لەسەر کالاو خزمەتگوزاریو دەزگاکان بلاودەکاتەوە، بەمەبەستی دروستکردنی کاریگەریی لەسەر بەکاربەرو ناساندنی پێداویستیەکانیانو چۆنێتی دەستکەوتنی، بە ئامانجی یارمەتیدانی بەرهەمهێنەکان بۆ دەستکەوتنی کرپاری تازە لە رێگای ناساندنی کالاو خزمەتگوزاریەکان" (□).

ریکلام "شێوەیەکە لەشێوەکانی پەیوەندیکردنی ناخودیی، بەمەبەستی برەوپێدان بە رێکخراو، کالا، خزمەتگوزاری، بیرۆکە بەرامبەر بە برێك پارە" (□).

ریکلام "بریتییە لە گواستنەوەی بیرۆکە لەسەر بەرهەمەکان بەمەبەستی کرینی لەلایەن بەکاربەرانەوە" (□).

پێناسەیەکی تری ریکلام "چالاکیەکی کارگێری رێکخراوە، لە رێگای ئامرازەکانی پەیوەندیکردنی جەماوەریو بەکارهێنانی شێوازی داهێنان بۆ دروستکردنی کاریگەریی، بە ئامانجی زیادکردنی خواست لەسەر ئەو کالایەی ریکلامی بۆ کراوە، وە دروستکردنی وێنایەکی باش لەسەریو تێرکردنی پێداویستیەکانی بەکاربەرو زیادکردنی خۆشگوزەرانی کۆمەلایەتیو ئابووریی" (□).

ریکلام "پەیوەندیەکی ناخودییە، سروشتی بروپیهێنانی هەیە دەربارەی بەرهەمەکانو خزمەتگوزاریو بیرۆکەکان، بەرامبەر برێك پارە لە ئامرازە جیاوازەکانی راگەیاندن بلاودەکرێتەوەو خاوەن سەرمایەکەی دیارە(□).

ریکلام "پرۆسەیەکی پەیوەندی پلان بۆ دارێژراوە، ئامانج لێی راگەیاندنی پەیامێکی دیاریکراو، بیرۆکە، کالا، خزمەتگوزاری بۆ جەماوەرێکی فراوان لە رێگای ئامرازێکی راگەیاندنەوە" (□).

لە پێناسەیەکی تردا "نامە ریکلامیەکان وەك هەر بابەتێکی تری راگەیاندنن هەواڵو زانیاریو کاتبەسەربردنە بە جیاوازییەکی کەم، ئەویش بەرامبەر بە برێك پارە بلاودەکرێتەوە"(□).

لەم سۆنگەیەوە پێناسەی توێژەر بۆ ریکلام بریتیە لە پرۆسەی بلاوکردنەوەی زانیاری لەسەر کالاو خزمەتگـوزاریەکان لە رێگای ئامرازێکی راگەیاندنەوە، بەرامبەر بە برێك پارە.

**ـ پێناسەی ریکلامی رۆژنامەنووسیی**

ریکلامی رۆژنامەنووسیی "بریتیە لەو خزمەتگوزاریەی رۆژنامەو گۆڤارەکان پێشکەشی دەکەن، لەسەر لاپەرەکانیان بەمەبەستی برەوپێدان بە بیرۆکە، کالا، خزمەتگوزاریەك بەرامبەر بە برێك پارە"(□).

---

[1]. أحمد عبدالمجيد، صحافة بلد ملتهب ـ أزمتا التمويل والمسؤولية المهنية في الصحافة العراقية، تقديم: فؤاد مطر، (بيروت: الدار العربية للعلوم ناشرون، 2009)، ص20

[16]. خالد بن عبدالرحمن أل دغيم، سەرچاوەی پێشوو، ص64

[17]. راسم الجمال، خالد شاكر جاويش، إدارة الإعلان و اقتصادياتة، (القاهرة: مركز جامعة القاهرة للتعليم المفتوح، 2000)، ص39

[18]. نايجل فوستر، المرشد إلى الدعاية والإعلان، ترجمة، جورج خوري، (الآردن: المؤسسة العربية للدراسات والنشر، 1991)، ص5

[19]. فؤادة عبدالمنعم البكرى، التسويق السياحى وتخطيط الحملات الترويجية فى عصر تكنولوجيا الاتصال، (القاهرة: عالم الكتب،2007)، ص41

[20]. فهد بن عبدالرحمن الشميمرى، التربية الإعلامية ـ كيف نتعامل مع الإعلام؟، (الرياض: بدون دار نشر، 2010)، ص118

[21]. علي عبدالفتاح كنعان، الإعلام والمجتمع، (عمان: دار اليازوري العلمية للنشر والتوزيع، 2014)، ص257

[22]. عبدالله الطويرقي، علم الاتصال المعاصر ـ دراسة في الأنماط والمفاهيم وعالم الوسيلة الإعلامية في المجتمع السعودي، (الرياض: مكتبة العبيكان، 1997)، ص285

[23]. محمد شحات، سەرچاوەی پێشوو، ص19

**لە پێناسەیەکی تردا "ڕۆژنامەنووسیی یەکێکە لە ئامرازە گرنگەکانی ریکلامکردن، کە لە ڕێگای چاپکردنو بڵاوکردنەوەی بەپێی کاتی دەرچوونی ڕۆژانە بێت یان هەفتانە یان مانگانە یان دەوری بەپێی شێوازی بڵاوبونەوەی بۆ ناوچەیەکی دیاریکراو یان لەسەرتاسەری وڵاتدا پەیامە ریکلامیەکان بڵاودەکەنەوە"[24].**

**ریکلامی ڕۆژنامەنووسیی "گرنگی زۆری بۆ خوێنەرانی هەیە، بە هۆکاری ئەوەی ئامرازێکی گەیاندنی زانیاریو بەبازاڕکردنە، بۆ ریکلامکاریش ئامرازێکە بۆ برەوپێدان بە بەرهەمەکەی، سەرچاوەیەکی باشی داراییە بۆ دەزگا ڕۆژنامەنووسیەکانو کۆمپانیاکانی ریکلامکردنو لایەنی ئابووریی کۆمەڵ بەشێوەیەکی گشتی"[25].**

**ریکلامی ڕۆژنامەنووسیی "بابەتێکە لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاودەکرێتەوە، وێنەی گیراوە یان کێشراوە یان نوسراوە، بۆ برەوپێدان بە کاڵایەك یان فرۆشتنی یان بەجێهێنانی خزمەتگوزاریی تایبەت بۆ کەس یان دەزگایەك، بۆیە بەرامبەر بەو بڵاوکردنەوەیە، پارە وەردەگیرێت"[26].**

**پێناسەی توێژەر بۆ ریکلامی ڕۆژنامەنووسیی بریتیە لە بڵاوکردنەوەی پەیامە ریکلامیەکان لەسەر کاڵاو خزمەتگوزاریەکان لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکاندا بەرامبەر بڕێك پارە.**

**لە کۆی گشتی ئەو پێناسانەی بۆ ریکلام کراوە چەند زانیارییەکمان بۆ دەردەکەوێت[27]:**

1. **هەوڵدانێکی ناخودییە، بە واتای پەیوەندی لەنێوان ریکلامکارو جەماوەردا بەشێوەیەکی ناراستەوخۆیە لە ڕێگای هۆکارێکەوەیە وەك (ڕۆژنامە، گۆڤار، رادیۆ، تەلەفزیون ) بەمەش ریکلام جیاوازیی لەگەڵ فرۆشتنی خودیی هەیە، کە راستەوخۆ پەیوەندی بە جەماوەرەوە دەکرێت بۆ فرۆشتنی کاڵاو خزمەتگوزاریەکان.**
2. **ریکلام تەنها پیشاندانی کاڵا ناگرێتەوە، بەڵکو بیرۆکەو خزمەتگوزاریش دەگرێتەوە.**
3. **کەسایەتی ریکلامکار دیارە، ریکلام بەرامبەر بە بڕێك پارە ئەنجام دەدرێت بەمەش ج یادەکرێتەوە لە پڕوپاگەندە، کە بەرامبەری هیچ بڕە پارەیەك نادرێتو سەرچاوەکەی نادیارە.**
4. **لە هەوڵی ئەوەدایە، کە بڕوا بە جەماوەر بهێنێت بۆ بەکاربردنی کاڵاکە یان قبوڵکردنی خزمەتگوزاریەکە بە بەکارهێنانی شێوازی هونەرییو دەروونی.**
5. **شێوازێکە لە شێوازەکانی کێبڕکێ، کە سوود دەگەیەنێت بە تایبەتی ئەوەی پەیوەندی بە نرخ و پێکهاتەیەوە هەیە ئەمەش کاریگەریی لەسەر بڕیاردان دەبێت.**
6. **ریکلام تەنها خۆی لە دامەزراوە بازرگانیەکاندا نابینێتەوە، کە ئامانجیان بەدەستهێنانی قازانجە، بەڵکو حکومەتو ڕێکخراوە خێرخوازیو خۆبەخشەکانو تاکەکانیش بەکاریدەهێنن.**
7. **ریکلام چالاکیەکی پەیوەندیکردنەو ئامانجی دیاریکراوی هەیە، کە لە هەوڵی بەدیهێنانیایەتی لە ڕێگای دروستکردنی کاریگەریی لەسەر رەفتاری بەکاربەر.**

## دووەم/ جۆرەکانی ریکلام:

---

[24]. علی فلاح الزعبی، الإتصال التسويقية مدخل منهجی ـ تطبيقی، (عمان: دار الميسرة للنشر والتوزيع، 2010)، ص238

[25]. مرزوق عبدالحكم العادلی ، الإعلانات الصحفية دراسة في الإستخدامات والإشباعات، (القاهرة: دار الفجر للنشر والتوزيع، 2004)، ص143

[26]. جەمال عەبدول، فەرهەنگی راگەیاندن (ئینگلیزی، عەرەبی، کوردی)، (سلێمانی: دەزگای چاپو پەخشی سەردەم، چاپخانەی شڤان، 2006)، ل509

[27]. حمد بن ناصر الموسى، استخدام الإتصال التسويقي المتكامل في الشركيات السعودية، (الرياض: مكتبة الملك فهد الوطنية، 2010)، ص167

**له ئەنجامی جیاوازیی بۆچوونەکان چەند دابەشکاریەك بۆ جۆرەکانی ریکلام کراوە، کە هەریەکێکیان بەپێی ئامانجو جۆری جەماوەرو ئەو ئەرکەی جێبەجێی دەکات دابەشکاری بۆ کردوە، لێرەدا باس لە جۆرەکانی ریکلام دەکەین بەپێی ئەو بۆچوونانە، کە دابەش دەبنە سەر:**

**1 - جۆری ریکلام بەپێی ئەرکی بەبازاڕکردن[28]:**

أ. **ریکلامی فێرکاری: ئەم جۆرە ریکلامە تایبەتە بەو کاڵایانەی، کە تازەن لە بازاڕدا پێشتر بونیان نەبووە، یان ئەو کاڵایانەی، کە ناسراون شێوازی بەکارهێنانیان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە پێویستە جارێکی تر تایبەتمەندی ئەو کاڵایانە فێری جەماوەر بکرێت.**

ب. **ریکلامی رێنماییکردن یان راگەیاندن : تایبەتە بەو کاڵاو خزمەتگوزاری‌و بیرۆکانەی، کە خەڵك زانیاری تەواوی لەسەری نیەو نازانن چۆن دەستیان بکەوێت ئەم جۆرە ریکلامانە زانیاری پێویستیان پێدەدات‌و ئاسانکاریان بۆ دەکات، کە چۆن کاڵاو خزمەت گوزاریەکەیان دەست بکەوێت بە کەمترین نرخ‌و ماندووبوون‌و کورتترین کات بە تایبەتی لەو کاتانەدا، کە بڕی پێویست لە کاڵاکە بەردەست نیە.**

ت. **ریکلامی بیرهێنانەوە: تایبەتە بەو کاڵاو خزمەتگوزاریانەی، کە لەلای خەڵك ناسراوە، بەمەبەستی دروستکردنی جۆرێك لە پەیوەندی لەنێ وان بەکاربەرو کاڵاکەو لە بیرنەچوونەوەی ئەو کاڵاو خزمەتگوزاریانەو بەردەوام بیرهێنانەوەیان‌و بەکاربردنیان[29].**

پ. **ریکلامی گشتی : ئەم جۆرە ریکلامە لەسەر بەهێزکردنی پیشەسازیەك یان کاڵاو خزمەتگوزاریەکی دیاریکراو ئیشدەکات، زانیاری پێویست پێشکەش بە جەماوەر دەکات بۆ بەهێزکردنی پەیوەندی لەنێوان جەماوەرو بەرهەمەکە مەبەست لەمەش راستکردنەوەی ئەو بۆچوونە هەڵانەیە لەلای جەماوەر لەسەر ئەو بەرهەمە دروست بووە لە هەوڵی گەڕانەوەی متمانەیە بۆ بەرهەمەکە[30].**

ج. **ریکلامی رکابەری : تایبەتە بەو کاڵاو خزمەتگوزاریانەی لە ئاستێکی نزمدان‌و بەرهەمی نوێ هاتۆتە بازاڕەوە، جۆرێك لە کێبڕکێ لەنێوان بەرهەمەکاندا دروست دەبێت، بۆیە پەنا دەبرێتە بەر ئەم جۆرە ریکلامانە بۆ هێشتنەوەی بەرهەمەکە لە بازاڕدا[31].**

ح. **ریکلامی بەراوردکاری: بریتیە لەو جۆرە ریکلامەی بۆ بەراوردکردن لەنێوان بەرهەمێك و بەرهەمە هاوشێوەکانی، کە لە بازاڕدا هەیە بەکاردەهێنرێت یان بەراوردکردن لەنێوان دوو دیمەن یان دۆخی کۆمەڵایەتی‌و سیاسی‌و دەرخستنی لایەنی باش‌و خراپیان.**

**2 - جۆری ریکلام لەسەر بنەمای جوگرافی:**

**بەپێی ئەو سنورەی ریکلامەکەی تێدا بڵاودەکرێتەوە[32]:**

---

[28]. عيسى محمود الحسن، الترويج التجاري للسلع والخدمات، (عمان: دار زهران للنشر والتوزيع، 2010)، ص60

[29]. نبيل الحسيني النجار، الإعلان والمهارات البيعية، (المنصورة: الشركة العربية للنشر والتوزيع، بدون سنة نشر)، ص59

[30]. طاهر محسن الغالبي، أحمد شاكرالعسكري، الإعلان مدخل تطبيقي، ط2، (عمان: دار وائل للنشر، 2006)، ص21

[31]. بەهادین ئەحمەد محەمەد، ریکلام‌و پەیوەندیی گشتی‌و بازاڕکردن، (سلێمانی: بەبێ شوێنی چاپ، 2011)، ل53

[32]. أشرف فهمي خوخه، استراجيات الدعاية والحملات الإعلانية، (الإسكندرية: دار المعرفة الجامعية، 2011)، ص23

أ. **ریكلامی ناوخۆیی (لۆكاڵی ـ محلی): ئەو ریكلامەیە لە سنوری ناوچەیەكی دیاریكراودا بڵاودەكرێتەوە ئاڕاستەی جەماوەری ئەو ناوچەیە دەكرێت.**

ب. **ریكلامی نەتەوەیی (نیشتمانی): سنوری ناوچەیەك تێدەپەڕێنێتو لە هەمو و سنوری نەتەوە، یاخود وڵاتدا بڵاودەكرێتەوە تەنها تایبەت نیە بە ناو چەیەكی دیاریكراو، بە ئامانجی دروستكردنی كاریگەریی لەسەر دانیشتوان لەسەرتاسەری وڵات.**

ت. **ریكلامی هەرێمی : ئەو ریكلامانە دەگرێتەوە، كە لە سنوری چەند دەوڵەتێكی دراوسێو نزیك لەیەك بڵاودەكرێنەوە ریكلامەكان بۆ بابەتێكە، كە گرنگە بەلای دانیشتوانی ئەو هەرێمەو ەو لە چەند بابەتێكدا پێویستیان بە هاوكاریو هەماهەنگی یەكترە[33].**

پ. **ریكلامی جیهانی: ئەو ریكلامانەن لە سەرتاسەری جیهاندا بڵاودەكرێنەوە لە ئاستی نێو دەوڵەتی بونیان هەیەو پێویستیان بە بازاڕ بۆ ساغكردنەوەی بەرهەمەكان لە رێگای بریكارەكانیان، كە لە جیهاندا بڵاوبونەتەوە كاڵاكانیان بە بەبازاڕكردن دەكەن.**

## 3- جۆری ریكلام بەپێی مەبەست وئامانج[34]:

أ. **ریكلامی بازرگانی: ئەو ریكلامەیە، كە لایەنی بەرهەمهێن یان فرۆشیار پێی هەڵدەستێت بە ئامانجی پارێزگاریكردن لە بەرهەمەكەو هێشتنەوەی لە بازاڕداو راكێشانی بەكاربەری زیاتر، وە پێشكەشكردنی كۆمەڵێك زانیاری گرنگ دەربارەی كاڵاكەو خستنەڕووی تایبەتمەندیەكانیو زانینی رادەی پڕكردنەوەی پێداویستیەكانی بەكاربەر لە رێگای بەكارهێنانی كاڵاكە . كەواتە ریكلامی بازرگانی شێوەیەكە لە شێوەكانی فرۆشتن، ئامانجی سەرەكی خستنەڕووی خاسیەتو لایەنی باشی كاڵاكەیە بە جۆرێك وا لە بەكاربەر بكرێت لە رێگای ئەو كاڵایەوە پێداویستی پڕبكاتەوە.**

ب. **ریكلامی نا بازرگانی: ئەم جۆرە هەموو ئەو ریكلامانە دەگرێتەوە، كە تایبەتە بە بواری مرۆڤایەتیو كۆمەڵایەتی و سیاسی، لێرەدا وشەی سەرنجڕاكێش بەكاردەهێنرێ ت وە زۆرجار وێنە بەكاردەهێنرێت بە ئامانجی بڕواپێهێنانی بەرامبەر، ئەم جۆرە ریكلامە دوورە لە بەرژەوەندی تایبەتیو ئامرازێكە بە دەستی دەوڵەتو كۆمەڵەوە.**

## 4- جۆری ریكلام بەپێی جەماوەر[35]:

أ. **ریكلامی بەكاربەر : مەبەستی سەرەكی ئەم جۆرە ریكلامە ئەو بەكاربەرا نەیە، كە كاڵاو خزمەتگوزاریەكە بەكاردەهێنن واتا كڕیاری كۆتاین.**

ب. **ریكلامی بازرگانەكان: ئەم جۆرە ریكلامە لەلایەن بەرهەمهێنەكانەوە راستەوخۆ ئاڕاستەی بازرگانەكان دەكرێت بەمەبەستی ئاگاداربوون لەو بەرهەمانەی لەبەردەستدایە، لەم جۆرە ریكلامەدا بڵاوكراوەو رۆژنام ەی تایبەتمەندی ریكلامی بەكاردەهێنرێت، ئامانجی ئەم ریكلامە ڤایلكردنی بازرگانەكانە بە كڕینی كاڵاكە.**

ت. **ریكلامی دەزگاكان : ئەو ریكلامانەیە لەلایەن دەزگا بەرهەمهێنە گەورەكانەوە بڵاودەكرێتەوە، بە ئامانجی كاریگەریكردنە سەر خەڵكو دروستكردنی بۆچوونی باش لەسەر د ەزگاكەو كاڵاكانی، ئامانجی ئەم جۆرە ریكلامە بەبازاڕكردنی ناوو ناوبانگی دەزگاكەو راكێشانی سەرنجی خەڵكە بۆ كڕینی كاڵاكە .**

---

33. فەرهاد تۆفیق حەسەن، سەرچاوەی پێشوو، ل16

34. محمد جودت ناصر، الدعاية والإعلان والعلاقات العامة، (عمان: دار مجدلاوی،1997ـ1998)، ص110ـ111

35. عصام سليمان الموسى، المدخل في الاتصال الجماهيري، ط4، (الآردن: مكتبة الكتاني للنشر والتوزيع، 1998)، ص188

**5- ریكلام بەپێی جۆری ریكلامكار[36]:**

أ. ریكلامی كۆمپانیاكان: كۆمپانیایەك بە تەنها ریكلام بۆ ناوو ناوبانگی یان بەرهەمە جیاوازەكانی دەكات.

ب. ریكلامی هاوبەشی ئاسۆیی : كۆمەڵێك كۆمپانیا، كە لەیەك ئاستدان بە هاوبەشی ریكلام بۆ كاڵاكانیان دەكەن، لە نرخی تێچووی ریكلامەكە هاوبەشن، ئامانج لەمەش راكێشانی بەكاربەرە بۆ جۆرە بەرهەمێك یان زیادكردنی داواكاریە لەسەر كاڵایەكی دیاریكراو نەك ناوە بازرگانیەكەی.

ت. ریكلامی هاوبەشی ستوونی : ئەو جۆرە ریكلامەیە، كە بەرهەمهێنو نێوەندێك یان زیاتر بەشدارن، كە لە ئاستی جیاوازدان بەرهەمهێنو بازرگانی كۆ بە هاوبەشی نرخی تێچووی ریكلامەكە دەدەن، لێرەدا ناوی كاڵاكەو شوێنی دەستكەوتنی دەهێنرێت.

**6- جۆری ریكلام بەپێی ئامرازەكانی راگەیاندن[37]:**

أ. ریكلام لە ئامرازە چاپكراوەكاندا : ئەو ریكلامانەی لە رۆژنامەو گۆڤارەكاندا سەبارەت بە كاڵاو خزمەتگوزار یەكان بڵاودەكرێتەوە.

ب. ریكلام لە ئامرازە بیستراوەكاندا : ئەو ریكلامانەی سەبارەت بە كاڵاو خزمەتگوزاریو كۆمپانیا جیاوازەكانە، لە رێگای رادیۆو كاسێتەوە بڵاودەكرێتەوە.

ت. ریكلام لە ئامرازە بینراوەكاندا : مەبەست لەو ریكلامانەیە لە رێگای (تەلەفزیونو سینەماو شاشەی نمایشو كاسێتی ڤیدیۆ) بڵاودەكرێتەوە، دەربارەی كاڵاو خزمەتگوزاریە جیاوازەكان.

پ. ریكلامی ئەلكترۆنی (سۆشیال میدیا): مەبەست لەو ریكلامانەی لە پێگە ئەلكترۆنیەكاندا بڵاودەكرێتەوە.

**سێیەم/ ئامانجی ریكلام:**

**1 - ئامانجی ریكلام وەك هۆكارێكی پەیوەندیكردنو بەبازاڕكردن بەم چوار قۆناغەدا تێپەڕ دەبێت[38]:**

أ. قۆناغی ئاگایی: جەماوەر ئاگادار بكرێتەوە لە جۆری كاڵاو خزمەتگوزاریەكە.

ب. قۆناغی تێگەیشتن: تێگەیشتنی جەماوەر، كە ئەو كاڵاو خزمەتگوزاریە دەتوانێت چی پێشكەش بكات.

ت. قۆناغی بڕواپێهێنان: بڕواهێنان بە جەماوەرە بۆ كڕینی كاڵاكە.

پ. قۆناغی هەڵسوكەوت: بەو مانایەی جەماوەر كاڵاكە بكڕێت.

**2 - ریكلام كۆمەڵێك ئامانجی هەیە بۆ ئەوەی لەورێگایەوە بگاتە مەبەستی خۆی لەوانە[39]:**

أ. بەشداریكردن لە زیادكردنی فرۆشتنی ئەو بەرهەمانەی لە بازاڕدایە بەمەبەستی راكێشانی سەرنجی بەكاربەرانی لە رێگای پێشكەشكردنی ریكلامی باش.

ب. پارێزگاریكردن لە هێشتنەوەی ناوبانگی كۆمپانیاكان، كە لە بازاڕدا لە كێبڕكێدان.

ت. هاوكاریكردن لە دروستكردنی كەشێكی گونجاو بۆ زیادكردنی فرۆشی كاڵاكان لە داهاتوودا.

---

[36]. محمد فرید الصحن، الإعلان، (الإسكندریة: الدار الجامعیة، 2005)، ص103ـ104

[37]. فاروق خالد الحسنات، الإعلام والتنمیة المعاصرة، (عمان: دار أسامة للنشر والتوزیع، 2011)، ص51ـ52

[38]. مرزوق عبدالحكم العادلی، سەرچاوەی پێشوو، ص165

[39]. أحمد إبراهیم عبدالهادی، إدارة الحملات الإعلانیة، (جامعة بنها: بدون دار نشر، 2010 )، ص9ـ10

پ. ئاگادارکردنەوەی بەکاربەر بە شوێنی بەرهەمەکان لە بازاڕدا.

ج. راستکردنەوەی زانیاریو بۆچوونی هەڵە لەسەر بەرهەمێك یان دەزگایەك[40].

ح. ناساندنی بەکاربەر بە هێما بازرگانیەکەی بەرهەمەکەو پاڵپشتیکردن لێی بۆ قبوڵکردنی لەلایەن جەماوەرەوە.

### 3 - کاریگەری ریکلام لەسەر گۆڕینی رەفتارو ئاڕاستەی بەکاربەر[41]:

أ. گۆڕینی رەفتاری تاکەکان لە رێگای پاڵنەرو ئارەزوو ئاڕاستەو شێوازی پەیبردنیان.

ب. سەرنجڕاکێشانو بڕواپێهێنانی بەکاربەران بە دەستکەوتنو بەکارهێنانی کالاّ یان خزمەتگوزاریەکە.

ت. کارکردن لەسەر دووبارە کڕینەوەی هەمان هێمای بازرگانی، کە بلاّوکراوەتەوە بەمەش پەیوەندیەکی باش لەنێوان بەرهەمو بەکاربەر دروست دەبێت.

پ. گواستنەوەی زانیاریەکان لە ریکلامکارەوە بۆ بەکاربەرو زیادکردنی خواستو داواکاری لەسەر ئەو کالاّیەی، کە بلاّوکراوەتەوە بە جۆرێك ریکلامەکە ئامانجی خۆی بەدیبهێنێت لە کاریگەریکردنە سەر ئاڕاستەو رەفتاری وەرگرو فراوانکردنی بازنەیی وەرگرانی نامە ریکلامیەکان.

### 4 - بەشێوەیەکی گشتی ئامانجی ریکلام خۆی دەبینێتەوە لەم خالاّنەدا[42]:

أ. ناساندنی جەماوەر بە بەرهەمی تازە یان هەندێك تایبەتمەندی ئەو بەرهەمەی، کە ناسراوەو هەیە.

ب. گۆڕانکاری ئەرێنی لە هەڵسوکەوتی بەکاربەراندا بکرێت بەرامبەر ئەو کالاّو خزمەتگوزاریانەی، کە ریکلامی بۆ دەکرێت.

ت. راکێشانی سەرنجی جەماوەرو زانیاری پێویستی لەسەر بەرهەمەکە پێبدرێت.

پ. پارێزگاریکردن لە بەکاربەرە کۆنەکان.

ج. جەماوەر بۆچوونێکی تایبەتی لەسەر کالاّکە لادروست بێت.

ح. بیرۆکەو بەڵگەی تایبەت سەبارەت بە باشی بەرهەمەکە پێشکەش بکرێت بەمەبەستی باوەڕهێنانی بەکاربەر.

خ. دروستکردنی وێنایەکی تایبەت بە کالاّکە لە رێگای وێنەیەك یان رستەیەکی کورت.

د. هاندانی بەکاربەر بە کڕینی زیاتری کالاّکە.

ژ. راکێشانی بەکاربەرە تازەکان بۆلای ئەو بەرهەمەی ریکلامەکەی بۆ کراوە.

ر. سەرکەوتن بەسەر رکابەرەکانداو راکێشانی بەکاربەر بۆ ئەو بەرهەمەی ریکلامی بۆ کراوە.

ز. رێنماییکردنی بەکاربەران لە شوێنی فرۆشتنی کالاّکە.

س. فێرکردنی بەکاربەران لە سوودو بەکارهێنانی تازەی کالاّکەی ریکلامی بۆ کراوە.

ش. ناساندنی بەکاربەران بە چۆنێتی بەکارهێنانی کالاّکە.

## چوارەم/ ئەرکی ریکلام:

چالاکی ریکلام کۆمەڵێك ئەرکی لەسەر هەردوو ئاستی بەرهەمهێنو بەکاربەر هەیە:

---

[40]. حمد بن ناصر الموسی، سەرچاوەی پێشوو، ص172

[41]. سلام نصرالدین محمد، سەرچاوەی پێشوو، ص45

[42]. محمد جودت ناصر، سەرچاوەی پێشوو، ص116ـ117

### 1. ئەركی ریكلام سەبارەت بە بەرهەمهێنەكان[43]:

ئامانجی بەرهەمهێن زیادكردنی بەرهەمو فرۆشتنیەتی، ئەمەش بەدوو رێگایە یان فرۆشتنی راستەوخۆ، كە پێویستی بە كارمەندی زیاترە یان لە رێگای نێوەندێكەوەیە بە جۆرێك متمانەیان لا دروست بكات بۆ ئەوەی بەرهەمی زیاتری بۆ بفرۆشن، ئەو خزمەتگوزاریانەی ریكلام پێشكەشی بەرهەمهێنی دەكات زۆرە لەوانە:

أ. پاشەكەوتكردن لە تێچوونی دابەشكردن : ناساندنی بەرهەمەكان بە بەكاربەر بەدوو رێگا دەبێت یان لە رێگای ریكلامەوە یان فرۆشتنی خودیی، ئەگەر بەراورد لەنێوان ئەم دوانەدا بكەین ئەوا تێچوونی ریكلام كەمترە بەهۆی پێشكەوتنی ئامرازەكانی پەیوەندیكردنو خێرایی بڵاوبونەوەیان، كە دەگاتە جەماوەرێكی فراوان.

ب. بەكاربەر بە خێرایی لایەنی باشەو گۆڕانكاریەكانی كاڵاكە دەناسێت : بە شێوەیەك لە رێگای چالاكی ریكلامیەوە زانیاریەكان بە خێرایی بڵاودەبێتەوە بەراورد بە فرۆشتن لە رێگای نێردراوەوە.

ت. داشكاندنی تێچوونی بەرهەم: فرۆشتنی بەرهەمی زیاتر بەهۆی چالاكیە ریكلامیەكانو زۆربوونی بەرهەمی كاڵاكە ئەمەش دەبێتە هۆی كەمكردنەوەی تێچوونی یەكەی بەرهەم.

پ. یارمەتیدانو هاندانی نێردراوی فرۆشتن : لە رێگای خستنەڕووی تایبەتمەندیەكانی كاڵاكەوە ریكلام یارمەتی نێردراوی فرۆشتن دەداتو كارئاسانی بۆ دەكات، كە متمانەی زیاتری بە خۆیو كاڵاكە هەبێت،

ج. هاندانی بازرگانەكان بە خستنەڕووی بەرهەمەكە لە دوكانەكانیاندا : لەبەرئەوەی ئەو كاڵایەی ریكلامی بۆ كراوە هەوڵدانی كەمتری دەوێت بۆ فرۆشتن.

### 2. ئەركی ریكلام سەبارەت بە بەكاربەران[44]:

ئامانجی بەكاربەر دەستكەوتنی كاڵایەكی گونجاوە لە كاتو شوێنێكی گونجاودا، چالاكی ریكلامیش ئەم كارە ئاسان دەكات لە رێگای پێشكەشكردنی كۆمەڵێك ئەركەوە، كە وادەكات بەكاربەر زانیاری زیاتری لەسەر كاڵاكە هەبێت، لێرەدا باسی هەندێك لە ئەركەكانی ریكلام دەكەین سەبارەت بە بەكاربەر:

**أ.** ئاسانكاریكردن لە هەڵبژاردنی كاڵاكان : چەندەها كاڵای جیاواز لە بازاڕدا هەیە، بەكاربەر ناتوانێت بە ئاسانی كاڵایەكی گونجاو هەڵبژێرێت، لە رێگای ئەو زانیاریانەی لە ریكلامەوە لەسەر كاڵاكە وەریدەگرێت ئاسانكاریی بۆ دەكرێت، تاوەكو كاڵای گونجاو هەڵبژێرێت.

**ب.** شوێنو كاتی دەستكەوتنی كاڵاكە : چالاكی ریكلام بەكاربەر لە كات و شوێنی بوونی كاڵاكە ئاگادار دەكاتەوە، وە بەكاربەر سوود لە ریكلام وەردەگرێت بۆ دەستكەوتنی كاڵاكان لە شوێنێكی دیاریكراو بە نرخی كەم و بڕی زۆر.

**ت.** زیادكردنی لێهاتوویی بەكاربەر : ریكلام بەشێوەی بەردەوام ئامۆژگاری بە سوود پێشكەش بەكاربەر دەكات، بۆ كەمكردنەوەی لە هیلاكی زۆر.

## پێنجەم/ هۆكارەكانی كاریگەریی دانان لەسەر چالاكی ریكلام[45]:

---

[43]. حسام فتحي أبو طعيمة، الإعلان و سلوك المستهلك بين النظرية والتطبيق، (عمان: دار الفاروق للنشر، 2008)، ص35ـ37

[44]. طاهر محسن الغالبي، أحمد شاكر العسكري، سەرچاوەی پێشوو، ص28

[45]. زكريا أحمد عزام، عبدالباسط حسونة، مصطفى سعيد الشيخ، مبادئ التسويق الحديث ـ بين النظرية والتطبيق، (عمان: دار الميسرة للنشر والتوزيع، 2008)، ص375

کۆمەڵێك هۆکار بەشداریدەکات لە گەیاندنی نامە ریکلامیەکانو کاریگەریان لەسەر چا لاکی ریکلامی هەیە لە گرنگترین ئەو هۆکارانە:

1. دووبارەکردنەوە: نامە ریکلامیەکان چەند جارێك دووبارەبکرێتەوە بۆ ئەوەی بیرۆکەکە جێگیر بێت لە مێشکی وەرگرو هاندانیان بۆ وەرگرتنی بیرۆکە تازەکە.
2. بەردەوامی: نامە ریکلامیەکان بەردەوام بڵاوبکرێتەوە لە ماوەیەکی یەك لەدوایەکدا بۆ پارێزگاریکردن لە پەیوەندی نێوان بەکاربەرو کاڵاکە، دۆزینەوەی جۆرێك لە دڵسۆزی بۆ کاڵاکانی دەزگاکە.
3. کات: ریکلام پێویستی بە کاتە بۆ ئەوەی ئەنجامی داواکراوی هەبێت، رەنگە بەهۆی چەند هۆکارێکەوە ئەنجامی ریکلام دواکەوێت لەوانە:

أ. ناوی کاڵاکە پێویستی بە ماوەیەکە بۆ ئەوەی درکیپێبکرێت لەلایەن بەکاربەر، بە تایبەتی لەو کاتەوەی لە دەرەوە کاڵای بێگانە هاتۆتە ناوەوە.

ب. زۆربەی جار بەکاربەر پێویستی بە ماوەیەکی زۆرە بۆ ئەوەی لە بەکاربردنی کاڵایەکی دیاریکراوەوە بگۆڕێت بۆ بەکاربردنی کاڵایەکی تر.

ت. لایەنی دارایی هەندێك بەکاربەر، کە ناتوانن کاڵایەکی دیاریکراو بکڕن، ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی هەڵمەتە ریکلامیەکان بە ماوەیەکی کەم ئەنجامەکەی روون نەبێت.

## شەشەم/ بنەماکانی بڵاوکردنەوەی ریکلام

کۆمەڵێك پێوەر هەیە پێویستە رەچاوبکرێت لە بڵاوکردنەوەی ریکلامدا لەوانە[46]:

1. ئەنجامدانی توێژینەوە لەسەر کاڵاو بەکاربەرو لایەنی هونەرییو نەخشەسازیی ئەو ریکلامەی بڵاودەکرێتەوە.
2. پێویستە ئەو کاڵاو خزمەتگوزاریەی ریکلامی بۆ دەکرێت سوودی راستەقینەی بۆ بەکاربەر هەبێتو پێداویستیەکانی پڕبکاتەوە، وە ئاستی بەرهەمهێنانی باش بێت تا ریکلامەکە راستگۆیی لە دەست نەدات.
3. نەخشەسازییو دەرهێنانی ریکلام بەشێوەیەکی باشو توانای سەرنجراکێشانی خوێنەری هەبێت، هەروەها ناوەڕۆکی ریکلامەکە توانای بڕواپێهێنانی بەکاربەری هەبێت بۆ کڕینی ئەو کاڵایانەی پێویستیەتیو چۆنێتی دەستکەوتنی.
4. پێویستە نامە ریکلامیەکان متمانەی جەماوەر بەدەست بهێنێت، لەبەرئەوەی سەرکەوتنی ریکلام بەستراوەتەوە بە متمانەی جەماوەرەوە.
5. دوورکەوتنەوە لە هەموو ئەو شتانەی خراپەی بۆ سەر لایەنی ئاینو دابونەریتی کۆمەڵایەتیو دەرچوون لە ئادابی گشتیو روشاندنی هەستی جەماوەر هەیە.
6. ریکلام بەرژەوەندی ریکلامکار بەدیبهێنێت بە کەمترین کاتو ماندووبوونو کەمترین تێچوون[47].
7. لە ریکلامدا نابێت ناوو وێنەی کەسێك بەکاربهێنرێت بەبێ گەڕانەوە بۆ کەسەکەو وەرگرتنی رەزامەندی بۆ بڵاوکردنەوەی.

---

46. تيسير أحمد أبو عرجة، الإتصال وقضايا المجتمع، (عمان: دار الميسرة للنشر والتوزيع والطباعة، 2013)، ص189ـ190
47. أحمد عادل راشد، الإعلان، (بيروت: دار النهظة العربية، بدون سنة نشر)، ص50ـ51

8. زیان بە داهاتی جەماوەر نەگەیەنرێت، بۆ نموونە داش کاندنی ناڕاست لە نرخدا یان زیادەڕۆیکردن لە پیشاندانی تایبەتمەندیو ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەش بە جەماوەر دەکرێت.
9. ریکلام راستگۆیی تێدابێتو دوورکەوتنەوە لە درۆو هەڵخەڵەتاندنو چەواشەکاری، بنەمای دەرخستنی راستی لە ریکلامدا پێویستەو دەرخستنی راستی سوودی بۆ بەکاربەرو ریکلامکاریش هەیە.

## حەوتەم/ بنەماکانی هەڵبژاردنو خشتەی بەکارهێنانی ئامڕازەکانی ریکلامکردن

### أ. بنەماکانی هەڵبژاردنی ئامڕازەکانی ریکلامکردن[48]:

ئامڕازەکانی راگەیاندن هۆکارێکن بۆ ئەوەی دەزگاکان بتوانن نامە ریکلامەکانیان لە رێگایانەوە بگەیەنن بە بەکاربەر، هەر هەڵەکردنێك لە هەڵبژاردنی ئامڕازەکاندا ریکلامەکە ناتوانێت ئامانجی خۆی بەدیبهێنێت، هەڵبژاردنی ئامڕازی گونجاو بە گرنگترین بڕیار دادەنرێت بۆ جێبەجێکردنی هەڵمەتی ریکلامەکە، کۆمەڵێك هۆکار رۆڵی لە هەڵبژاردنی ئامڕازێکی گونجاودا دەبێت لەوانە:

1. دیاریکردنی ئەو توێژو دەستانەی ریکلامەکەی ئاڕاستە دەکرێت، وەك چینی کۆمەڵایەتی بەرز بێت یان ناوەند یان نزم.
2. سروشتی بەرهەمەکەو تایبەتمەندیەکانی جۆری ئامڕازەکە دیاری دەکات.
3. ئامانجی ریکلام بڕیار لەسەر هەڵبژاردنی ئامڕازەکە دەدات، چونکە هەریەکێك لە ئامڕازەکان تایبەتمەندیو جیاوازیی هەیە بە تایبەتی لە رووی هونەرییەوە.
4. تێچوونی ریکلامەکە رۆڵی لە هەڵبژاردنی ئامڕازەکەدا هەیە، دەزگاو کۆمپانیا بەرهەمهێنەکان ئەو ئامڕازانە هەڵدەبژێرن، کە لەگەڵ باری داراییاندا دەگونجێتو مەبەستەکەیا ن دەگەیەنێت، بڕی تێچوون لە ئامڕازێکەوە بۆ ئامڕازێکی تر جیاوازیی هەیە.
5. توانای بڵاوکردنەوەی ئامڕازەکە، ریکلامکار مەبەستیەتی نامە ریکلامیەکە بگات بە ژمارەیەکی زۆر بەکاربەر، لەم روەوە دەگەڕێت بەدوای ئەو ئامڕازەی زیاتر لەناو جەماوەردا بڵاوە.
6. کاتو شوێنی ریکلام کاریگەریی لە هەڵبژاردنی ئامڕازەکەدا دەبێت، شوێنی بڵاوکردنەوەی ریکلام لە رۆژنامەو گۆڤاردا رۆڵێکی گرنگی لە راکێشانی سەرنجی بەکاربەردا هەیە.

### ب. خشتەی بەکارهێنانی ئامڕازەکانی ریکلامکردن[49]:

لەدوای هەڵبژاردنی ئامڕازی گونجاو بەمەبەستی ریکلامکردن بۆ کاڵاو خزمەتگوزاریەکان، پێویستە ریکلامکار خشتەی چۆنێتی بەکارهێنانی ئامڕازەکانی ریکلامکردن دابنێت بەم شێوەیە:

1. بەپێی ناوچەی جوگرافی : پلاندانان بۆ دابەشکردنی بازاڕ بەسەر چەند بەشو ناوچەیەکی جوگرافیدا، وە بەپێی گرنگی هەریەکێك لەو بەشو ناوچانە ئامڕازەکانی ریکلامکردن بەکاربهێنرێت.
2. بەپێی وەرز : خواست لەسەر کاڵاو خزمەتگوزاریەکان بەپێی وەرزەکان زیادو کەم دەکات، بە تایبەتی ئەگەر کاڵاو خزمەتگوزاریەکان وەرزی بوون، هەربۆیە لەکاتی زۆربوونی خواستدا پێویستە دەست بە چالاکیە ریکلامیەکانی بکرێت.

---

[48]. زکریا أحمد عزام، عبدالباسط ح سونة، مصطفى سعيد الشيخ، سەرچاوەی پێشوو، ص380

[49]. فاتن رشاد، تحديد خطة اختيار و جدولة الوسائل الإعلانية، https://mr-e3lam.blogspot.com/2016/12/blog-post_19.html ، (کاتی سەردانیکردن: 2016/4/4)

3. بەپێی کات: لە هەندێك کاتدا وا پێویست دەکات بڕێکی زۆر پارە لە ریکلامدا خەرج بکرێت، لە هەندێك کاتی تردا پێویست بەو ڕێژە زۆرەی ریکلام ناکات، پێویستە لەکاتی گونجاودا ریکلامەکان بڵاوبکرێتەوە بۆ گەیشتن بە زۆرترین خەڵكو بەجێهێشتنی کاریگەریی لەو کاتەنەشدا، کە پێویست نەکات ڕێژەی ریکلامەکانی تیادا کەم بکرێتەوە[50].

4. قەبارەو شوێنی ریکلام لە ئامرازەکەدا : لەکاتی بەکارهێنانی هەر ئامرازێکی چاپکراو بۆ ریکلامکردن، پێویستە قەبارەو رووبەرو شوێن دیاریبکرێت، کە ریکلامکار لە ناو ئەو ئامرازەدا دەیکڕێت.

أ. قەبارەی ریکلام: بڵاوکردنەوەی ریکلام بە قەبارەیەکی گەورەو لە رووبەرێکی زۆردا کاریگەریی زیاتری هەیە لە راکێشانی سەرنجی خوێنەر، وەك لە قەبارەیەکی بچووك وە لە رووی نەخشەسازیشەوە نەرمینواندنی زیاتری تێدایە لە بەکارهێنانی رەگەزەکان لەو رووبەرەی دیاریکراوە.

ب. شوێنی ریکلام: سەبارەت بە شوێنی ریکلام لە ئامرازە چاپکراوەکاندا کاریگەریی خۆی هەیە وەك:

- لە گۆڤاردا خوێنەر زیاتر گرنگی بە بەرگی گۆڤارەکەو لاپەڕەکانی یەکەم دەدات بۆیە بڵاوکردنەوەی ریکلام لەو لاپەڕانەدا گرنگی خۆی هەیە.
- بڵاوکردنەوەی ریکلام لە رۆژنامەدا لەو شوێنانەی وتارو بابەتی رۆژنامەوانی تێدایە، کە لەگەڵ ناوەرۆکی نامە ریکلامیەکان دەگونجێت کاریگەریی زیاتری هەیە.
- دانانی ریکلام لە لای راستی بەشی سەرەوەی رۆژنامە هەندێك تایبەتمەندی هەیە، وەك راکێشانی سەرنج بەهۆی گونجاندنی لەگەڵ جووڵەی چاوی خوێنەر.
- جیاوازیی هەیە لەنێوان ئەو بابەتانەی هەردوو رەگەز گرنگی پێدەدەن بەپێی تەمەنە جیاوازەکان، ئەگەر ریکلامەکە ئاڕاستەی رەگەزێکی دیاریکراو یان تەمەنێکی دیاریکراو بکرێت، وا باشترە ریکلامەکان لەو لاپەڕانەدا دابنرێن، کە ئەو بابەتانەی تیادا بڵاودەکرێتەوەو گونگە بەلای ئەو رەگەزەو تەمەنەوە.

## باسی دووەم: گرنگی ریکلامی رۆژنامەنووسیی

دیاریکردنو هەڵبژاردنی ئامرازەکانی بڵاوکردنەوەی ریکلام لە گرنگترین ئەو بڕیارانەن، کە ریکلامکار دەیدات سەبارەت بە هەڵبژاردنی ئامرازێکی گونجاو بەمەبەستی بەدیهێنانی ئامانجەکانی، دیارە هەر ئامرازێکیش بۆ خۆی خاوەنی چەندین تایبەتمەندیەو لایەنی ئەرێن یو نەرێنی هەیە، رۆژنامەو گۆڤارەکان وەك یەکێك لەو ئامرازانەی لە بڵاوکردنەوەی پەیامە ریکلامیەکاندا بەکاردەهێنرێت، کە دەتوانین بەم شێوەیە بیانخەینەڕوو:

### یەکەم/ رۆژنامە:

رۆژنامە یەکێکە لەو ئامرازانەی لە کۆنەوە بۆ ریکلامکردن بەکاردەهێنرێتو بەپێی کاتی دەرچوونی چەند جۆرێکە وەك: رۆژنامەی بەیانیانو ئێواران، گشتیو تایبەتمەند، رۆژانەو هەفتانە . هەر رۆژنامەیەك تایبەتمەندی دیاریکراوو

---

[50]. سامی عبدالعزیز، سلوی العوادلی، إدارة الإعلان واقتصادیاته، (القاهرة: بدون دار نشر، 2009)، ص79ـ84

**خوێنەری جیاوازیی هەیە . بەشێوەیەکی گشتی سەرەڕای جیاوازیی لە سیاسەتو ناوەڕۆكو خوێنەری هەندێك لایەنی ئەرێنیو نەرێنی هاوبەشیان هەیە[51].**

**أ. لایەنە ئەرێنیەکانی رۆژنامەوەك ئامرازێکی ریکلامی[52]:**

1. **بە سەرچاوەیەکی گرنگی زانیاری دادەنرێت، بەهۆی بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵانەی گرنگە بەلای کۆمەڵەوە، بەمەش لەکاتی سەیرکردنی لاپەڕەکانی دەتوانرێت ریکلامە بڵاوکراوەکان ببینرێت.**
2. **رۆژنامە گشتیەکان بە هەرزانترین ئامرازی بڵاوکردنەوەی ریکلام دادەنرێت بەراورد بە تێچوونو توانای بڵاوکردنەوەو دابەشکردنی.**
3. **شێوازی دەرچوونی رۆژنامە رێگا بە دووبارەکردنەوەی ریکلام دەدات بۆ ماوەیەکی زۆر، بەمەش دەتوانرێت ئاماژە بە تایبەتمەندی زیاتری کاڵاو خزمەتگوزاریەکان بدرێت[53].**
4. **لە رۆژنامە رۆژانەکاندا ئەنجامی ریکلام زۆر بە خێرایی لە رۆژی دواتر دەردەکەوێت.**
5. **لە رۆژنامەدا بەهۆی ئەو بابەتانەی لە لاپەڕەکانی تردا بڵاودەکرێتەوە، لە هەواڵو زانیاری گشتیو تایبەت، زۆربەی جار لە هەوڵی ئەوەدایە ریکلامەکانی راستگۆیی تێدابێت بۆ ئەوەی جێگای متمانەی خوێنەرانی بێت.**
6. **دەتوانرێت زانیاریەکانی ناو ریکلامەکە بپارێزرێت لە رێگای لێکردنەوەی ریکلامەکە[54].**
7. **رۆژنامە دەگاتە جەماوەرێکی فراوان لەوانە (خوێندەوار، بازرگان، خاوەن پیشە، سیاسی، فەرمانبەر ...) ئەمەش وا دەکات لە زۆر بوارو چالاکیدا بەکاربهێنرێت.**
8. **ئاسانیو خێرایی بڵاوبونەوەیو کاتی دەرچوونی رۆژنامە رۆژانەیە یان هەفتانە یان لە یەکترەوە نزیکە، ئەمەش وا دەکات بگونجێت بۆ ریکلامکردن بۆ ئەو کاڵایانەی، کە ریکلامکار دەیەوێت بەشێوەیەکی خێرا ریکلامی بۆ بکات، دەتوانێت بە ماوەیەکی کەم ریکلامەکە بباتو بۆی بڵاوبکرێتەوە یان گۆڕانکاری تێدا بکرێت یان لابرێت.**
9. **تێچوونی بەرهەمهێنانی ریکلام لە رۆژنامەدا کەمترە ئەگەر بەراورد بە تەلەفزیونو سینەما بکرێت، وە هەندێك کاڵا دەتوانرێت بۆ ماوەیەکی زۆر ریکلامی بۆ بکرێتو بە هەمان نەخشەسازیی لە رۆژنامەدا بڵاوبکرێتەوە[55].**
10. **لە ریکلامی چاپکراودا خوێنەر دەتوانێت بەپێی ئارەزووی خۆی هەربەشێکی بوێت بیخوێنێتەوە[56].**
11. **گرنگینەدان بە کاتو خێرایی چونکە رۆژنامەکە لە بەردەستی خوێنەردایە دەتوانێت بەپێی کاتی خۆیو چەند جارێك ریکلامەکە بخوێنێتەوە.**
12. **لە رۆژنامەدا خوێنەر دەتوانێت تەنها ناونیشان یان دەق بخوێنێتەوە یان سەیری وێنەکان بکاتو دواتر بابەتەکە بە تەواوی بخوێنێتەوە، خوێنەر چۆنی بوێتو کەی بیەوێت دەتوانێت ریکلامەکە بخوێنێتەوەو تەرکیز بکاتە سەر لایەنەکانی.**

---

[51]. بشير عباس العلاق، على محمد ربابعية، الترويج والإعلان التجارى ـ أسس، نظريات، تطبيقات ـ مدخل متكامل، (عمان: دار اليازورى العلمية للنشر والتوزيع، 2002)، ص255

[52]. حنا بللوز، الدعاية والتسويق و معاملة الزبائن، ( سوريا: الدار الرضا للنشر، 1999)، ص97

[53]. فليح عبدالزهرة الزبيدى، فن البيع والإعلان، (بغداد: مطبعة العمال المركزية، 1988)، ص55ـ56

[54]. سامى عبدالعزيز، سلوى العوادلى، سەرچاوەی پێشوو، ص61

[55]. أحمد عبدالمجيد، سەرچاوەی پێشوو، ص27

[56]. فارس عطوان، الفضائيات العربية ودورها الإعلامي، (عمان: دار أسامة للنشر والتوزيع، 2009)، ص179

**ب. لایەنە نەرێنیەکانی رۆژنامە وەك ئامرازێکی ریکلامی[57]:**

1. رۆژنامە بۆ کەسانێکە، کە خوێندەواریان هەیە کەسی نەخوێندەوار ناتوانێت سوودی لێوەربگرێت.

2. لە سنورێکی جوگرافی دیاریکراودا بڵاودەبێتەوە مەرج نیە بگاتە هەموو شوێنێك.

3. لە ریکلامی رۆژنامەنووسیدا توانای داهێنان نیە، جووڵەی تێدا نیەو بە خێرایی دەردەچێت بەشێك لە رۆژنامەکان رۆژانە دەردەچن.

4. بەهۆی زۆری بابەتەکان جۆرێك لە تێکەڵاوی هەیە، سەرنجی خوێنەر پەرش و بڵاودەکاتەوە.

5. زۆرجار بەهۆی داگیرکردنی پانتایەكو دووبارەکردنەوەی ریکلامەکە خوێنەر توشی بێزاریی دەکات.

6. بڵاوکردنەوەی ریکلام لە رۆژنامەدا ژیانی کورتە، لەبەرئەوەی زۆرێك لە رۆژنامەکان بەشێوەی رۆژانە دەردەچن یان خوێنەر لە رۆژێك یان دوو رۆژ زیاتر رۆژنامە ناپارێزێت[58].

7. جۆری ئەو کاغەزەی رۆژنامەی لەسەر چاپدەکرێت باش نیەو بەشێك لە رۆژنامەکان بە رەشوسپی دەردەچن، وێنەو رەنگی کاڵاکان وەکو خۆیان بۆ خوێنەر ناگوێزرێتەوە.

8. ریکلامی رۆژنامە کەمتر سەرنجی خوێنەر رادەکێشێت، چونکە بەشێوەیەکی گشتی ریکلامێك بەرهەم دەهێنێت، کە لە ئاستێکی مام ناوەندایە، لە زۆربەی رۆژنامەکاندا وێنەو هونەری تایبەت بە ریکلام بەکارناهێنرێت[59].

9. رەنگە خوێنەر بە پەلە بێت لە خوێندنەوەی بابەتەکانداو بەهۆی زۆری ریکلامە بڵاوکراوەکان نەتوانێت بە با شی هەموو ریکلامەکان ببینێت.

**ت. جۆرەکانی ریکلامی رۆژنامە**

ریکلامی رۆژنامە بەپێی شێوەو ناوەڕۆك بۆ چەند جۆرێك دابەش دەبێت وەك[60]:

1- دەرگا جێگیرەکان: ئەو ریکلامانەیە رۆژانە لە رۆژنامەکاندا بڵاودەکرێتەوە لە خوێنەر دانابرێت، دەبێت بە بەشێك لە پێکهاتەی رۆژنامەکە لە تایبەتمەندیەکانی ئەم جۆرە ریکلامە:

ـ ریکلامە کۆکراوەکان تایبەتە بە بابەتێکی دیاریکراو ریکلامکاری لە دەوری خۆی کۆدەکاتەوە.

ـ ریکلامە بە پەلەکان، کە یەك جار بڵاودەکرێتەوە.

ـ نابێت ریکلامەکە بە جۆرێك بێت خوێنەر بە رێکەوت لەکاتی خوێندنەوەی بابەتەکانی رۆژنامەکە چاوی بەرکەوێت، بەڵکو دەبێت خوێنەر بەدوایدا بچێت.

ـ ئەم جۆرە ریکلامە تەنها بۆ رۆژنامە گونجاوە بۆ هیچ ئامرازێکی تر ناگونجێت.

ـ لە شێوازی دەرهێناندا پشت بە کۆکردنەوەی وشە بۆ دروستکردنی د ێرو ستوون دەبەستێت، وەك بابەتە رۆژنامەوانیەکان.

جۆرەکانی ریکلامی دەرگا جێگیرەکان[61]:

---

57. بەهادین ئەحمەد محەمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل56

58. pierre amerien، بعض كتاب، التسويق إدارة الأعمال التجارية، ترجمة، إياد زوكار، (سوريا: دار الرضا للنشر، 1999)، ص359

59. محمد أبو سمرة، إدارة الإعلان التجاري، (عمان: دار أسامة للنشر والتوزيع، 2009)، ص149

60. محمد شحات، سەرچاوەی پێشوو، ص58

61. منى سعيد الحديدي، سلوى إمام علي، الإعلان ـ أسسه..وسائله..فنونه، (القاهرة: الدار المصرية اللبنانية، 2005)، ص100

أ. ریكلامە پۆلێنكراوەكان: ئەم جۆرە ریكلامە هەندێك بواری جیاواز لە خۆدەگرێت وەك ریكلامكردن بۆ ئوتومۆبیلو خزمەتگوزاری هونەرییو ئەو ریكلامانەی شێوازی بازرگانیان هەیە.

ب. بەڵگە: ئەم جۆرە ریكلامە لە دەرگا جێگیرەكان وەك رێنوێنیكردنی تەندروستی، جوانكاری، سینەما، شانۆ.

ت. ریكلامی پرسە: تایبەتە بە بڵاوكردنەوەی هەواڵی پرسە.

پ. ریكلامە كۆمەڵایەتیەكان: تایبەتە بە هەواڵی خۆشو بۆنەكان.

2- ریكلامی رووبەرەكان: بریتیە لەو ریكلامانەی لە رووبەرێكی دیاریكراودا لەسەر لاپەڕەی رۆژنامەكان بڵاودەكرێتەوە، كە بە سانتیمترو ستوون پێوانە دەكرێتو دەبێت بە جۆرێك بێت لەكاتی خوێندنەوەی رۆژنامەكەدا خوێنەر چاوی بە ریكلامەكە بكەوێت، لێرەدا بەپێی شوێن رووبەرو جۆری كاڵاكە دیاریدەكرێت نابێت ژمارەیەك كاڵا، **كە** لە كێبڕكێدان لە هەمان شوێندا بن، بەڵكو دەبێت شوێنەكانیان دووربێت لە یەكترەوە، چونكە ریكلامكار بەوە رازی نابێت ئەو كاڵایەی، كە ریكلامەكەی بۆ دەكات لە هەمان شوێندا بێت لەگەڵ كاڵای ركابەرەكەی لە رۆژنامەدا، هەر لاپەڕەو شوێنێك گرنگ ی خۆی هەیە تەنانەت خوێنەری تایبەتی خۆشی هەیە، بۆیە ریكلامیش بەپێی شوێنو رووبەرەكەی نرخی جیاوازیی هەیە.

**جۆرەكانی ریكلامی رووبەرەكان[62]:**

أ. ریكلامی ئاگاداركردنەوە: ئامانجی ئەم جۆرە ریكلامە ئاگاداركردنەوەی جەماوەرە بە بابەتێكی دیاریكراو، نەك هاندانی بەكاربەر بۆ كڕینی كاڵایەك، بەشێكی زۆری ئەم جۆرە ریكلامانە لەلایەن حكومەت یان كەرتی گشتی یان كۆمپانیا وەبەرهێنەرەكان ئەنجام دەدرێت، وەك ریكلامكردن بۆ هەڵمەتی بەخشین یان كەمكردنەوە یان گۆڕینی ناوی ریكلامكارو ناونیشانو ژمارەی تەلەفونیان.

ب. ریكلامی هاندان: ئەم جۆر ە ریكلامە هانی بەكاربەر دەدات بۆ كڕینی كاڵاو خزمەتگوزاریەكان، لە رێگای بڕواپێهێنانیان بە تایبەتمەندیەكانیو سوودەكانی یان ئاڕاستەكردنیان بۆ كڕینی لە شوێنێكی دیاریكراو، ئەم جۆرە ریكلامە رۆژانە بڵاودەكرێتەوە كەرتی تایبەتو گشتی سوود لەم جۆرە ریكلامە وەردەگرێت.

3- ریكلامی نوسراو: ئەم جۆرە ریكلامە وەك ژانەرە جیاوازەكانی رۆژنامە (هەواڵ، وتار، بەدواداچوون) بڵاودەكرێتەوە، رەنگە خوێنەر لە یەكەمجاردا درك بەوە نەكات، كە ریكلامە، بۆیە دەبێت رۆژنامەكە وریا بێت لە بڵاوكردنەوەی ئەم جۆرە ریكلامانە چونكە كارد ەكاتە سەر راستگۆیی رۆژنامەكەو متمانەی خوێنەرەكانی لەبەرئەوەی وەك ژانەرێكی رۆژنامەوانی دەردەكەوێت.

5 - ریكلامی كۆكراوە: بڵاوكردنەوەی ئەم جۆرە لە ریكلام لە كاتێكدایە، كە رۆژنامەكە بۆنەیەك یان بابەتێكی دیاریكراو هەڵدەبژێرێت بۆئەوەی ریكلامكار لە دەوری كۆبكاتەوە، كە چەند شێوەیەكە لەوانە[63]:

أ. لاپەڕەی تایبەت: لە رۆژنامەكاندا بە تایبەتی ئەوانەی رۆژانە دەردەچن، لاپەڕەی تایبەت یان لاپەڕەی ریكلامی كۆكراوەیان هەیە، كە بابەتێك یان بۆنەیەك هەڵدەبژێرن بۆ بڵاوكردنەوەی ریكلامەكە، ئەم جۆرە لاپەڕانە لای

62. ابراهيم عبدالله المسلمی، إدارة المؤسسات الصحفية، (القاهرة: العربی للنشر والتوزيع، 1995)، ص321ـ325
63. طلعت الزهيری، الإعلان بين العلم والتطبيق، (القاهرة: دار المعارف، بدون سنة نشر)، ص186ـ191

**خوێنەر گرنگی خۆیان هەیە بە جۆرێك رەنگە بەردەوام نەبوون لە بلاوكردنەوەی كاربكاتە سەر كەمكردنەوەی رێژەی دابەشكردن.**

**ب. پلشكۆ: لە شێوەی پاشكۆ لەگەڵ رۆژنامەكەدا دابەشدەكرێت دەبێت بە جۆرێك بێت، كە سەرنجی ریكلامكار رابكێشێت بۆ ریكلامكرن بۆ كالآكەیو بلاوكردنەوەی لەو لاپەڕەیەدا، لە هەمانكاتدا دەبێت لێپرسراوی ریكلامی رۆژنامەكە دڵنیا بێت لە دەستكەوتنی قازانج لە دەركردنی پاشكۆیەكی تایبەتو ئەگەر توانی ژمارەیەكی زۆر ریكلام كۆبكاتەوە ئەوا دەتوانێت پاشكۆی تایبەت دەربكات.**

**ت. ئامادەكردنی تایبەت: ئەم جۆرە كۆكراوەی هەردوو جۆر ەكەیە لە (لاپەڕەی تایبەت، پاشكۆ )، جیا لە رۆژنامەكە چاپ دەكرێتو دەفرۆشرێت، ئەو خوێنەرانەی گرنگی بە بابەتە بلاوكراوەكانی ناوی دەدەن دەیكڕن.**

**پ. هەڵمەتی هاوبەش: لێرەدا ژمارەیەك ریكلامكار كۆدەبنەوە بۆ بەشداریكردن لە هەڵمەتەكەدا ریكلام بۆ كالآیەكی دیاریكراو دەكەن، كە هەموویان هەمان كالا بەرهەمدەهێننو یەك ئامانجیان هەیە.**

## دووەم/ گۆڤار:

**گۆڤار بە چاپكراوە خولیەكان دادەنرێتو ئامرازێكی گرنگی ریكلامە، لەگەڵ رۆژنامەدا لە چەند خاسیەتێكدا لەیەكدەچنو لە چەند خاسیەتێكدا جیاوازن.**

**گۆڤار چەند جۆرێكە لەوانە، گۆڤاری هەفتانە، كە هەندێك لەم جۆرە گۆڤارانە بابەتی سیاسیو ئابووریو كۆمەلآیەتیو رووداوەكانی هەفتە بلاودەكەنەوە، گۆڤار هەیە بەدوو هەفتە جارێك دەردەچێت یان مانگانە یان وەرزیە، هەموو گۆڤارەكان بەپێی سیاسەتی خۆیان ریكلام بلاودەكەنەوە، نرخی ریكلام جیاوازە بەپێی ج ۆرو فراوانی بلاوبونەوەی گۆڤارەكەو بەكارهێنانی وێنەو نیگارو رەنگ.**

**لە گۆڤاردا دەستەواژەی گەورەتر بەكاردەهێنرێت وەك لە رۆژنامە، هەندێك گۆڤار چوار لاپەڕە یان هەشت یان لە ناوەڕاستی گۆڤارەكەدا ریكلام بلاودەكاتەوە بەشێوەیەكی سەرنجڕاكێشو بەكارهێنانی وێ نەو رەنگ بەشێوەیەكی باش، نرخی بلاوكردنەوەی ریكلام لەو جۆرە لاپەڕانەدا زیاترە چونكە ئەو لاپەڕانە تایبەتمەندی خۆی هەیە لای ریكلامكار بەهۆی ئەوەی خوێنەر سەیركردنێكی تایبەتیان بۆ ئەو لاپەڕانە هەیە بەهۆی باشی لەرووی نەخشەسازییەوەو گرنگیدان بە ئامادەكردنی ریكلامە چاپكراوەكان تیایدا.**

**هەندێك لە دامەزراوەكان لاپەڕەیەكی تایبەت یان بەشێكی لاپەڕەكە دەكڕن بۆ ئەوەی بۆ ماوەیەكی دیاریكراو ریكلامی تیادا بكەن بۆ بەرهەمەكانیان[64].**

### أ. لایەنە ئەرێنیەكانی گۆڤار وەك ئامرازێكی ریكلامی[65]:

1. **لە گۆڤاردا ریكلامكار ئازادی زیاتری لەبەردەستدایە لە هەڵبژاردنی شوێنو رووبەری ریكلام.**
2. **گۆڤار جیاوازیی هەیە لە رۆژنامە لە رووی ژمارەی لاپەڕەكانی.**
3. **خوێنەری گۆڤار هەست بە ئاستێكی بەرزی زانستیو ئەدەبی زیاتر دەكات وەك لە رۆژنامە.**

---

[64] . أحمد محمد المصری، الإعلان، (الإسكندرية: مؤسسة شباب الجامعة، 2001)، ص78ـ80

[65] . عبدالرزاق الدليمي، الإعلان في القرن الحادي والعشرين، (عمان: دار اليازوري العلمية للنشر والتوزيع، 2015)، ص88

4. هەندێکجار وا باشترە ریکلامکردن بۆ هەندێك کاڵا لە گۆڤا ردا بکرێت وەك لە رۆژنامە بە تایبەتی ئەگەر بابەتەکە لە بوارێکی تایبەتمەندی بەرزدا بێت ، وەك ریکلامکردن بۆ دەرمانێك یان بابەتێکی پزیشکی لە گۆڤارێکی پزیشکیدا[66].
5. گۆڤار هەرجۆرێك بێت ئاراستەی جۆرێك خوێنەری تایبەتمەند دەکرێت ئەمەش یارمەتی ریکلامکار دە دات جەماوەر بە وردتر هەڵبژێرێت.
6. بەکارهێنانی رەنگ‌و وێنە وا دەکات بەسەر رۆژنامەدا سەرکەوێت، چونکە زۆربەی جار ریکلام بە رەش‌و سپی بڵاودەکاتەوە.
7. گۆڤار لەکاتی پشوودانَدا دەخوێنرێتەوە، بەمەش بەشێوەیەکی قوڵتر ریکلام دەخوێنرێتەوە.
8. گۆڤار تەمەنی درێژە زیاتر لای خوێنەر دەمێنێتەوە بەمەش هەلی سەیرکردنی ریکلامە بڵاوکراوەکانی زیاترە.
9. بەشێوەیەکی گشتی چاپی گۆڤار باشترە لە چاپی رۆژنامە لەبەرئەوەی کاتی دیاریکراو بە چاپکردنی فراوانترە، گۆڤار بە هەواڵی رۆژانەوە نەبەستراوەتەوە.

**ب. لایەنە نەرێنیەکانی گۆڤار وەك‌ئامرازێکی ریکلامی:**

1. زۆری ریکلامە بڵاوکراوەکان لە گۆڤاردا رەنگە وا لە خوێنەر بکات سەرنجی هەندێکیان نەدات.
2. بەرزی نرخی تێچوونی ریکلام لە گۆڤاردا بەراورد بە رۆژنامە.
3. بڵاوکردنەوەی ریکلام لە گۆڤاردا کاتێکی زۆری دەوێت بەراورد بە ئامرازەکانی تری راگەیاندن، چونکە گۆڤار بەشێوەی هەفتانە یان مانگانە یان وەرزی دەردەچێت، بۆیە بڵاوکردنەوەی ریکلام لە گۆڤاردا بۆ ئەو بابەتانە دەبێت، کە پەلە نین‌و بە تێپەڕبوونی کات کاریگەریی نابێت[67].

**ت. جۆرکانی گۆڤار:**

گۆڤار بەپێی جۆرەکانی بۆ سێ بەشی سەرەکی دابەش دەبێت[68]:

1. لە رووی ئامانج: دابەش دەبێت بۆ:

أ. گۆڤاری تایبەتمەند : ئەو گۆڤارانەیە، کە ئاراستەی دەستەیەکی دیاریکراو دەکرێت وەك گۆڤاری ژنان، منداڵان، گەنجان...

ب. گۆڤاری گشتی: ئەم جۆرە گۆڤارانە بابەتەکانی گشتیەو بەلای بەشێکی زۆری تاکەکانەوە گرنگی پێدەدرێت‌و دەگاتە ژمارەیەکی زۆر خوێنەر.

ت. گۆڤاری تایبەت: ئەو گۆڤارانەی لەکاتی بۆنەو ڤیستیڤاڵ‌و چالاکیە جۆر بەجۆرەکاندا بڵاودەکرێتەوە.

2. لەرووی قەبارەوە: دابەش دەبێت بۆ:

أ. قەبارەی گەورە.

ب. قەبارەی ئاسایی.

---

66. رستم أبو رستم، محمد أبو جمعة، الدعاية والإعلان، (عمان: المعتز للنشر والتوزيع، 2003)، ص85
67. عبدالمعطي محمد عساف، محمد فالح صالح، أسس العلاقات العامة، (عمان: دارالحامد للنشر والتوزيع، 2004)، ص95
68. نجم عبد شهيب، نوالدين النادي، الدعاية والإعلان في السينما والتلفزيون، (عمان: مكتبة المجتمع العربى للنشر والتوزيع، 2006)، ص87-88

3. لەرووی کاتی دەرچونیەوە:

أ. گۆڤاری هەفتانە.

ب. گۆڤاری نیو مانگی.

ت. گۆڤاری مانگانە

پ. وەرزانە.

هەروەها لەرووی تایبەتمەندبوونەوە گۆڤار بۆ چەند جۆرێك دابەش دەبێت لەوانە[69]:

1. گۆڤاری هەواڵیو راوبۆچوون: ئەم جۆرە گۆڤارە تەرکیز دەکاتە سەر رووداوە سیاسیەکان.
2. گۆڤاری رۆشنبیری: ئاڕاستەی توێژی رۆشنبیر دەکرێت.
3. گۆڤاری هونەریی: گرنگی بە بابەتی هونەرییو ئەدەبو هونراوەو چیرۆك دەدات.
4. گۆڤاری زانستی: ئاڕاستەی کەسانی تایبەتمەند لە بوارەکانی زانستدا دەکرێت.
5. گۆڤاری کۆمەڵایەتی: ئەم جۆرە گۆڤارە بۆ دەستەی دیاریکراوە وەك ژنان، پیاوان، منداڵان.
6. گۆڤاری کار: مەبەست لەو جۆرە گۆڤارانەیە، کە تایبەتە بە بواری کارگێڕیو ئابووریی.
7. گۆڤاری گشتی: ئەم جۆرە گۆڤارە تایبەت نیە بە بوارێکی دیاریکراو ئامانجی دەستکەوتنی زۆرترین خوێنەرە.
8. گۆڤاری وەرزشی: تایبەتە بە بواری وەرزشی گرنگی بە وەرزشو وەرزشەوانان دەدات.
9. گۆڤاری پیشەیی: ئەم جۆرە گۆڤارە گرنگی بە هەموو ئەو بابەتانەی دەدات پەیوەندی بە پیشەوە هەبێت.

## سێیەم/ گرنگی ریکلامی رۆژنامەنووسیی:

ریکلام وەك ئامرازێکی گرنگی بانگەشەکردن تەنها گرنگی لە ناساندنی ناوی کاڵاو خزمەتگوزاریەکانو زانیاریدان لەسەر چۆنێتی بەکارهێنانیان نیە، بەڵکو گرنگی بۆ کۆمەڵێك لایەن هەیە لەوانە:

### 1. گرنگی ریکلام بۆ دەزگا رۆژنامەنوسییەکان

دەزگا رۆژنامەنوسیەکان وەك سەرچاوەیەکی پەیداکردنی داهات پەنا بۆ ریکلام دەبەن، ئەمەش بەستراوەتەوە بە ژمارەی خوێنەرانی بەو مانایەی هەتا ژمارەی خوێنەری رۆژنامەو گۆڤارەکان زۆر بێت ریکلامی زۆریش دەچێت بۆ دەزگا رۆژنامەنوسیەکە بۆ بڵا وکردنەوەو گەیشتنی پەیامە ریکلامیەکە بە زۆرترین خوێنەر، هەتا ژمارەی خوێنەرانی کەمتربێت ژمارەی ریکلامەکانیشی کەمتر دەبێت [70]. بەهۆی زۆری خەرجیەکانی رۆژنامەو گۆڤارو بڕی تێچوونی هەر ژمارەیەکیان لەکاتی دەرچوونیدا هەموو ئەمانە وادەکات پێویستی بە داهاتی زی اتر بێت . بۆیە خاوەن دەزگا رۆژنامەنووسیەکان پشت بە بڵاوکردنەوەی ریکلام دەبەستن بۆ بەردەوام بوون لە دەرچوون، وە ریکلامکاریش سوود لە ریکلام وەردەگرێت بۆ ئەوەی کاڵاکانی بە خوێنەران بناسێنێت، چونکە خوێنەر دەتوانێت لە رێگای خوێندنەوەی رۆژنامەو گۆڤارەکان ئەو کاڵاوخزمەتگوزاریانە بناسێت، کە پێویستیەتی هەروەها رۆژنامەو گۆڤارەکانیشی دەستکەوێت بە کەمترین نرخ بەهۆی ئەو پاڵپشتیە داراییەی، کە دەزگا رۆژنامەنووسیەکە لە رێگای ریکلامەوە دەستی دەکەوێت[71].

---

69. محفوظ أحمد جودة، العلاقات العامة ـ مفاهيم و ممارسات، (عمان: دار زهران للنشر والتوزيع، 2002)، ص205ـ206

70. فاروق خالد، الإعلام الدولي والعولمة الجديدة، (عمان: دار أسامة للنشر والتوزيع، 2009)، ص180

71. ماجد راغب الحلو، حرية الإعلام والقانون، (الإسكندرية: منشأة المعارف، بدون سنة نشر)، ص148

ریکلام له دەزگا رۆژنامەنووسیەکاندا رووبەرێکی دیاریکراوی بۆ تەرخاندەکرێت بەمەبەستی گەیاندنی زانیاری لەسەر کالاو خزمەتگوزاریەکان بە دەستەیەکی دیاریکراو یان هەموو جەماوەر . ئامانجی ریکلام پەیداکردنی بەکاربەرە بۆ ئەو کالاو خزمەتگوزاریانەی ریکلامی بۆ دەکات بەمەبەستی زیادکردنی فرۆشتنو قبولکردنی لەلایەن جەماوەرەوە[72].

دەزگا رۆژنامەنوسیەکان پشت بە بلاوکردنەوەی ریکلام دەبەستن بۆ پەیداکردنی داهات، بۆیە پێویستە ریکلامێك بلاوبکەنەوە، کە سوودی بۆ ریکلامکار هەبێت بەرامبەر بەو بڕە پارەیەی بە دەزگا رۆژنامەنووسیەکەی دەدەن بۆ ئەوەی لە ریکلامکردن بەردەوام بن، وە پێویستە دەزگا روژنامەنووسیەکان وریا بن لە بلاوکردنەوەی ریکلامدا ئەو زانیاریانەی لەسەر کالاکان بە بەکاربەری دەدەن راست بێت، بلاوکردنەوەی زانیاری ناڕاست یان ریکلامکردن بۆ کالای خراپ زیان بە دەزگا رۆژنامەنووسیەکە دەگەیەنێت، چونکە خوێنەر متمانەی بەو دەزگایە نامێنێت ئەم کارەش دەکەوێتە ئەستۆی لایەنی کارگێڕی دەزگا رۆژنامەنووسیەکە، پێویستە بەدواداچوون بکات بۆ ئەو کالایانەی ریکلامی بۆ دەکاتو ئەوانە دووربخاتەوە، کە جێگای گومانن ئەمەش کارێکی ئاسان نیە رەنگە دەزگا رۆژنامەنووسیەکە هەموو ئەو رووبەرەی بۆ ریکلامی تەرخانکردوە نەتوانێت پڕی بکاتەوە، بەلام بۆ دەزگاکە وا باشترە بۆ ئەوەی ناوبانگی بە باشی بمێنێتەوە[73].

## 2. گرنگی ریکلام لە بواری ئابووریدا

ریکلام لە بواری ئابووریدا کاریگەریی هەیە لە رێگای ئەو رۆڵەی دەیبینێت، کە دەبەسترێتەوە بە جووڵەی بازاڕو جووڵەی دابەشکردنو بەرهەمهێنان، هەروەها کاریگەریی لەسەر خواستو خستنەڕوو هەیە، بەبێ ریکلام بەکاربەر ناتوانێت ئەو بەرهەمانە بناسێت، کە ئارەزوو پێداویستیە زۆرەکانی پڕ بکاتەوە[74].

بۆچوونی جیاواز دەربارەی کاریگەریی ریکلام لەسەر لایەنی ئابووریی هەیە، هەندێك لە شارەزایانی بواری ئابووریی بۆچوونیان وایە، کە بڕێکی زۆر پارە لە ریکلامدا خەرج دەکرێت ئەمەش وا دەکات نرخی کالاو خزمەتگوزاریەکان بەرزبکاتەوە، چونکە زیادەی تێچوونی ریکلامەکە دەخرێتە سەر نرخی شمەکەکان، دەکرێت چاوپۆشی لەمەش بکرێت بە کەمکردنەوەی نرخی تێچوونی ریکلامەکە بۆ پیشاندانی وێنەیەکی جوانی ریکلامو کەمکردنەوەی خەرجی بەکاربەر، بەلام هەندێکی تر لایان وایە چالاکی ریکلام کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگا دەبێتو گۆڕانکاری لەلایەنی ئابوورییو کۆمەلایەتی دروست دەکات، بۆیە شتێکی ئاساییە پارە لە ریکلامدا خەرج بکرێتو زیادەی تێچوونەکەشی بخرێتە سەر شمەکەکان، هەندێك لە ئابووریناسان بۆچوونیان وایە ریکلام دەبێتە هۆی گەشەسەندنی ئابووریی، چونکە جەخت لەسەر راکێشانی سەرنجی بەکاربەر دەکاتەوە بۆ کالا یان خزمەتگوزاریەکەو کاردەکات لەسەر زۆری بەکاربردنو زیادکردنی بەرهەمهێنا ن، ئەمەش دەبێتەهۆی کەمکردنەوەی بڕی تێچوونی هەریەکەیەك لەو کالایە[75]. لەگەڵ گەشەسەندنی پیشەسازیو بەکارهێنانی ئامێر توانای بەرهەمهێنان لە کاتێکی کەمدا زیادیکرد بۆیە پێویستی بە رێگایەك یان هۆکارێك بوو بۆئەوەی بازاڕ بۆ بەرهەمەکان بدۆزنەوە، لە ئەنجامدا گرنگ بوو خەڵك بەرهەمەکان

---

72. علی عبدالفتاح، إدارة الإعلام، (عمان: دار اليازوري العلمية للنشر والتوزيع، 2014)، ص162
73. طلعت الزهيری، سەرچاوەی پێشوو، ص198
74. هويدا مصطفی، الإعلان في الأنظمة الإذاعية المعاصرة، (القاهرة: الدار المصرية اللبنانية، 1999)، ص22
75. بشير عباس العلاق، علی محمد ربابعية، سەرچاوەی پێشوو، ص137

بناسێتو بەکاریان ببات، ریکلامیش توانی ئەم رۆڵە ببینێتو جووڵەی زیاتری دا بە بواری ئابووریی‌و بەردەوام بوونی ئەم دۆخە لەنێوان بەرهەم‌و ریکلام‌و هاندانی بەکاربردن لە ئەنجامدا خزمەتێکی گەورەی بە کۆمەڵگا کرد[76].

ریکلام لە رووی ئابوورییەوە کۆمەڵێك لایەنی ئەرێنی‌و نەرێنی هەیە، کە لێرەدا باسیان لێوە دەکەین.

**لایەنە ئەرێنیەکانی ریکلام لە رووی ئابوورییەوە بریتیە لە[77]:**

أ. ریکلام هۆکارێکە بۆ زیادکردنی داهاتو بەرهەم‌و لە ئەنجامدا ئاستی بژێوی خەڵك بەرزدەبێتەوە.

ب. ریکلام لە پەرەسەندنی چالاکی ئابووریدا بەشداریدەکات لە رێگای زیادکردنی بەکاربردن.

ت. ریکلام لە زیادکردنی بەرهەمهێنانی کالاکاندا بەشداریدەکات، لە رێگای بڕواهێنانی بەکاربەر بە کڕینی کاڵاکە، بەم شێوەیە دەبێتە هاندەرێك بۆئەوەی کالای تازە بەرهەم بهێنرێت.

پ. زانیاری پێویست دەر بارەی کالاو خزمەتگوزاریەکان بە بەکاربەر دەدات، ریکلام هۆکارێکە دامەزراوەکان بۆ ئاگادارکردنەوەی جەماوەر بە جۆرو شێوەو نرخ‌و شوێنی دەستکەوتنی کاڵاو خزمەتگوزاریەکان پشتی پێدەبەستن[78].

ج. ئاگادارکردنەوەی بەکاربەر بە کاڵاو خزمەتگوزاریەکان‌و هاندانیان بە بەکاربردنیان، ئەم پرۆسەیە وا دەکات کۆمپانیاکان بەرهەمیان زیاد بکات، لە ئەنجامدا هێزی کارو ئاستی ئیشپێکردن لە وڵاتدا زیاد دەکات ئەمەش سوودێکی زۆری بۆ گەشەسەندنی ئابووریی وڵات هەیە.

ح. لە ئەنجامی بەدیهێنانی ئامانجی ریکلام لە زیادکردنی فرۆشتن‌و بەدەستهێنانی قازانج، چالاکی ئابووریی دەجووڵێت دەتوانرێت بەشێك لەو قازانجە دابینبکرێت بۆ پرۆژەکانی داهاتوو، کە یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی سەرمایەو بەرهەم‌و گەشەی ئابووریی زیاد بکات.

خ. راستکردنەوەی زانیاری‌و بۆچوونی هەڵە لەسەر بەرهەم‌و دامەزراوەکان‌و دژایەتیکردنی پڕوپاگەندەی ناڕاست، کە رکابەرەکان بلاویدەکەنەوە بۆیە لەسەر ریکلام پێویستە زانیاریە هەڵەکان لەلای جەماوەر راستبکاتەوە[79].

**لایەنە نەرێنیەکانی ریکلام لە رووی ئابوورییەوە بریتیە لە[80]:**

أ. ریکلامی خراپ بە هۆکاری لەدەستدانی سەرمایەی ئابووریی‌و بەهەدەردانی داهات دادەنرێت.

ب. لەکاتی هەڵبژاردنی ئامرازی نەگونجاو بۆ ریکلامکردن، بۆ نموونە هەڵبژاردنی ئامرازێك، کە بلاوبونەوەو دابەشکردنی دیاریکراوبێت تێچوون زیاد دەکات بەبێ ئەوەی فرۆشتن زیاد بکات.

ت. هەندێکجار ریکلام زانیاری پێویست سەبارەت بە کالاکە پێشکەش ناکات، بۆیە بەکاربەر لەسەر بنەمایەکی باش ناتوانێت بڕیار لە کڕینی کالاکە بدات[81].

پ. دووبارەکردنەوەی ریکلام کۆت لەسەر بەکاربەر دادەنێت، ناتوانێت بە ئازادیی ئەو کاڵاو خزمەتگوزاریە هەڵبژێرێت، کە پێویستیەتی یان رەنگە کالایەك هەبێت تایبەتمەندی زۆر زیاتری هەبێت لەو کالایەی، کە ریکلامی بۆ کراوە.

---

[76]. نجم عبد شهيب، نوالدين النادي، سەرچاوەی پێشوو، ص22

[77]. سهاد عدنان جلوب المطيرى، سەرچاوەی پێشوو، ص28

[78]. أميد محمد حسين، سەرچاوەی پێشوو، ص12

[79]. حمد بن ناصر الموسى، سەرچاوەی پێشوو، ص172

[80]. سهاد عدنان جلوب المطيرى، سەرچاوەی پێشوو، ص28

[81]. نيفين حسين شمت، التسويق الدولى والإلكترونى، (الإسكندرية: دار التعليم الجامعي، 2010)، ص96

ج. ريكلام نرخى كالاو خزمەتگوزاريەكان زياد دەكات، ئەو برە پارەيەى لە ريكلامدا خەرج دەكريت لەسەر نرخى كالاكان دادەنريت.

ح. ريكلام كار لەسەر گواستنەوەى بەكاربەر دەكات لە كا لايەكەوە بۆ كالايەكى تر ئەمەش بە هەلەيەكى گەورە دادەنريت[82].

خ. ريكلام وا لە بەكاربەر دەكات ئارەزووى دەستكەوتنى كالايەك بكات، كە لە توانايدا نيە بيكريت يان بە زيادە خەرجكردن دادەنريت، هەروەها ريكلام رقو كينەى كۆمەلايەتى دروست دەكات بەتايبەتى ئەو دەستانەى داهاتيكى دياريكراويان هەيە.

د. ريكلام لەسەر بنەماى برەوپيدان بە كالايەكى دياريكراو هانى قۆرخكارى دەدات.

ژ. رەنگە دەزگا رۆژنامەوانييەكان يەكبگرن بۆ ئەوەى نرخى ريكلامەكان بەرزبكەنەوە.

ر. كاتيك چالاكيەكى ريكلامى ئەنجامدەدريت لە جيى خۆيدا نەبيت بە خەرجى زيادە دادەنريت.

### 3. گرنگى ريكلام لە بوارى كۆمەلايەتيەوە

كۆمەلگا لە كۆمەليك كەس پيكهاتووە، كە هەنديكيان كالا بەرهەمدەهينن و هەنديكيان بەكاربەرن، ريكلام لە بەهيزكردنى پەيوەندى نيوان ئەو دەستانەى لە ناو كۆمەلگادان رۆلى كاريگەريى هەيە، ليرەدا باس لە گرنگ يەكانى ريكلام دەكەين لە بوارى كۆمەلايەتيەوە، كە بريتيە لە:

#### أ. ريكلام هيزيكى فيركارىو رۆشنبيرييە

ريكلام وەك هيزيكى فيركارى كاريگەريى دەكاتە سەر بيرى خەلكو رۆشنبيريان زياد دەكات، كاردەكات لەسەر برواپيهينانى خەلك بە كرينى كالا يان خزمەتگوزاريەكى دى اريكراو، لە پيناوى برواپيهينانيان پاساوى گونجاو بەكاردەهينريت فيرى شتيكى تازەيان دەكات تايبەت بە پيكهاتەو بەكارهينانو سوودو ميژووى كالا جياوازەكان، كە پيشتر نەيانزانيوە ريكلام بە ئامرازيكى گواستنەوەى بيرۆكە لە ريكلامكارەوە بۆ جەماوەر بەشيوەيەكى گشتىو بەكاربەر بە تايبەتى دادەنريت، ئەو زانياريانەيان بۆ دەگوازيتەوە، كە لايەنى رۆشنبيرىو كۆمەلايەتىو ئابوورييان بەهيز دەكات، هەروەها خەلك فير دەكات چۆن پاريزگارى لە تەندروستيان بكەنو ئاستى زانستىو رۆشنبيريان بەرز بكەنەوە[83].

#### ب. گرنگى ريكلام وەك ئامرازيكى بانگەشەكردن بۆ بنەما سياسيەكان

ريكلام لە بانگەشەكردن بۆ بيرورا سياسيەكان لە ناو كۆمەلگادا بەشداريدەكات، لايەنيك يان پارتيك يان كۆمەليك يان كانديديكى سياسى هەلدەستيت بە كرينى رووبەريكى دياريكراو لە دەزگايەكى رۆژنامە نووسيى بەمەبەستى گەياندنى نامە سياسيەكەى بە جەماوەر، بە تايبەتى لەكاتى هەلمەتى هەلبژاردنەكاندا بۆ ئەوەى جەماوەر لە بەرنامەو پرۆگرامى لايەنە سياسيەكان ئاگاداربكريتەوە، هەروەها لەكاتى هەلمەتى هوشياركردنەوەى جەماوەرو خۆشەويستيان بەرامبەر نيشتمان ريكلام رۆليكى گرنگى هەيە[84].

#### ت. هەلى وەك يەك بۆ تاكەكانى كۆمەل دەرەخسينيت

---

82. كريم مشط الموسوي، سەرچاوەى پيشوو، ص91

83. ياس خضيرالبياتى، عبدة محمد داود، شيماء السيد سالم، مقدمة في العلاقات العامة والإعلان، (عمان: الأفاق المشرقة للنشر والتوزيع، 2012)، ص147

84. محمد بن سعود البشر، مقدمة في الاتصال السياسى، (الرياض: مكتبة العبيكان، 1997)، ص105

ریكلام بەبێ جیاوازیی هەلدەڕەخسێنێت بۆ تاكەكانی كۆمەڵ كاڵاو خزمەتگوزاریان دەستكەوێت، وە یارمەتی بەكاربەر دەدات لە چۆنێتی دەستكەوتنی ئەو كاڵایانەی لەلایەن كۆمپانیاكانەوە دەهێنرێنە ناوخۆ، هەروەها چۆنێتی دەستكەوتنی ئەو كاڵایانەی لەلایەن بازرگانەكانەوە پێشكەشدەكرێن.

**پ. ریكلام ژیانی تاك ئاسان دەكات**

یارمەتی تاك دەدات، كە پێداویستیەكانیان بە ئاسانترین رێگاو هەرزانترین نرخ دەستكەوێت، بەمەش ماندووبوونو پارەیەكی زۆریان لە گەڕان بەدوای كاڵاو خزمەتگوزاریەكان بۆ دەگەڕێتەوە[85].

**ج. ریكلام لە زیادكردنی داهاتی تاكدا بەشداریدەكات**

كار لەسەر ناساندنی جەماوەر بە پێداویستیەكانیانو تێركردنیانو رێنماییكردنیان دەكات بەشێوەیەكی ئابوورییانەو بە باشترین رێگا، لە ئەنجامدا بەكاربردنو بەرهەم لە رووی بڕو جۆرو بەهاوە زیاد دەكات.

**ح. ریكلام رەفتاری باش لای تاك دروست دەكات**

لە ئەنجامی بەردەوام بەكارهێنانی كاڵایەك، كە ریكلامی بۆ دەكرێت هەندێك رەفتاری باش لای تاك دروست دەبێت هەتا ریكلامەكە دووبارەبێتەوە كاریگەریی زیاتری دەبێت، وەك چۆنێتی بەكارهێنانی ئامێری ئاگركوژێنەرەوە لە ناو ماڵدا، بەم جۆرە رەفتاری باش لەناو خەڵكدا بڵاودەبێتەوە.

**خ. ریكلام نەتەوەو كۆمەڵگاكان لە یەك نزیك دەكاتەوە**

ریكلام بەشدارە لە نزیككردنەوەی چینەكان لە ناو یەك كۆمەڵگاداو نزیككردنەوەی كۆمەڵگاكان لە یەكتری كاتێك لە ئاستی نێودەوڵەتیدا بڵاودەكرێتەوە، لە رێگای گواستنەوەی دابو نەریتی هەندێكی ان بۆ ئەوانەی تر، هەروەها شێوازی باشی ژیانی نێوان دەوڵەتەكان بڵاودەكاتەوەو بیروبۆچوونو شێوازی بیركردنەوەو زانستو ئەدەب لەنێوان گەلاندا بڵاودەكاتەوە[86].

---

85. علی فلاح الزعبی، سەرچاوەی پێشوو، ص229

86. تیسیر أحمد أبو عرجة، سەرچاوەی پێشوو، ص185-186

## بەشی سێیەم: هەنگاوەکانی نەخشەسازیی ریکلام

*باسی یەکەم: نەخشەسازیی ریکلام

*باسی دووەم: هەنگاوەکانی نەخشەسازیی

**دەستپێك:**

**لە ئەنجامی زۆربوونی بەرهەمو پەرەسەندنی خێرایی تەکنەلۆجیاو جۆراو جۆری بەکاربەر، کۆمپانیاو لایەنی بەرهەمهێن پێویستیان بە هەوڵی زیاتر بوو بۆ راکێشانی سەرنجی جەماوەرو بەکاربردنی کاڵاکانیان، هەروەها هەوڵدانی دەزگاکانی راگەیاندن بۆ راکێشانی سەرنجی ریکلامکار بۆ بڵاوکردنەوەی ریکلامەکانیان لە دەزگاکانیانو کاریگەریی نامە ریکلامیەکان رۆڵێکی زۆریان هەبوو لە زیادکردنی خواست لای بەکاربەر، لەم گۆڕانکاریو پێشکەوتنانەدا ئامرازە چاپکراوەکانیش کاریگەریان هەیە لە راکێشانی سەرنجی ریکلامکار بەهۆی گەشەسە ندنی لایەنی بەرهەمهێنانی ریکلامو بەکارهێنانی شێوازی پێشکەوتوو لە نەخشەسازیی ریکلامدا، گرنگیدان بە لایەنی هونەرییو جوانکاری ریکلامو گرنگیدان بە ناوەڕۆکی ئەو بابەتانەی لە رۆژنامەو گۆڤارەکاندا بڵاودەکرێتەوە بۆ زیادکردنی خوێنەرو پڕ فرۆشکردنی چاپکراوەکان هەموو ئەمانە بوونە هۆی ئەوەی ریکلامکار لە چاپکراوەکاندا ریکلام بڵاوبکاتەوە، کە لەلایەکەوە خوێنەری زۆرە لەلایەکی ترەوە بەشێوەیەکی پێشکەوتوو ریکلام بەرهەمدەهێنن، تا ریکلامکردن بۆ کاڵاو خزمەتگوزاریەکان ئامانجی خۆی بپێکێتو بگاتە دەست ژمارەیەکی زۆر لە خ وێنەران، لەم بەشەدا هەوڵدراوە باس لەلایەنی نەخشەسازیی ریکلامو هەنگاوەکانی بکرێت.**

## باسی یەکەم: نەخشەسازیی ریکلام

### یەکەم/ پێناسەی نەخشەسازیی ریکلام:

نەخشەسازیی وەك ناو بە دوو مانا دێت "یەکەم: کرداری گونجاندنی رەگەزەکانی ریکلام، دووەم : ئەو هەوڵە شاراوانەیە لە پشت ئەو گونجاندنەوەیە، کە دەبێتە بەرهەمهێنانی یەکەیەکی ریکلام "، لە رووی کردارەوە نەخشەسازیی "بە مانای رێکخستنو گونجاندن و پیشاندانی رەگەزەکانی ریکلام دێت، بەشێوەیەکی داهێنەرانە بۆ بەدیهێنانی مەبەستێکی دیاریکراو"[87].

نەخشەسازیی لە زمانی ئینگلیزیدا پێی دەوترێت (design) واتا "نەخشەکێشانی هونەری لاپەڕەو دیمەنە رۆژنامەوانیەکانو رەچاوکردنو دابەشکردنی بابەتە چاپکراو وێنەو ناونیشانەکان بەشێوەیەکی سەرنجڕاکێش، کە خوێندنەوەیەکی دروستی بۆبکرێت".

لە کرداری نەخشەسازیدا کەسێك هەڵدەستێت بە ئەنجامدانیو پێی دەوترێت نەخشەساز "ئەو کەسەیە نەخشەسازیی لاپەڕەکانی رۆژنامە یان گۆڤار دەکات، واتا نەخشەکێشانو دابەشکردنی بابەتە چاپکراوەکان لە ئەستۆ دەگرێت"[88].

نەخشەسازیی پێناسە دەکرێت بەوەی "داهێنانی شتی جوانو دڵخۆشکەرە یان کارێکی داهێنەرانەیە بۆ بەدیهێنانی مەبەستێکی دیاریکراو، کرداری نەخشەسازیی پشت دەبەستێت بە توانای نەخشەساز بە سوود وەرگرتن لە لایەنی رۆشنبیری بۆ دروستکردنی ئیشێکی باش یان پەرەدان بە کارێکی رابردوو".

لە پێناسەیەکی تردا نەخشەسازیی "بریتیە لە داهێنانو دروستکردنی کارێکی جوانو دڵخۆشکەرو بەسوود، پلانێکی تەواوە بۆ دروستکردنی شتێكو دانانی لە قاڵبێکی وەك یەکدا نەك تەنها لەلایەنی جوانییەوە، بەڵکو لەلایەنی ئەرکیشەوە"[89].

یان نەخشەسازیی "بریتیە لە کرداری هەڵبژاردنو رێکخستنی کۆمەڵێك رەگەزو دەستەواژە بە ئامانجی بەکارهێنانی وەك ئامرازێکی پەیوەندیکرن"[90].

نەخشەسازیی ریکلامی چاپکراو بریتیە لە "وێنەکێشانی هێڵکاری ئەندازیاری، کە نەخشەساز وێنەی شێ وەی کۆتایی ریکلامەکەی تیادا دادەنێت، لەگەڵ روونکردنەوەی ئەو بیرۆکەیەی ریکلامەکە هەڵیگرتووەو ئەو لایەنە دەروونیانەی کار لە خوێنەر دەکات، ئامانجی کۆتایی نەخشەسازیی پیشاندانی ریکلامێکی سەرنجڕاکێشەو گرنگیدانە بە نامەکەو شێوەو ناوەڕۆکی، لەگەڵ جێگیربوونیو جەختکردن لەسەر هەندێك بەشی ریکلام بۆ کۆنترۆڵکردنو ئاڕاستەکردنی جووڵەی چاو، کارکردن لەسەر گونجاندنی رەگەزە پێکهاتووەکانی ریکلام، بەو رێگایەی کارئاسانی بۆ خوێنەر دەکاتو وەرگرتنی نامەو نیشانەکانی بەشێوەیەکی خێرا"[91].

---

87. بشیر العلاق، علي ربابعة، سەرچاوەی پێشوو، ص355
88. جەمال عەبدول، سەرچاوەی پێشوو، ل183
89. زینب لیث عباس محمد رؤوف، سەرچاوەی پێشوو، ص82
90. عمرو محمد سامی عبدالكريم، فن الدعاية والإعلان ـ رؤية فنية معاصرة، (القاهرة: جامعة حلوان، 1998)، ص269
91. مرزوق عبدالحكم العادلي، سەرچاوەی پێشوو، ص180

**هەروەها لە پێناسەیەکی تردا نەخشەسازیی ریکلام "بریتیە لە وەرگێڕانی بیرۆکەیەك بەشێوەیەکی ماددی وەك وشەیەکی بیستراو یان خوێنراوە یان وێنەیەك یان دیمەنێك...."[92].**

**نەخشەسازیی ریکلام "بە گرنگترین و وردترین هەنگاو دادەنرێت، تا نەخشەسازیی ریکلام بەشێوەیەکی باش و بیرۆکەی روونتر بگەیەنرێت، بەشداری لە سەرکەوتنی ریکلام و بەدیهێنانی ئامانجەکانیدا دەبێت، کاری نەخشەسازیی پێویستی بە شارەزایی هونەریی و ئاشنایی باش هەیە لە تیۆرەکانی زانستی دەروون ناسی و پەیوەندیکردن، تا بتوانێت کار لە لایەنی دەروونی بەکاربەر بکات"[93].**

**لە پێناسەیەکی تردا نەخشەسازیی "بریتیە لە کارێکی داهێنەرانە و ئەو مەبەستەی هەیەتی دەیهێنێتە دی"[94].**

**نەخشەسازیی ریکلام "بریتیە لە کارێکی هونەری پێویستی بە کەسی شارەزا هەیە بۆ وەرگێڕانی بیرۆکەی ریکلام بۆ کارێکی هونەریی و نەخشەسازیی کارێکی تەواوکارییە، بۆ مسۆگەرکردنی سەرکەوتنی ریکلام، دەبێت گرنگی بدرێت بە هەموو رەگەزەکانی ریکلام بەمەبەستی کاریگەریکردنە سەر جەماوەر لە رێگای راکێشانی سەرنج و بڕواپێهێنانیان"[95].**

**لە کۆی ئەو پێناسانەوە توێژەر پێناسەی بۆ نەخشەسازی ریکلام کر دوە، بریتیە لە گونجاندن و رێکخستنی رەگەزە پێکهاتووەکانی ریکلام و کۆکردنەوەی لە شێوەی کارێکی کاریگەر و سەرنج راکێشدا.**

## دووەم/ گرنگی نەخشەسازیی ریکلام

**بەراورد بە رابردوو نەخشەسازیی ریکلام باشتر و جوانتر و ئاڵۆزتر دێنە بەرچاو، بەشێك لەوەش پەیوەندی بە پێشکەوتنی تەکنەلۆجیاو رووبەڕووبونەوەی خوێنەران بە ئامرازەکانی ماس میدیاو بەرچاوکەوتنی نەخشەسازیی جوان و ریکلامی هەمە جۆرەوە هەیە، بەکاربەران لەرووی رواڵەتەوە بڕیار لەسەر کاڵایەك دەدەن، ل ەبەرئەوە بایەخ بە بەرهەمێك نادەن، کە رواڵەتی نەشیاو بێت[96].**

**نەخشەسازیی ریکلام بە رەگەزێکی گرنگی سەرکەوتن یان شکستی ریکلام دادەنرێت، کرداری نەخشەسازیی تەنها پشت بە لایەنی هونەری نابەستێت، بەڵکو بنەمای زانستی و شێواز و رەگەزو تێگەیشتن لەلایەنی دەروونی بەکاربەر کاریگەریی زۆری هەیە، نەخشەسازیی ریکلام پشت بە بیرۆکەی سەرکەوتوو داهێنەر دەبەستێت بۆیە لێهاتووی سەرەکی نەخشەساز لەوەدا دەردەکەوێت، کە بیرۆکەی ریکلامێکی سەرکەوتوو پێشکەش بکات، نووسەری ریکلام بەردەوام بەربەرەکانی و رووبەڕوو دەبێتەوە لە پێداویستیەکانی کارەکەیدا، هەر بۆیە پێویست دەکات بەردەوام چەند کارێك ئەنجام بدات لەوانە:**

**أ. گەڕانی بێ کۆتایی و بەردەوام بەدوای بیرۆکەی ریکلامی تازەدا.**

---

[92]. عبدالسلام أبو قحف، طارق طه أحمد، هندسة الإعلان و الإعلان الإلكتروني، (الإسكندرية: الدار الجامعية، 2006)، ص166

[93]. خويلد عفاف، فعالية الإعلان في ظل تكنولوجيا المعلومات و الاتصال لدى المؤسسات الاقتصادية الجزائرية، (مجلة الباحث، عدد 07: 2009-2010)، ص355

[94]. روبرت جيلام سكوت، أسس التصميم، ترجمة، محمد محمود يوسف، عبدالباقي محمد ابراهيم، مراجعة، عبدالعزيز محمد فهيم، تقديم، عبدالمنعم هيكل، (مصر: دار نهظة مصر للطبع والنشر، بدون سنة نشر)، ص5

[95]. نبيل الحسيني النجار، سەرچاوەی پێشوو، ص97

[96]. نەعیم بەدیعی، حسێن قەندی، رۆژنامەوانی مۆدێرن، وەرگێڕانی، کارزان محمد، (سلێمانی: خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، 2010)، ل409-410

ب. گەڕانی بێ کۆتایی بەدوای شێوازو ڕێگای جیاواز بۆ پیشاندانی بیرۆکەکان بە ڕێگایەکی ئاسانو بڕواپێهێنەر، ئەگەر نووسەری ریکلام توانی بیرۆکەکەی بەشێوەیەکی تازە دابڕێژێتو ڕەگەزە هونەرییەکان بە باشی بەیەکەوە ببەستێتەوە، ئەوا ریکلامەکەی سەرکەوتن بەدەستدەهێنێت بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ[97].

**نەخشەسازیی ریکلام کۆمەڵێك ئەرك‌و ئامانجی هەیە لەوانە[98]:**

1. نەخشەی کارێکی تەواوکاری پیشان دەدات لەگەڵ تواناو لێهاتوویی تیمێك، کە بەشدارن لە دیاریکردنی ئامانجو دروستکردنی بیرۆکەی ریکلامو نووسینی دەقو کاری هونەری، دیاریکردنی شێوەو رووبەرو گونجاندنی ڕەگەزەکانی ریکلام بەشێوەیەکی جوانو ئامانجدار.
2. ڕەخساندنی هەل بۆ نەخشەسازو دەرهێنەر بۆ ڕێکخستن ی ڕەگەزە جیاوازەکانی ریکلام لە ناو ئەو رووبەرەی بۆ ریکلام دیاریکراوە.
3. هاوکاریکردنی نەخشەساز لە دروستکردنی چەند شێوەیەك بۆ دیاریکردنی گونجاوترینیان، کە ئامانجی ریکلام بەدیدەهێنێت.
4. زانیاری بە ریکلامکار دەدات تا لەسەر ڕۆشنایی ئەو زانیاریانەو تێچوونو پێدا ویستی بەرهەمهێنانی ریکلام دیاریبکرێت.
5. بەشداریکردنێکی فراوان لە بەدیهێنانی ئامانجەکانی ریکلام، کە ریکلامکار دەیەوێت بەدەستی بهێنێت لە ڕێگای سەرنجڕاکێشانو کاریگەریکردنە سەر بەکاربەرو گەیاندنی بیرۆکەکە.

## سێیەم/ بنەماکانی نەخشەسازیی ریکلامی ڕۆژنامەنووسیی:

کۆمەڵێك بنەما هەیە پێویستە ڕەچاوبکرێت لە نەخشەسازیی ریکلامی ڕۆژنامەنووسیدا، لە گرنگترینیان[99]:

1. هاوسەنگی: مەبەست لێی دابەشکردنی ڕەگەزەکانی ریکلامە لە (وێنەو نیگارو ناونیشانو دەقو لۆگۆ یان هێمای بازرگانی) بەشێوەیەك، کە هاوسەنگ بن لەگەڵ یەکتردا لەو رووبەرەی بۆ ریکلامەکە دیاریکراوە، ریکلامی هاوسەنگ ئەو ریکلامەیە، کە بە بینینی چاوی مرۆڤ پشوو دەدات، هاوسەنگی یەکێکە لە بنەما گرنگەکانی نەخشەسازیی دەبێت هەموو ڕەگەزەکان بەشێوەی هاوسەنگ دابەشبن بۆ ئەوەی کاریگەریی لەسەر خوێنەر هەبێت.
2. گونجاندن: مەبەست لێی بوونی پەیوەندیە لەنێوان رووبەرو ڕەگەزەکانو نامە ریکلامیەکان، لەکاتی دیاریکردنی رووبەرێکی گونجاو بۆ هەریەکێك لە ڕەگەزەکان لە چوارچێوەی ئەو رووبەرەی بۆ ریکلامەکە دیاریکراوە، ئامانجی گونجاندن ئەوەیە، کە چاوی خوێنەر پشوو بدات لەکاتی سەیرکردنی ریکلامەکەدا، چاو بەو شتانە یان ڕەگەزانە پشوو دەدات، کە گونجاندن لەنێوانیاندا هەیە[100].
3. جووڵەی بینین: نەخشەساز دەبێت جووڵەی چاو بەرەو ئەو ئاڕاستەیە بەرێت، کە مەبەستیەتی چەند شێوازێك بۆ کۆنترۆڵکردنی جووڵەی چاو هەیە[101]:

---

97. عدلی سید رضا، سلوی العوادلی، الإعلان في الإذاعة والتلفزيون، (القاهرة: دار النهظة العربية، 2008)، ص116ـ117
98. إنتصار رسمي موسى، تصميم وإخراج الصحف والمجلات الإعلانات الالكترونية، (بغداد: دار وائل للطباعة والنشر، 2004)، ص145ـ146
99. منير فخري صالح، لبنى أسعد عبدالرزاق، أسس التصميم، (عمان: دروب للنشر والتوزيع، 2011)، ص81
100. صفوت محمد العالم، نهلة الحفناوی، فن الإعلان الصحفي، (القاهرة: بدون دار نشر، 2006)، ص201
101. سمير العبدلي، قحطان العبدلي، الترويج والاعلان، (عمان: دار زهران، 2013)، ص139

أ. ئەو شتانەی قەبارەیان گەورەیە سەرنجی چاو رادەكێشێت، نەخشەساز ئەگەر ویستی دەتوانێت چاوی خوێنەر بەرەو ئاڕاستەیەكی دیاریكراو ببات، وا دەكات ئەو بەشە گەورەترو تایبەتمەندتر بێت لە بەشەكانی تری رووبەرەكەدا.

ب. دەتوانرێت ئاماژە بەكاربهێنرێت بۆ ئاڕاستەكردنی جوولەی چاو لەوا نە هێڵ یان پەنجەی دەست، كە ئاماژە بە ئاڕاستەی چاو دەدات.

ت. بەجێهێشتنی رووبەرێكی سپی لە شێوەی ستوونی درێژ یان بۆشایی پان لە ریكلامدا، چاو دەبات بۆ ئاڕاستەیەك بەهۆی جیاوازیی لە رەنگەكاندا، ئەگەر ریكلامەكە وێنەی كەسێك یان دەموچاوێكی لە خۆگرتبوو، ریك لامكار ویستی چاوی خوێنەر بەرەو رەگەزێك لە رەگەزەكانی ریكلام ببات، وا باشترە ئاڕاستەی چاوی ئەو كەسە بەرەو ئەو رەگەزە بێت، كە لە ریكلامەكەدا دەركەوتووە.

4. هەمەجۆر: هەمەجۆریی دڵنیایی زیاتر دەبەخشێت بە نەخشەسازیی‌و رەگەزە هەڵبژێراوەكانی ریكلام، ریكلامكارا ن ئارەزوومەندن ریكلامەكانیان جیاواز بێت لە ریكلامی ركابەرەكانیان، هەمەجۆریی لە رووی قەبارەو رەنگ‌و شێوەو وێنە بەمەبەستی راكێشانی سەرنجی خوێنەر[102].

5. یەكە: زۆربەی نەخشەسازەكان یەكە بە گرنگترین رەگەزی نەخشەسازیی دادەنێن، بۆیە وا پێویست دەكات پەیوەندیەكی بەهێز لەنێوان ناونیشان‌و وێنەو ناونیشانی لاوەكی‌و وردەكاری نامەكەدا هەبێت، هەتا ئاسانكاریی بكات بۆ گواستنەوەی بیرۆكەی خوێنەر لە رەگەزێكەوە بۆ یەكێكی تر[103].

6. ئاسانی: ئاسانی مانای ئەوە نیە داهێنان نەكرێت، بەڵكو ریكلامی ئاسان بەو مانایەی نەخشەسازییەكی ئاسانی هەبێت‌و تەنها ئەو رەگەزانەی پێویستە لە خۆی بگرێت، ئاسانی بە مانای هێزی هەڵقوڵانی بیرۆكە بە روونی بەبێ ئەوەی خوێنەر سەرقاڵ بكرێت بە وردەكاری بێزاركەر، كە پەیوەندی بە ناوەڕۆكی ریكلامەوە نەبێت.

## چوارەم/ قۆناغەكانی نەخشەسازیی ریكلام

نەخشەسازیی ریكلام بە چەند هەنگاو قۆناغێكی بەدوایەكدا تێدەپەڕێت بۆ ئەوەی وێنەی كۆتایی ریكلام بەو جۆرەی دەگات بە جەماوەر دەركەوێت، لێرەدا باس لە قۆناغەكانی نەخشەسازیی ریكلام دەكەین:

**یەكەم: دیاریكردنی بیرۆكە:** لەم قۆناغەدا بیرۆكەی سەرەكی ئەو ریكلامە دیا ریدەكرێت، كە ئاڕاستەی جەماوەر دەكرێت، لەسەر بنەمای ئەو زانیاریانەی لەبەردەستی نەخشەسازدایە، هەروەها توێژینەوە لە بەكاربەرانی ئێستاو ئەوانەی چاوەڕوانن‌و بارودۆخی كێبڕكی‌و سیاسەتی نرخ‌و فرۆشتن‌و دابەشكردن‌و لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی‌و جۆری ئەو ئامرازەی بۆ بڵاوكردنەوەی ریكلامەكە بەكاردەهێنرێت، لەسەر ئەو بنەمایانە نەخشەساز دەتوانێت بیرۆكەی سەرەتایی دابنێت بۆ راكێشانی سەرنجی خوێنەرو جوولاندنی پاڵنەری كڕین‌و وەڵامدانەوە بۆ پەیامە ریكلامیەكە[104].

بیرۆكەی ریكلامی سەركەوتوو چەند تایبەتمەندیەك لە خۆدەگرێت لەوانە[105]:

---

[102]. عبدالسلام أبو قحف، طارق طه أحمد، سەرچاوەی پێشوو، ص167

[103]. یاس خضیرالبیاتی، عبدة محمد داود، شیماء السید سالم، سەرچاوەی پێشوو، ص196

[104]. همیسي نورالدین، سەرچاوەی پێشوو، ص83

[105]. رانیا ممدوح صادق، الإعلان التلفزیوني "التصمیم والإنتاج"، (عمان: دار أسامة للنشر والتوزیع، 2012)، ص38ـ39

1. ڕێژەیەك سەیریی تیادا بێت وەك هۆكارێكی سەرنجڕاكێشان : بیرۆكەی ریكلام دەبێت ڕێژەیەك سەیریی تیادا بێت بەمەبەستی ڕاكێشانی سەرنج، چونكە ریكلام تەنها رووبەرێك یان ماوەیەك نیە فرۆشرابێت بە ریكلامكارو لە ڕێگایەوە زانیاری بدات، بەڵكو هونەرێكە بۆ جووڵاندنی سەرنجی وەرگر بەپێی ڕادەی سەیریەكەی سەرنجی زیاتر ڕادەكێشێت بۆ ریكلامەكە، چاوی مرۆڤ هەمیشە شتی سەیر سەرنجی ڕادەكێشێتو ئەقڵی مرۆڤ زیاتر شتی سەیر تۆمار دەكات، بۆیە هەتا بیرۆكە سەیر بێت سەرنجڕاكێشترو بڕواپێهێنەر تر دەبێت.
2. دەرچوون لە شتی باو : مرۆڤ لە ڕێگای نەریتە باوەكانیەوە سەیری شتەكان دەكات، كە زۆربەی جار بە هۆكاری دەستبەسەرگرتنی بینین دادەنرێت، دەرچوون لە شتە باوەكان بە گرنگترین خاسیەتی بیرۆكەی ریكلامی دادەنرێتو زیاتر سەرنجو گرنگی وەرگر ڕادەكێشێت.
3. جووڵاندنی هەستی بینین لە ڕێ گای بە دەنگەوە چوونی هەست : بە هۆكارێكی گرنگو كاریگەر لە جووڵاندنی سەرنجی وەرگر بۆ ریكلامەكە دادەنرێت، وەك پیشاندانی وێنەی مناڵێكی جوان لە ریكلامدا، كە ئاڕاستەی ژنان دەكرێت وا دەكات زیاتر سەنجی بڕوات بۆ ریكلامەكەو جووڵاندنی هەستی دایكایەتی لەلای كات ێك سەیری مناڵەكە دەكات.
4. دروستكردنی وێنایەكی ژیرانە كار بۆ ئامادەكردنی بیر دەكات : لە ئەنجامی كارلێك لەگەڵ ژینگەی دەوروو‌بەر وێنایەك دروست دەبێت، ئەو وێنایەش لە كەسێكەوە بۆ كەسێكی تر دەگۆڕێت بە جیاوازیی شارەزاییو رۆشنبیری . كاركردن لەگەڵ بیرۆكەی ریكلامی داهێنەرانەدا بە پلەی یەكەم پەیوەندی هەیە بەو وێنایەی دروست دەبێت لەسەر ئەو كۆمپانیایە یان ئەو خزمەتگوزاریەی ریكلامی بۆ كراوە.
5. دڵنیابوون لە بەرهەمەكانو دروستكردنی ناسنامەیەكی باش بۆ ریكلام : لە سایەی كێبڕكێ لەنێوان بەرهەمەكاندا ئامانجی سەرەكی بیرۆكەی ریكلامی دڵنیابوونە لە ناسنامەی بەرهەم یان خزمەتگوزاریەكەو دڵنیابوونە لە كەسایەتی ریكلامكار، كە یارمەتیدەرن بۆ:

أ. كارئاسانی دەكات بۆ بیركەوتنەوەی بەرهەم یان خزمەتگوزاری یان ئەو كۆمپانیای ریكلامی بۆ كراوە.

ب. بەشداری لە دروستكردنی بیرۆكەیەكی گشتی لەلای وەرگر لەسەر كۆمپانیاكە یان دامەزراوەكە دەكات.

ت. یارمەتی دروستكردنی وێنەیەكی تایبەتمەندو روون دەدات لەسەر كۆمپانیاو دامەزراوە بەرهەمهێنەكان، كە ریكلامی بۆ دەكرێت.

6. نەرمی نواندن: مەبەست لێی دووبارە بنیادنانی بیرۆكەی ریكلامو توانای داڕشتنەوەی لە زیاتر لە قاڵبێكدا.

**دووەم: ئامادەكردنی هەیكەلی ریكلام:** بریتیە لە دانانی پلانێك لەسەر چۆنێتی دابەشكردنی بەشە جیاوازەكانی ریكلام وەك (ناونیشان، نامە ریكلامیەكان، نیگارو وێنە ...)، دانانی هەیكەل یارمەتی نەخشەساز دەدات، لەسەر چۆنێتی دابەشكردنی رەگەزەكانی ریكلام بە جۆ رێك ئەو كەسانەی هاوكارن لە دەرهێناندا وێنای شێوەی ریكلامەكە بكەن، هەروەها كارئاسانی بۆ نووسەری نامە ریكلامیەكان دەكات بۆ هەڵبژاردنی نامەیەكی گونجاو، بە هەمانشێوە یارمەتی ئەو كەسانە دەدات، كە كاردەكەن لە دەرهێنانی ریكلامەكەدا بە دیاریكردنی پێداویستی ەكانی دەرهێنانی ریكلامو بەنزیكی زانینی تێچوونەكان.

**لەلایەکی ترەوە هەڵبژاردنی هەیکەلێکی دیاریکراو بۆ ریکلام کاریگەریی لەسەر لایەنی دەروونی خوێنەر یان بینەر دەبێت، بەپێی ئەو بۆچوونەی لە ئەنجامی بینینی ئەو هەیکەلە لەلایان دروست دەبێت ئامادەکردنی هەیکەلی ریکلام بە سێ قۆناغی سەرەکی دەبێت[106].**

**قۆناغەکانی ئامادەکردنی هەیکەلی ریکلام[107]:**

1. **قۆناغی هەیکەلی سەرەتایی : بریتیە لە دانانی پلانێکی خێرا بۆ دروستکردنی بیرۆکەیەکی گشتی لەسەر شێوەی ریکلام بەبێ ئەوەی ماندووبوونێکی زۆری بوێت، بە قەبارەیەکی بچووك، کە( 1/4 یان 1/8 ) قەبارەی ریکلامی کۆتاییە. چەند نموونەیەك لەو هەیکەلە ئامادە دەکرێت بۆ ئەوەی هەلی زیاتری لەبەردەستدا بێت بۆ هەڵبژاردنی باشترینیانو ئیشکردن لەسەریو گەورەکردنی بۆ قەبارەی کۆتایی ریکلامەکە.**
2. **قۆناغی هەیکەلی ئامادەکراو : بە قەبارەی ریکلامی کۆتا یی ئامادە دەکرێت، بەڵام بەشێوەی تاقیگەری واتا دەتوانرێت گۆڕانکاری تیادا بکرێت لە دابەشکردنی رەگەزە جیاوازەکانی ریکلامدا.**
3. **قۆناغی هەیکەلی کۆتایی: لەم قۆناغەدا هەیکەلی کۆتایی هەڵدەبژێرێت، کە دەبێتە بنەمای دەرهێنانی ریکلام، لەم هەیکەلەدا ناونیشان دەنووسرێتو وێنە دادەنرێت بە هەمانشێوەی ریکلامی کۆتایی دەردەکەوێت.**

---

[106]. بشير عباس العلاق، علي محمد ربابعية، سەرچاوەی پێشوو، ص319

[107]. نورالدين أحمد النادي، بعض كتاب، تصميم الإعلان الدعاية في السينما والتلفزيون، (عمان: مكتبة المجتمع العربي للنشر والتوزيع، 2009)، ص148ـ150

## باسی دووەم: هەنگاوەکانی نەخشەسازیی

### یەکەم/ بنەما دەروونیەکانی نەخشەسازیی ریکلام

بنەما دەروونیەکان لە پاڵ بنەما هونەرییەکان کاریگەریان لەسەر ریکلام بە لایەنی ئەرێنیو نەرێنی هەیە، بنەما دەروونیەکان رێگایەکن بۆ پاڵپشتیکردنو بڵاوبونەوەی ریکلام لەناو جەماوەردا بە قبوڵکردنی یان رەتکردنەوەی، هەروەها دەروازەیەکن بۆ سەرکەوتنی پەیامە ریکلامیەکانو تێگەیشتن لە پاڵنەرەکانی جەماوەر وا دەکات ئەو رەفتارانە بزانرێت، کە لە داهاتوودا ئەنجامی دەدات، ئەمەش لایەنێکی گرنگە بۆ ئەوەی نامە ریکلامیەکان ئامانجەکانی خۆی بەدیبهێنێت لە رێگای بڕواپێهێنانی بەکاربەر بە کڕینی ئەو کاڵاو خزمەتگوزاریەی لە رێگای ریکلامەکەوە پێشکەش دەکرێت، ئامانجی سەرەکی ریکلام جووڵاندنی ئارەزووی تاکەکانو ئاڕاستەکردنیان بە کڕینی کاڵاکە، لە گرنگترین ئامانجە دەروونیەکانی ریکلام دەیەوێت بەدیبهێنێت:

**یەکەم: سەرنجڕاکێشان:** سەرنج بە مانایی تەرکیزکردنی هەست بۆ سەر شتێکی دیاریکراو یان بیرۆکەیەکی دیاریکراو دێت، سەرنجیش بۆ دوو جۆر دابەش دەبێت، سەرنجێك بە ئارەزوو، کە لەناوەوەی دەروونی کەسەکە خۆیەوەیەتی، سەرنجێك بە ئارەزوو نەبێت لە رێگای کاریگەربوون بە دەورووبەر، هۆکارە یارمەتیدەرەکانی سەرنجڕاکێشان[108].

أ. قەبارەو رووبەر: تا رووبەری ریکلام گەورەبێت توانای سەرنجڕاکێشانی زیاتر دەبێت[109].

ب. شوێن: مەبەست لەو شوێنانەی بۆ ریکلام دیاریکراون لەسەر لاپەرەی رۆژنامەو گۆڤارەکان، شوێن گرنگی خۆی هەیە لە راکێشانی سەرنجی خوێنەر، گرنگترین شوێن لە لاپەڕەدا چارەکی یەکەمی لای راستە، دواتر چارەکی خوارەوە لای راست، پاشان چارەکی سەرەوە لای چەپ، دواتر چارەکی خوارەوە لای چەپ، هەروەها بەشەکانی سەرەتاو کۆتایی لە رۆژنامەو گۆڤاردا تایبەتمەندی خۆی هەیە بەراورد بە بەشەکانی تر[110]. شوێنی ریکلام کاریگەریی لەسەر راکێشانی سەرنجی خوێنەر دەبێت هەموو شوێنێکی رۆژنامەو گۆڤار لە گرنگیدا یەکسان نین، بەڵکو هەندێك شوێن گرنگی زیاترەو لە نرخیشدا گرانترە وەك:

- لاپەڕەی یەکەمو دوالاپەڕە لە رۆژنامەو بەرگ لە گۆڤاردا.
- لاپەڕەی ناوەوەی دوای بەرگ.
- شوێن لە لاپەڕەدا وەك دانانی ریکلام لە بەشی سەرەوەی ستوونەکە یان نیوەی بەشی سەرەوەی لاپەڕەکە باشترە لە نیوەی بەشی خوارەوە.
- نزیکی ریکلام لە وتارە گرنگەکانەوە.

ت. نەخشەسازیی ریکلام: پیشاندانی شێوەی کۆتایی ریکلام، جوان کاری دەبەخشێت بە ریکلامەکەو سەرنجی خوێنەر رادەکێشێت[111].

پ. جیاوازیی: جیاوازیی شتێك لەوانەی دەورووبەری سەرنجڕاکێشترە، جیاوازیی لە بەکارهێنانی رەنگو قەبارەو ناونیشان.

---

108. عبدالرزاق الدليمي، سەرچاوەی پێشوو، ص235
109. شركة ناب للدعاية والإعلان، دراسة متكاملة عن التسويق والدعاية والإعلان، http://nabadv.com، (کاتی سەردانیکردن: 2016/9/20)
110. أشرف فهمی خوخه، سەرچاوەی پێشوو، ص27
111. زينب ليث عباس، سەرچاوەی پێشوو، ص67

ج. **تەنیایی: بە مانای ریکلامەکە بە تەنیا لە شوێنێکدا بێت ریکلامی رکابەری تیادا بڵاونەکرابێتەوە، بەمەش هەلی زیاتری هەیە بۆ راکێشانی سەرنجی خوێنەر.**

ح. **بەکارهێنانی وێنە: وێنە رەگەزێکی گرنگی راکێشانی سەرنجە بۆ خوێندنەوەی بابەتەکە، وێنە گوزارشت لە کالاکا ن دەکاتو هەموو کەس لێی تێدەگات.**

خ. **بەکارهێنانی رەنگ: رەنگ رۆڵی لە سەرکەوتنی ریکلامدا هەیەو سەرنجی خوێنەر زیاتر رادەکێشێتو راستیەکان وەکو خۆی دەگوێزێتەوە.**

**دووەم : وروژاندنی بایەخپێدانی خوێنەر: بە تەنها جووڵاندنی سەرنجی خوێنەر بەس نیە، بەڵکو دەبێت گرنگیش بدرێت بەو کالایەی ریکلامی بۆ کراوە بۆ خوێندنەوەی ناوەڕۆکی ریکلامەکە، لە قۆناغی یەکەمدا سەرنجی خوێنەر رادەکێشێت لە قۆناغی دووەمدا وا لە خوێنەر بکرێت گرنگی بدات بە ریکلامەکەو بیخوێنێتەوە [112]. ئەمەش بە چەند رێگایەك ئەنجام دەدرێت[113]:**

1. **دەستپێشخەری لە دەستپێکی بابەتەکەدا : ناونیشانی بابەتەکە بە سەرەتایەك دادەنرێت بۆ چوونە ناو بابەتەکەو دەستپێکی بیرۆکەیەکی دیاریکراوە، بۆ ئەوەی خوێنەر بڕگەکانی ریکلامەکەی بیربکەوێتەو گرنگی بدات بەو کالاو خزمەتگوزاریانەی ریکلامی بۆ کراوە.**
2. **گرنگیدان بە بڕگەی یەکەم: ئاماژەدان بە پوختەی ریکلامەکە هانی خوێنەر دەدات بەدواداچوون بکات بۆ زانینی وردەکاریەکان لەسەر کالاو خزمەتگوزاریەکان.**
3. **باش باسکردن لەلایەن بەکاربەرەوە : جۆرێکە لە شایەتیدان کەسێکی ناسراو یان شارەزا یان ئاسایی کالاکەی بەکارهێناوەو بە باشی باسی دەکات.**
4. **بەدەستهێنانی متمانەی بەکاربەر: ئەم کارەش لە رێگای باسکردنی باشیەکانی کالاکەو ئەو کۆگا بەناوبانگانەی ئەو کالایە دەفرۆشنو ناردنی نموونەی کالاکە بۆ تاقیکردنەوە بەمەبەستی بەدەستهێنانی متمانەی بەکاربەر.**
5. **خزمەتگوزاری دوای فرۆشتن : ئەو خزمەتگوزاریانەی پێشکەش د ەکرێت لەدوای فرۆشتنی کالاکە بەکاربەر دڵنیا دەکاتەوە لە بەکارهێنانی کالاکە.**
6. **ژیرانەیی لە خستنەڕوو : بیانوی بەهێزو بڕواپێهێنەر لە خستنەڕووی کالاکاندا بەکاربهێنرێت، بۆ نموونە ئەگەر نرخی کالاکە کەم بوو بەهۆی زۆری بەرهەمهێنانو کەمی تێچوونەوەیە لەگەڵ پاراستنی ئاستی جۆرەکەی، دەبێت کڕیار ئەم بڕوایەی لا دروست بێت.**
7. **زیادەڕەوی نەکردن: زیادەڕۆیکردن وا دەکات ریکلامەکە بڕوای نەمێنێت لەناو خەڵکدا، هەندێك وردەکاری، کە پێویست نەکات وا لە خوێنەر دەکات لە راستی ناوەڕۆکی نامە ریکلامیەکان گومان بکات.**

**سێیەم: وروژاندنی ئارەزوو:** دوای سەرکەوتنی ریکلام لە راکێشانی سەرنجی خوێنەرو جووڵاندنی گرنگی بۆ بابەتەکە یان ئەو خزمەتگوزاریەی ریکلامی بۆ کراوە، ریکلام لە هەوڵی ئەوەدایە کاریگەریی دروست بکاتو خوێنەر جۆرێك لە وەڵامدانەوەی هەبێت لەسەر بنەمای جووڵاندنی ئار ەزوو لەلای تاك بۆ دەستکەوتنی بابەتەکە یان داواکردنی

---

[112] . عبدالرزاق الدليمي، سەرچاوەی پێشوو، ص235

[113] . طاهر محسن الغالبي، أحمد شاكر العسكري، سەرچاوەی پێشوو، ص157ـ159

خزمەتگوزاریەکە، ئەمەش ئامانجی گرنگی ریکلامکارە، جووڵاندنی ئارەزوو بە هەنگاوی یەکەمی وەڵامدانەوەی بەکاربەر دادەنرێت بۆ ریکلامەکە، چەند هۆکارێك یارمەتیدەرە بۆ جووڵاندنی ئارەزووی بەکاربەر لەوانە:

ـ پێشکەشکردنی زانیاری زیاتر لەسەر بابەتەکە.

ـ روونکردنەوەی زیاتری لایەنە ئەرێنیو خەسڵەتەکانی ئەو بابەتەی ریکلامەکەی بۆکراوە[114].

**چوارەم: توانایی بڕواپێهێنان:** نامە ریکلامیەکانی ئاڕاستەی بەکاربەر دەکرێت سەبارەت بە کاڵایەك یان بیرۆکەیەكو گرنگی خۆی هەیە، لەسە ر بنەمای خوێندنەوەی بەکاربەر بڕیاری کڕینی کاڵاکە یان وەرگرتنی بیرۆکەکە دەدات . هەتا پەیامەکە شیرین بێت لە وتەکانیو ژیرانەبێت لە شێوازو تێگەیشتوو بێت لە راستی ئەو کاڵایەی باسی دەکاتو لێکۆڵینەوە لە کەسایەتی بەکاربەر هەموو ئەمانە وا دەکەن پەیامەکە لە لای بەکاربەر بڕواپێهێنەر بێت، ئەگەر پەیامەکە بڕوا بە خوێنەر بهێنێت رەنگە کاڵاکە بکڕێت یان بیر لە کڕینی بکاتەوە لە داهاتوودا، ئەگەر ریکلام توانی پاڵ بە بەکاربەرەوە بنێت بە بەکارهێنانی کاڵاکە ئەمە بە یەکەم هەنگاوی سەرکەوتنی ریکلام دادەنرێت، لە دواتردا دەبێت هانی بەکاربەر بدات بە دووبارە بەکارهێنانەوەی بۆ دروستبوونی خوی کڕینی کاڵاکە[115].

**پێنجەم: هاندانی بەکاربەر بۆ وەڵامدانەوە :** مەبەست لێی بەکاربەر هەڵوێستێکی ئەرێنی هەبێت بۆ ریکلامەکەو وەڵامدانەوەی هەبێت بۆ کڕینی کاڵاکە کۆمەڵێك هۆکار وا دەکات، کە وەڵامدانەوەی هەبێت[116]:

1. کۆتایهێنان بە ریکلامەکە بە هەندێك پێشنیازو بیانوهێنانەوەی ژیرانەو سۆزدارانە، کە یارمەتی بەکاربەر دەدات سەربکەوێت بەسەر ئەو کێبڕکێیەی لەناوخۆیدایە.
2. داشکاندن لە نرخی کاڵاکەدا بکرێت بۆ کاتێکی دیاریکرا و، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بەکاربەر وەڵامدانەوەی خێرایی هەبێت بۆ کڕین.
3. کارئاسانی جیاواز بکرێت بۆ بەکاربەر وەك پێدانی کاڵا بە قیستی درێژ خایەن یان گەیاندنی کاڵاکە بۆ ماڵەکان.

**شەشەم: جێگیرکردنی ریکلامەکە لە بیرەو مریدا:** زۆرجار خوێنەر سەیری ریکلامە چاپکر اوەکان دەکات لەو کاتەدا پێویستی بەو بابەتانە نیە کە ریکلامەکەی بۆ کراوە . رەنگە لە کاتێکی تردا پێویستی پێی بێت، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە خوێنەر ناوەڕۆکی ریکلامەکەی بیربکەوێتەوەو بتوانێت ئەو زانیاریانەی دەست بکەوێتەوە، کە لە بیریدا پاراستویەتی. لە بنەڕەتدا ریکلام لە هەوڵی پاراستنی بەکاربەرانی ئێستاو زیادکردنی ژمارەیانە، ئەو ریکلامکارەی لای وایە بەکاربەری پێویستی دەستکەوتووە سەبارەت بە توانای بەرهەمهێنانیو ریکلامکردن بۆ بەرهەمەکەی کەمدەکاتەوە، ئەوا هەڵەیەکی گەورە دەکات، بەڵکو دەبێت هەوڵبدات ریکلامەکە جێگیربێت لە بیرەوەی بەکاربەرو لە کاتی دووبارە پێویستی بوونی بە کاڵاکە، جارێکی تر هەمان کاڵا بەکاربهێنێتەوە ئەمەش بە چەند رێگایەك دەکرێت:

ـ دووبارەکردنەوە: یارمەتیدەدات بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی لەنێوان کاڵاکەو پێداویستی بەکاربەر.

ـ یاسای یەکەمێتی: تەرکیزکردنی بەکاربەر بۆ ئەو ریکلامەی لە ریزەکانی یەکەمدا بلاوکراوەتەوە.

ـ یاسای تازەیی: ئەو شتە تازانەی، کە بەکاربەر بەریدەکەوێت باشتر بیری دەکەوێتەوە.

---

[114]. دوج نیوسوم، بوب كاريل، الكتابة للعلاقات العامة الشكل والآسلوب، ترجمة، فايد رباح، مي الخاجة، (غزة: دار الكتاب الجامعي، 2003)، ص373

[115]. أحمد عادل راشد، سەرچاوەی پێشوو، ص162

[116]. حامد مجيد الشطري، الإعلان التلفزيوني و دوره في تكوين الصورة الذهنية، (عمان: دار أسامة للنشر والتوزيع، 2013)، ص34

ـ نامەی بیرخستنەوە: سەرنجی بەکاربەر رادەکێشێت بۆ کاڵاکەو هێما بازرگانیەکە.

ـ نامەی ئاماژەیی: پشت دەبەستێت بە پیاهەڵدانی تایبەتمەندیەکانی کاڵاکەو ئەنجامەکانی بەکارهێنانی.

## دووەم/ رەگەزە پێکهاتووەکانی نەخشەسازیی ریکلام

ریکلام لە کۆمەڵێك رەگەز پێکهاتووە مەرج نیە هەموو ریکلامێکیش سەرجەم رەگەزەکانی تێدابێت، بەڵکو هەڵبژاردنی رەگەزەکانیش بەستراوەتەوە بە جۆرو ئامانجی کاڵاو خزمەتگوزاریەکە، رەگەزە سەرەکیەکانی ریکلام بریتین لە:

### یەکەم: ناونیشان:

گرنگترین بەشە لە ریك لامدا، بریتیە لە بەشێك لە دەقە ریکلامیەکە بە قەبارەیەکی گەورەتر لە بەشەکانی تر دەنووسرێت، ناونیشان بە یەکەی سەرەکی دادەنرێت لە ریکلامی چاپکراودا، بۆیە گرنگی زۆری لە رووی نوسینو رێکخستنەوە پێدەدرێت، لەکاتی نەخشەسازیدا ناونیشان بە بەشێکی دانەبڕاو داد ەنرێت لە ناوەڕۆكو گرنگترین هۆکاری سەرکەوتن یان شکستی نامە ریکلامیەکانە، ناونیشان دابەش دەبێت بۆ[117]:

1. **ناونیشانی سەرەکی:** گرنگترین بەشە لە ریکلامدا، پێویستە کاتێکی تایبەت تەرخان بکرێت جیاواز لەو کاتانەی بۆ بەشەکانی تری ریکلام دادەنرێت بۆ دانانی ناونیشانێکی باشو بەهێز، کە تەنها کارنەکات بۆ برەوپێدان بە ناوبانگی هێما بازرگانیەکە، بەڵکو کارکردنیش بۆ دواندنی گرنگیو پێداویستی بەکاربەریش [118]. ناونیشان لە رەگەزە گرنگەکانی نەخشەسازیی ریکلامە، زۆرێك لە شارەزایانی بواری نەخشەسازیی وای دەبینن سەرکەوتنو شکستی ریکلام لەسەر ناونیشان دەوەستێتەوە، ناونیشان لایەنی دەروونی مرۆڤ ئامادە دەکات بۆ ئەوەی بەردەوام بێت لە خوێندنەوەی ناوەڕۆکی بابەتەکە یان نا ، بەهۆی ئەو گرنگیەی ناونیشانی سەرەکی هەیەتی کۆمەڵێك ئەرکی هەیە لەوانە[119]:

ـ راکێشانی سەرنجی خوێنەر.

ـ ئاڕاستەی توێژێك یان زیاتر بکرێت.

ـ سوودو باشیەکانی کاڵاکە لە خۆبگرێت.

ـ هەڵبژاردنی وشەکان بە وردیو راستگۆیی تێدابێت.

ـ ئاسانی تێگەیشتنو لە ئاستی زانینی بەکاربەردا بێت.

ـ گونجاندنی ناونیشان لەگەڵ رەگەزەکانی تردا.

ـ دروستکردنی کاریگەریی خێراو راستەوخۆ بە خوێندنەوەی ریکلامەکە[120].

ـ کۆکردنەوەی گرنگی خوێنەر لە گرنگترین ئەو بیرۆکەیەی لە ریکلامەکەدا هاتووە.

---

117. سامی عبدالعزیز، صفوت العالم، نهلة الحفناوی، فن الإعلان، (القاهرة: مرلئز جامعة القاهرة للتعليم المفتوح، 2002)، ص32

118. یورك پرس، التسويق المباشر، (لبنان: شركة المصرية العالمية للنشرـ لونجمان، مكتبة لبنان، 2007)، ص79

119. بێ ناوی نوسەر، فن الإعلان الصحفي وتصميم الإعلانات الصحفية، قسم الطباعة والنشر والتغليف، (http://printing.forumegypt.net/t33-topic )، (کاتی سەردانیکردن: 2016/10/10)

120. سامی عبدالعزیز، صفوت العالم، نهلة الحفناوی، سەرچاوەی پێشوو، ص33

ـ پێدانی بیرۆکەیەکی خێرا لەسەر ناوەڕۆکی ریکلامەکە.

ـ ناونیشانی سەرکەوتوو سوودی هەیە بۆ ئەو کەسانەی، کە تەنها ناونیشان دەخوێنەوە پەیامەکەیان لە رێگای ناونیشانەوە پێدەگات.

ـ ناونیشان یارمەتیدەرە لە دروستبوونی بەستنەوەیەکی دەروونی لەنێوان خوێنەرو کاڵاکە.

ـ رەنگە ناونیشان سەرەتایەك بێت بۆ بڕواپێهێنانی خوێنەر بە ناوەڕۆکی ریکلامەکە.

ـ ناونیشان تاکە هۆکارێکە بۆ سەرکەوتن لە بەردەوام بوونی خوێنەر لە خوێندنەوەی دەقە ریکلامیەکە.

ـ رەنگە ناونیشانی سەرکەوتوو وێنایەکی باش لەسەر کاڵاکە لەلای خوێنەر دروستبکات.

ـ پێشکەشکردنی هەواڵی کاڵاکە بە خوێنەر.

ـ پێشکەشکردنی ئامۆژگاری سەبارەت بە بەکارهێنانی کاڵاکەو سوودەکانی.

ـ بەڵێندان بە خوێنەر لە دەستکەوتنی سوودێکی دیاریکراو.

ـ پێشکەشکردنی چارەسەر بۆ کێشەیەك.

ـ جووڵاندنی ئارەزووی خوێنەر.

2. **ناونیشانی لاوەکی:** هەندێك ریکلام پێویستی بە ناونیشانی لاوەکی هەیە، بە تایبەتی ریکلامە درێژەکان بۆ ئاسانکردنی خوێندنەوەی ریکلامەکەو تێگەیشتنی، زۆربەی جار ناونیشانی لاوەکی لەسەر یان لە خوارەوەی ناونیشانی سەرەکی دادەنرێت، بە قەبارەیەکی بچووکتر لە ناونیشانی سەرەکیو گەورەتر لە دەق بە کور تی دەنووسرێت، رێنمایی خوێنەر دەکاتو قورسی ئەو ناوەڕۆکانە کەمدەکاتەوە، کە بە درێژی نووسراون‌و خوێنەر بێزار دەکەن[121]. لە گرنگترین بەکارهێنانەکانی ئەم جۆرە ناونیشانە[122]:

1. روونکردنەوەی بیرۆکەی سەرەکی، کە ناونیشانی سەرەکی لە خۆی گرتووە.
2. روونکردنەوەو شیلۆدنەوەی خاڵێك یان کۆمەڵە خاڵێکی گرنگ، کە لە نامە ریکلامیەکاندا هاتووە.
3. کورتەیەکی خێرایی نامە ریکلامیەکان پێشکەش بەو خوێنەرانە دەکات، کە نایانەوێت ناوەڕۆك بە تەواوی بخوێننەوە.
4. هەندێك جار ناونیشانی لاوەکی بۆ جووڵاندنی ئارەزووی بەدواداچوون لەلای خ‌وێنەر بەکاردەهێنرێت.
5. هەندێك خوێنەر واز لە خوێندنەوەی تەواوی ریکلامەکە دەهێنێت پاش خوێندنەوەی ناونیشانی سەرەکیو بڕگەی یەکەمی ناوەڕۆك‌و بینینی وێنەکان بەهۆی نەبوونی هیچ رەگەزێك، کە وایان لێبکات لە خوێندنەوە بەردەوام بن، ئامانجی ناونیشانی لاوەکی لەم کاتەدا جووڵاندنی ئارەزووی خوێنەرە بۆ تەواوکردنی ریکلامەکە.
6. ناونیشانی لاوەکی گرنگە کاتێك ناونیشانی سەرەکی هیچ نامەیەکی لەخۆنەگرتبێت.
7. هەستکردنی خوێنەر بە گرنگی هەموو بڕگەکان.

## جۆرەکانی ناونیشانی ریکلام

[121]. عماد بشیر، تقنيات الكتابة الخبرية في الصحافة المطبوعة، (بغداد: دراسات عراقية، 2009)، ص56

[122]. صفوت محمد العالم، نهلة الحفناوی، سەرچاوەی پێشوو، ص113

ناونیشان بۆ چەند جۆرێك دابەش دەبێت، كە هەریەكێكیان تایبەتمەندی خۆی هەیە لە گرنگترین جۆرەكانی ناونیشان[123]:

أ. ناونیشانی راستەوخۆ : سروشتێكی هەواڵی هەیە، گرنگیدانی خوێنەر بە وردەكاری ریكلامەكە كەمدەكاتەوە، لەبەرئەوەی گرنگترین زانیاریە سەرەكیەكان لە خۆدەگرێت.

ب. ناونیشانی ناڕاستەوخۆ: ئەم جۆرە ناونیشانە هانی خوێنەر دەدات هەموو وردەكاریەكانی ریكلامەكە بخوێنێتەوە، هەموو زانیاریەكان لە ناونیشاندا ناخاتەڕوو، بەڵكو هانی خوێنەر دەدات هەمووی بخوێنێتەوە بۆ ئەوەی تێبگات چی لە پشت ئەو ناونیشانەوەیە.

ت. ناونیشانی پرسیاری: لێرەدا ناونیشان سیفەتی پرسی‌ار وەردەگرێت بە ئامانجی وروژاندنی بایەخ پێدانی خوێنەر، بەمەبەستی گەڕان بەدوای وەڵامدا ئەم جۆرە ناونیشانە كار بۆ تێركردنی ئارەزووی بەدواداچوون لەلای خوێنەر دەكات، ئەگەر وەڵامی راستی دەستنەكەوت یان بۆ بەراوردكردن لەنێوان ئەو وەڵامەی لەلای دروستبووە لە گەڵ وەڵامی راست.

پ. ناونیشانی فەرمانی: ئەم جۆرە ناونیشانە سیفەتی فەرمان وەردەگرێت لەكاتی ئاڕاستەكردنی بۆ ئەو جەماوەرەی مەبەستیەتی، جیاوازە لە ناونیشانەكانی تر شێوەی راستەوخۆو ناراستەوخۆش وەردەگرێت.

ج. ناونیشانی جووڵاندنی هەست: نەخشەساز بەمەبەست هەستی خوێنەر دەجولێنێت، بۆ ئەوەی خوێنەر ئەو پرسیارە لە خۆی بكات هۆكاری ئەم جۆرە ناونیشانە چیەو؟ ریكلامكار مەبەستی چیە؟

ح. ناونیشانی ئاڵۆز یان نادیار : یەكێكە لەو ناونیشانانەی كار لە سەركەوتنی ریكلام دەكات ئاماژە نادات بە مانایەكی دیاریكراو، كە بەسترابێتەوە بە بابەتی ریكلامەكەوە.

خ. ناونیشانی بەكارهێنانی ناوی كاڵاكە : ئەم جۆرە ناونیشانە كاتێك بەكاردەهێنرێت، كە ناوی كاڵاكە لەلای جەماوەر ناسراوبێت بەڵام لە كاتێكدا كاڵاكە لەلای جەماوەر ناسراو نەبێت وا باشترە ئەم جۆرە ناونیشانە بەكارنەهێنرێت[124].

**بنەماكانی نووسینی ناونیشان[125]:**

- پێویستە ناونیشان خوێنەر ئاڕاستە بكات بەرەو گرنگی بابەتی ریكلام بۆكراو.
- بوونی بەرپرسیارێتی سەبارەت بە خستنەڕووی ناونیشانی ریكلامەكە.
- ئاگاداربوون لە هەڵەی چاپ لە ناونیشاندا.
- دەستنیشانكردنی شوێنی گونجاو بۆ دانانی ناونیشان.
- لەبەرچاوگرتنی لێهاتوویی‌و شارەزایی لە داڕشتنی ناونیشانداو هەوڵدان بۆ سەرنجراكێشانی خوێنەر.

## دووەم: دەقی ریكلام:

---

123. أحمد عادل راشد، سەرچاوەی پێشوو، ص138-140

124. هناء عبدالحليم سعيد، الإعلان، (القاهرة: الشركة العربية للتوزيع والطباعة والنشر، 1995)، ص169

125. غسان عبدالوهاب الحسن، أيديولوجيا الإخراج الصحفي، (عمان: دار أسامة للنشر والتوزيع، 2012)، ص107

دەقە ریکلامیەکان رەگەزێکی سەرەکین لە رێگایەوە بیرۆکەکان دەگوێزرێتەوە بۆ خوێنەر بەمەبەستی هاندانیان بۆ بەدیهێنانی ئامانجی سەرەکی ریکلام، لە رۆژنامەو گۆڤاردا گرنگی بە دەقی ریکلام دەدرێت . دوای سەرکەوتنی ناونیشان بۆ راکێشانی سەرنجو وروژاندنی بایەخ پێدانی خوێنەر بۆ ریکلامەکە، رۆڵی ناوەڕۆك دەردەکەوێت بە هاندانی خوێنەر بۆ هەڵبژاردنی ئەو کاڵاو خزمەتگوزاریەی ریکلامی بۆ کراوەو بڕواپێهێنانیان بە خاسیەتو سوودەکانی کاڵاکە، گرنگە دەقەکە لەگەڵ رەگەزەکانی تر وەك ناونیشانو وێنەو نیگار یەکتری تەواو بکە ن بۆ ئەوەی کاردانەوەکەی لە ئاست خواستەکانی ریکلامکاردا بێت، پێویستە لە دەقدا زانیاری گشتگیرو ئەو راستیانەی خوێنەر پێویستیەتی لەسەر کاڵاو خزمەتگوزاریەکان بخرێتەڕوو بۆ ئەوەی خوێنەر کاردانەوەی چاوەڕوانکراوی هەبێت، لە کاتی نووسینی دەقە ریکلامیەکان پیٚویستە جیاوازیی لە توانا ژیریەکانو و بیروبۆچوونو پێداویستیو ئاڕاستەو هەستو سۆزی خوێنەر لە بەرچاو بگیرێتو دەستەواژەو وشەی گونجاو بۆ خستنەڕووی دەقە ریکلامیەکان بەکاربهێنرێت، پێویستە زمانێك بەکاربهێنرێت خوێنەر لێی تێبگاتو کاردانەوەی بۆ ریکلامەکە هەبێتو لەگەڵ سروشتی کاڵاکەو خوێنەرانی بلاوکراوەکەدا بگونجێت[126].

**دەقە ریکلامیەکان کۆمەڵێك ئەرکیان هەیە وەك[127]:**

1. دەق گرنگی خوێنەر لە رێگای دواندنی کێشەو گرنگیو ئارەزووەکانیان دەجوڵێنێت، تاك گرنگی بە هەموو ئەو شتانە دەدات لەگەڵ خواستەکانیدا دەگونجێت، بەکارهێنانی ئەم شێوازە بۆ ئەوەیە تاك وا هەست بکات ئەو دەقە ئاڕاستەی ئەو دەکرێت لە رێگای ئاماژەدانی سادەوە.
2. دەق رۆڵێکی زۆری لە جووڵاندنی ئارەزوو لای خوێنەرو هەڵبژاردنی کاڵاکە یان داواکردنی خزمەتگوزاریەکە هەیە، لە رێگای خستنەڕووی تایبەتمەندیەکانو ئاسانی دەستکەوتنی.
3. دەق وا دەکات خوێنەر بڕوابهێنێت بە بابەتەکە لە رێگای بەدەستخستنی راستگۆییو زیادەڕۆیی نەکردن لە خستنەڕووی لایەنە باشەکانی کاڵا یان خزمەتگوزاریەکەو پێشکەشکردنی بەڵگە لەسەر جۆرەکەی.
4. دەق لە وەڵامدانەوەی خوێنەر بۆ پەیامە ر یکلامیەکە بەشداریدەکات، لە رێگای کڕینی کاڵاکەوە یان تاقیکردنەوەی یان سەردانیکردنی شوێنی دەستکەوتنی کاڵاکە بۆ بینینی یان ناسینی تایبەتمەندیەکانی.

**بنەماکانی نووسینی دەقی ریکلام**

بۆ نووسینی دەقێکی سەرکەوتوو پێویستە پشت بە کۆمەڵێك بنەما ببەسترێت لەوانە[128]:

1. سادەیی: هەتا وشەکان سادە بن بە ئاسانی دەخوێنرێنەوە، بۆیە وا باشترە وشەی سادە بەکاربهێنرێتو دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی وشەی ئاڵۆز.
2. قەبارە: وشەی زۆر بچووك خوێنەر هیلاك دەكات، وشەی زۆر گەورەش خوێنە ر بێزار دەکات، بۆیە دەبێت قەبارەی وشەکان گونجاو بنو خوێندنەوەیان ئاسان بێت.

---

[126]. هناء عبدالحليم سعيد، سەرچاوەی پێشوو، ص187

[127]. صفوت محمد العالم، نهلة الحفناوی، سەرچاوەی پێشوو، ص130ـ131

[128]. إياد محمد الصقر، تصميم الصحافة المطبوعة وإخراجها، (عمان: دار أسامة للنشر والتوزيع، 2009)، ص57ـ58

3. هێز: وشەی گونجاو بەهێز لە نووسینی دەقە ریکلامیەکەدا بەکاربهێنرێت، قەبارەی دەقەکە هێزی وشەکان دیاریدەکات، ئەو دەقانەی قەبارەیان بچووکە وشەی بەهێزو تۆخی تیادا بەکاردەهێنرێت وەك دروشمو رستەی سەرنجراکێش، بەکارهێنانی ئەم جۆرە وشانە بۆ دەقی دووروودرێژ چاو هیلاك دەکات بۆیە دەبێت قەبارەی وشەکان باریکتر بن.
4. ئاراستە: ئەو وشەو رستانەی لە ناوەرۆکدا بەکاردەهێنرێت خوێنەر ئاراستە بکات بۆ ئەو شتانەی مەبەستیەتی.
5. گونجاندن: پێویستە لە ناو دەقەکەدا گونجاندن هەبێت لەنێوان هەموو ئەو رەگەزانەی لە ریکلامەکەدان بۆ پێکهێنانی ریکلامێکی سە رکەوتوو، جیاوازیی لەنێوان قەبارەی وشەکان لە ناونیشانی سەرەکیو لاوەکیو دەقدا هەبێت بەشێوەیەکی بەدوایەکدا هاتن وشەکان بچووك بکرێنەوە.

**رەگەزە پێکهاتووەکانی دەقی ریکلام[129]:**

1. پێشەکی: لەدوای پێشکەشکردنی بیرۆکەی سەرەکی نامە ریکلامیەکان لە ناونیشاندا، رۆڵی پێشەکی دەردەکەوێت لە گرنگیدانی بە خوێنەرەوە دەگوازرێتەوە بۆ گرنگیدان بە کاڵاکە، رەنگە لە پێشەکیدا باس لە سوودەکانی کاڵاکە بکرێت.
2. ناوەرۆك: ئەو نامە ریکلامیانە لە خۆدەگرێت، کە ریکلامکار دەیەوێت بیگەیەنێت بە بەکاربەر، هەروەها وردەکاری لەسەر کاڵاکەو سوودی بەکارهێنانیو هێنانەوەی بەڵگە بۆ بڕواپێهێنانی بەکاربەر بە چارەسەرکردنی کێشەکانیان لە رێگای بەکارهێنانی کاڵاکەوە، هێنانەوەی بەڵگەش بە چەند شێوەیەك دەبێت:

- شێوەی کاڵاکە.
- تاقیکردنەوەی لەلایەن کەسانی تایبەتمەندەوە.
- تاقیکردنەوەی لەلایەن بەکاربەرانەوە.
- تاقیکردنەوەی لەلایەن بەرهەمهێنەرەکان خۆیانەوە.
- ریزبەندی کاڵاکە لە بازاڕدا.
- شایەتیدانی کەسایەتیەکی بەناوبانگ یان کەسی ئاسایی.

3. کۆتایی: لە کۆتایی دەقەکەدا هانی بەکاربەر دەدرێت بۆ کڕینی کاڵاکە ، پێویستە بە جۆرێك دابڕێژرێت بەکاربەر بڕوابهێنێت بە بەکاربردنی کاڵاو خزمەتگوزاریەکە.

## سێیەم: بەکارهێنانی وێنەو نیگار لە ریکلامدا:

لە ئەنجامی پەرەسەندنی تەکنەلۆجیاو دروستبوونی گۆڕانکاری لە کۆمەڵگادا گرنگی زیاتردراوە بەلایەنی وێنەی رۆژنامەوانی، تەنها لایەنێکی جوانکاری نیە بۆ لاپەڕەکانی رۆژنامەو گۆڤارەکان، بەڵکو هۆکارێکی یاریدەدەرە بۆ بەرجەستەکردنی ماناکانو دروستکردنی کەسایەتی رۆژنامەو گۆڤارو بەدواداچوونی رووداوەکانو تێگەیشتنی وردتر لە بابەتەکان[130].

---

[129]. محمد فريد الصحن، سەرچاوەی پێشوو، ص220-221
[130]. محمد عبدالحميد، السيد بهنسى، تأثيرات الصورة الصحفية النظرية والتطبيق، (القاهرة: عالم الكتب، 2004)، ص15

وێنە بریتیە لە "تۆماركردنی جووڵەیەك، كە روویداوە لە رێگای ئامێرێكەوە " لە پێش پەیدابوونی كامێرا، وێنەو نیگاری كێشراو لە رۆژنامەكاندا بلاوكراوەتەوە[131].

وێنەی رۆژنامەنووسیی "بریتیە لە گواستنەوەی راستیەكان بەو شێوەیەی هەیە لە رێگای ئامرازێكی وێنەگرتنەوە یان لە رێگای وێنەكێشان بە دەستو بلاوكردنەوەی لەسەر كاغەزێك بە ئاگاداری خاوەنەكەی بە ئامانجی شیكردنەوە یان بەبازاڕكردن یان مەبەستێكی دیاریكراو بە بەكارهێنانی رەنگ یان بە رەش‌وسپی"[132].

وێنەی ریكلامی "بریتیە لەو وێنەیەی بەكاردەهێنرێت بۆ پشتیوانیكردن لە ناوەڕۆكی ریكلام ە بلاوكراوەكە، ئەو وێنەیە گوزارشت دەكات لە بیرۆكەی سەرەكی ریكلامەكە یان گوزارشت دەكات لە كالآیەك یان كە سانێك، رەنگە روونكردنەوە بدات لەسەر شێوازی بەكارهێنانی كالآكە"[133].

وێنەی ریكلا می رۆڵێكی زۆری هەیە لە گۆڕینی كالآو خزمەتگوزاریەكان بە پێداویستیەكی گرنگی ژیانی رۆژانەی كەسەكان، هەندێك ریكلام لە قسەكردن لەسەر كالآكەو سوودەكانی دووردەكەوێتەوە بە كاریگەریكردنە سەر لایەنی دەروونی كەسەكان لە رێگای بلاوكردنەوەی وێنەی كالآكە[134]. بوونی وێنە لە ریكلامدا زیاتر سەرنجڕادەكێشێت وێنەی كەسەكان كاریگەریی زیاتری لە وێنەی شتەكان هەیە، ئەو وێنانەی رەنگاو رەنگن كاریگەریی زیاتری لەسەر خوێنەر دەبێت وەك لەو وێنانەی رەش‌وسپیە[135]. بەكارهێنانی وێنە باشترین رێگایە بۆ بڕواپێهێنانی خوێنەر و ەك لە ریكلامی نوسراو، تەنانەت ئەگەر وشەی بەهێزو كاریگەریش بەكاربهێنرێت. شارەزایانی بواری ریكلام لەو بڕوایەدان بەكارهێنانی وێنە لە ریكلامدا سەرنجی بەكاربەر رادەكێشێتو نامە ریكلامیەكان بە خێرایی دەگەیەنێتو جۆرێك لە هاوسۆزی لەنێوان بەكاربەرو كالآكە دروست دەبێت وا دەكات ریكلامەكە زیاتر راستگۆ بێت، بەكارهێنانی وێنە هانی خوێنەر دەدات بە خوێندنەوەی دەقە نوسراوەكەی لەگەڵ وێنەكەدایە، هەروەها دەبێتە هۆی دەرخستنو دڵنیابوون لە كالآكەو دوورخستنەوەی خوێنەر لە بێزاری، بە تایبەتی ئەگەر دەقەكە زۆربێ ت لەوانەیە خوێنەر لە خوێندنەوەی بابەتەكە بەردەوام نەبێت[136].

**بەشێوەیەكی گشتی دووجۆر وێنە بەكاردەهێنرێت لە ریكلامی رۆژنامەنوسیدا**

1. **وێنەی فۆتۆگرافی:** "بریتیە لە زانستو هونەری وێنەگرتنی شتەكان، بەهۆی كاریگەریی روناكی لەسەر رووە هەستیارەكان"[137]. فۆتۆگراف (photograph) وشەیەكی یۆنانیە لەدوو وشە پێك هاتووە (photo) بە مانای

---

131. عبدالعزیز سعید الصویعي، الإخراج الصحفي والتصمیم ـ بین الأقلام والأفكار والح واسیب، (لبنان: دار الأن للطباعة والنشر، دار الملتقی للطباعة والنشر، 1998)، ص275

132. محمد البوستمی، الصورة الصحفیة، (القاهره: بدون دار نشر، 2008)، ص4

133. فهد بن عبدالعزیز بدر العسكر، الإخراج الصحفي ـ أهمیتة الوظیفیة واتجاهات الحدیثة، (الریاض: مكتبة العبیكان، 1998)، ص36

134. أحمد دعدوش، قوة الصورة ـ كیف نقاومها وكیف نستثمرها، (بدون مكان نشر: دار ناشري للنشر الإلكتروني، 2014)، ص160

135. خلیل محمد راتب، التصویر الصحفي، (عمان: دار أسامة للنشر والتوزیع، 2012)، ص87

136. إبراهیم محمد صافي، فن التصویر الصحفي، (عمان: دار أسامة للنشر والتوزیع، 2016)، ص237ـ238

137. جەمال عەبدول، سەرچاوەی پێشوو، ل490

ڕووناكی، (graph) مانای كێشان یان نوسین دێت . وێنەگر كاتێك وێنەیەكی دیاریكراو دەگرێت ئەوا جووڵەی شتەكان دەوەستێنێت لە كاتو شوێنی دیاریكراو[138].

لە ریكلامدا وێنەی كاڵاكە یان شوێنی دەستكەوتنی كاڵا یان وێنەی كەسێك بەكاردەهێنرێت، كە لە رێگای ئامێری فۆتۆوە گیراوە، ئەمانە وێنەی فۆتۆگرافینو راستەوخۆ پەیوەندیان بە بابەتەكەوە هەیە.

2. **وێنەی گرافیك:** وشەی گرافیك وشەیەكی لاتینیە، كە لە (Graphus) هاتووە، بە مانای "هێڵی نوسراو یان كێشراو یان چاپكراو " دێت. لە زمانی فەرەنسیدا (Gravure) بە كاردەهێنرێت[139]. نەخشەسازیی گرافیك "هونەری پەیوەندیكردنە لە رێی بینینەوە". گرافیك كێشانی وێنەیەكە پەیوەندی بە سروشتی ریكلامەكەوە هەیەو كارێكی داهێنەرانەیە، كە نەخشەساز یان كۆمەڵێك نەخشە ساز ئەنجامی دەدەن لەسەر داواكاری ریكلامكار بۆ گەیاندنی نامەیەكی دیاریكراو بۆ ئەو جەماوەرەی مەبەستیەتی، نەخشەسازیی گرافیك كار لەسەر كۆمەڵێك رەگەز دەكات بۆ دروستكردنی كارێكی هونەری بینراو[140].

**شێوازەكانی خستنەڕووی وێنەكان لە ریكلامدا:**

وێنەی ریكلامی بە چەند شێوازێك دەخرێتەڕوو وەك[141]:

1. وێنەی كاڵاكە یان بەشێكی:

بڵاوكردنەوەی وێنەی ئەو كاڵایەی بەكاربەر دەیكرێت، لە چەند روویەكو بە چەند قەبارەیەك وێنەی كاڵاكە دەگیرێت بەمەبەستی دەرخستنی كاڵاكە بۆ ئەوەی ببێتە جێگای گرنگی خوێنەر:

لە چەند كاتێكدا ئەم شێوازە بەكاردەهێنرێت:

أ. كاتێك بۆ یەكەمجار كاڵایەك پێشكەش دەكرێت بە ئامانجی ناساندنی كاڵاكە بە بەكاربەر، ناسینی شێوەی كاڵاكە و جیاكردنەوەی لە كاڵای ركابەرەكان لە كۆگا جیاوازەكانو شوێنی نمایشكردنی.

ب. كاتێك شێوەی كاڵاكە خاڵێكی گرنگی فرۆشتنە، دەبێتە هۆی جێگای گرنگیو جووڵاندنی ئارەزووی بەكاربەر.

ت. كاتێك ئاڕاستەی دەستەیەك بەكاربەری دیاریكراو دەكرێتو وێنەی كاڵاكە دەبێتە جێگای گرنگی ئەو دەستەیە.

پ. كاتێك ریكلامكار مەبەستیەتی بە كاڵایەكدا هەڵبدات لە رووی ئەو تایبەتمەندیانەی هەیەتی.

2. وێنەی كۆمەڵێك كاڵا:

ئامانجی ریكلامكار خستنەڕووی وێنەی كۆمەڵێك كاڵایە، كە بەرهەمی دەهێنێت بە تایبەتی ئەگەر كاڵاكە هێمایەكی دیاریكراوی هەبێت، واتا هێمایەكی بازرگانی خاوەنی چەند جۆرێك كاڵای جیاوازبێت بەڵام لەژێر هەمان هێما یان لۆگۆدا، لێرەدا وێنەی سەرجەم كاڵا جیاوازەكان دەگیرێت، كە بەرهەم دەهێنرێت بە ئامانجی ئاشناكردنی بەكاربەر بە جۆری بەرهەمەكە بۆ پڕكردنەوەی پێداویستیە هەمە جۆرەكانیان، ئەم شێوازە بەرهەمهێنەرو نێوەندو بریكارو

---

138. یونس ایتمایتی، تعریف التصویر الفوتوغرافي الرقمي، http://www.mosawir.org/2014/12/What-is-photography.html، (كاتی سەردانیكردن: 2017/2/1)

139. رمزي محمد العربي، التصمیم الجرافیكی، (عمان: مكتبة المجتمع العربي، 2008)، ص59

140. مها عبدالرحمن، تعریف تصمیم جرافیك، http://www.mahagfx.com/archives/185، (كاتی سەردانیكردن: 2017/2/5)

141. محمد فرید الصحن، سەرچاوەی پێشوو، ص236_237

**کۆگاکان بەکاریدەهێنن، کۆمەڵێك کاڵا دەخەنەڕوو، کە یەك جۆر بەرهەم بەسەری اندا دابەش دەکرێت، یان خستنەڕووی کۆمەڵێك کاڵاو ناوی بازرگانی جیاواز بۆ ئاماژەدان بە بەکاربەر بە بوونی ژمارەیەك کاڵای زۆر لەناو کۆگایەکدا.**

3. **وێنەی کاڵاکە پێش بەکارهێنانی[142]:**

**ئەم شێوازە جەخت لەسەر وێنەگرتنی کاڵاکە لە قۆناغە جیاوازەکانی بەرهەمهێنانی دەکاتەوە، بە ئامانجی پیشاندانی پێکهاتەکانی کاڵاکە لە سەرەتایی بەرهەمهێنانی تاکو بۆ خستنە بازاڕ ئامادە دەبێت، ئەم شێوازە زیاتر بۆ تەلەفزیون گونجاوە، چونکە جووڵەی تێدایە.**

4. **وێنەی کاڵاکە کاتێك بۆ بەکارهێنان ئامادەکراوە:**

**هەندێك جار پیشاندانی کاڵاکە بە تەنها رەگەزێکی لاواز دەبێت لە کاریگەریی کردنە سەر بەکاربەر، بۆیە هەندێك ریکلامکار بۆ پشاندانی کاڵاکە هەوڵی دروستکردنی کەشێکی کاریگەر دەدات، وێنەی کاڵاکە پیشان دەدات کە ئامادەیە بۆ بەکارهێنان، بۆ نموونە کەرەستەی خواردن کاتێك ئامادەیە بۆ خواردن کاری گەریی زیاترە لە پیشاندانی بەشێوەی سەرەتایی.**

5. **وێنەی کاڵاکە لەکاتی بەکارهێناندا:**

**پیشاندانی وێنەی کاڵاکە لەکاتی بەکارهێنانیدا سەرنجی زیاتری بەکاربەر رادەکێشێت، چونکە پیشاندانی وێنەی هەندێك کاڵا بەبێ بەکارهێنانی کاریگەریی زۆری نابێت، بۆ نموونە بڵاوکردنەوەی وێنەی ئوتۆمبیل لەکاتی لێخوڕیندا کاریگەریی زیاتری هەیە وەك لە وەستانی.**

6. **وێنەی ئەنجامی بەکارهێنانی کاڵاکە:**

**لێرەدا جەخت لەسەر ئەنجامی بەکارهێنانی کاڵاکە دەکرێتەوە، لەم شێوازەدا بەکاربەر گرنگی زیاتر دەدات بەو سوودەی دەستیدەکەوێت لە ئەنجامی بەکارهێنانی کاڵاکە، بۆ نموونە ژنان گرنگی بەو کاڵا جوانکاریانە دەدەن، کە سوودی بۆیان هەیە نەك بە پێکهاتەکانی ئاماژەدان بە ئەنجامی بەکارهێنانی کاڵاکان بڕواپێهێنان لەلای بەکاربەر زیاتر دەکات.**

7. **وێنەی ئەنجامی بەکارنەهێنانی کاڵاکە[143]:**

**لێرەدا بەکاربەر ئاگادار دەکرێتەوە لە مەترسیو زیانەکانی بەکارنەهێنانی کاڵاکەو لەدەستدانی تایبەتمەندیەکانی، ئەم شێوە ریکلامە لە هەڵمەتی رێکخستنی خێزانیدا بەکاردێت، وەك خزمەتگوزاریەکانی کۆمپانیای دڵنیایی، خزمەتگوزاری چاککردنی ئوتۆمبیل، هەڵمەتەکانی کوتان دژی نەخۆشی.**

8. **وێنەی شایەتیدان:**

**ئەم شێوازە بۆ پاڵپشتیکردن لەو کاڵایەی ریکلامی بۆ کراوە بەکاردەهێنرێت، بە شایەتی هەندێك کەسی بەناوبانگ، بەمەبەستی دروستکردنی کاریگەریی بۆ بەکارهێنانی کاڵاکە، وەك وێنەگرتنی کەسایەتیەکی ناسراو، کە کاڵاکە بەکاردەهێنێت یان دوای بەکارهێنانی، وەك هەندێك وەرزشەوان جلی وەرزشی لەبەر دەکەن، کە هێمایەکی بازرگانی دیاریکراویان هەیە.**

9. **بەکارهێنانی وێنەی کەسایەتی:**

---

142. رستم أبو رستم، محمد أبو جمعة، سەرچاوەی پێشوو، ص144

143. زينب ليث عباس محمد رؤوف، سەرچاوەی پێشوو، ص97

کاتێك داهاتێکی باش لەبەردەستدا بێت، دەتوانرێت سوود لە وێنەی کەسایەتیە ناودارەکان وەربگیرێت بە ریکلامکردن بۆ بەرهەمەکان ، ئەمەش یەکێکە لە رێگا گرنگەکانی برەوپێدان بە کاڵاو خزمەتگوزاریەکانو زیادکردنی رێژەی فرۆشتن، وە هەندێك جار وێنەی کەسی ئاسایی یان شارەزا لە ریکلامەکاندا بەکاردەهێنرێت[144].

**ئەرکی وێنەی ریکلامی[145]:**

1. گوزارشتکردن لە بیرۆکەی ریکلامەکە بە بینینی وێنەکە : بەکارهێنانی وێنەی گونجاو بۆ گوزارشتکردن لە بیرۆکەی ریکلامەکەو هەڵبژاردنی وێنەو نیگاری ئاسانو راستەقینە بە جۆرێك پەیامەکە بە باشی بە خوێنەر بگەیەنێت و لە رێگای وێنەکانەوە روونکردنەوە بدرێت بە خوێنەر لەسەر جۆرو چۆنێتی بەکارهێنانی کاڵاکە.
2. راکێشانی سەرنجی دەستەیەکی دیاریکراوی بەکاربەر : زۆربەری جارەکان ئامانجی ریکلام راکێشانی سەرنجی بەشێك یان دەستەیەکی دیاریکراوی بەکاربەرە، کە گرنگی بە بەرهەمێکی دیاریکراو دەدەن.
3. جووڵاندنی گرنگی بەکاربەر: وێنەو نیگاری جوان دەبێتە هۆی جووڵاندنی گرنگیو لایەنی دەروونی بەکاربەر بۆ زانینی هەموو شتێك دەربارەی وێنەو نیگارەکە.

### چوارەم: بەکارهێنانی رەنگ:

بەکارهێنانی رەنگ لە ریکلامدا کاریگەریی لەسەر گەیاندنی نامە ریکلامیەکان هەیە لە هەموو هەنگاوەکاندا لە رووی سەرنجراکێشانو دروستکردنی بارودۆخێکی ویژدانی لای خوێنەر، بەتایبەتی رەنگ دەبەسترێتەوە بە ماناو هەستو سۆزی سایکۆلۆژی[146]. رەنگ کۆمەڵێك ئاماژەیی دەروونی هەیە لەبەرئەوە زانایانی بواری دەروونناسی دابەشیانکردوە بەپێی کاریگەریان لەسەر هەستی مرۆڤ، رەنگە دڵخۆشبکەن یان بە پێچەوانەوە دڵتەنگ بکەن، رەنگەکان پۆلێن دەکرێن بۆ رەنگە گەرمەکان (سوور، زەرد، پرتەقاڵی ) رەنگە ساردەکان (سپی، شین)، لێرەوە گرنگی بەکارهێنانی رەنگ لەگەڵ ئاماژە دەروونیەکان دەردەکەوێت، بەکارهێنانی رەنگ لە ریکلامدا یەکێکە لە هۆکارە گرنگەکان، کە سەرنجی خوێنەر رادەکێشێت، زیادەڕۆیی کردنیش لە بەکارهێنانی رەنگەکاندا زیان لە گەیاندنی پەیامەکە دەگەیەنێت، هەروەها نرخی تێچوونی ریکلامی رەنگاو رەنگ زیاترە لە نرخی ئەو ریکلامانەی رەنگ بەکارناهێنێت، بەکارهێنانی رەنگ لە ریکلامدا کۆمەڵێك ئامانجی دەروونی بەدیدەهێنێت وەك:

- رەنگ سەرنجڕادەکێشێت: بەکارهێنانی رەنگەکان بەشێوەیەك لەگەڵ یەکدا بگونجێت کاریگەریی لەسەر سەرنجی خوێنەر دەبێت بۆ ئەوەی گرنگی بە بابەتەکە بدات، بە تایبەتی لە کاتی گرنگیدان بە رەگەزێکی دیاریکراو رەنگ بەکاردەهێنرێت بۆ ئەوەی خوێنەر سەرنجی بدات.
- دروستکردنی کاریگەریی سایکۆلۆژی: رەنگ لە رۆژنامەو گۆڤاردا کۆمەڵێك کاریگەریی سایکۆلۆژی لەسەر خوێنەر دروست دەکاتو لایەنی دەروونی بۆ وەرگرتنی پەیامەکە ئامادە دەکات، هەروەها رەنگ یارمەتی نەخشەساز دەدات بۆ گوزارشتکردن لە ناوەڕۆکی بابەتەکە، کاریگەریی سایکۆلۆژی خراپیشی دەبێت لەکاتی زیادەڕۆیکردن لە بەکارهێنانیدا.

---

144. بێ ناوی نووسەر، أهم تقنيات الإعلانات المطبوعة، http://www.at4adv.com/our-blog/advertising-design/most-important-techniques-of-print-ads#.WQzTRvmGPIU، (کاتی سەردانیکردن: 2016/11/1)

145. أحمد إبراهيم عبدالهادي، سەرچاوەی پێشوو، ص93-94

146. شركة ناب للدعاية ولإعلان، سەرچاوەی پێشوو، (کاتی سەردانیکردن: 2016/10/10)

ـ زۆرترین خوێنەر ریکلامەکە دەبینێت: بەهۆی ئەو کاریگەرییەی دروستی دەکات لەسەر هەستی بینینو گرنگیدان بە ناوەڕۆکی نامە ریکلامیەکان[147].

ـ یارمەتی بیرهێنانەوە دەدات : لەکاتی باسکردنی شتێك رەنگە ئاماژە بدرێت بە رەنگەکەی، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی رەنگ بەهایەکی بیرهێنانەوەی بەهێزی هەیە ریکلامکاریش بەلایەوە گرنگە خوێنەر کاڵاو بەرهەمەکەی بناسێتەوە.

ـ پیشاندانی کاڵاو کەسو دیمەنەکان بە شێوەو رەنگە سروشتیەکەی خۆی : پیشاندانی رەنگی کاڵاکان وەك خۆی کاریگەریی لەسەر خوێنەرو لایەنی نەخشەسازیی هەیە، کە وا دەکات سروشتی کاڵاکان وەکو خۆیان پیشانی خەڵك بدرێت راستگۆیی زیاتری پێوە دیاربێت.

ـ رەنگ کەشێکی گونجاو دروستدەکات بۆ وەرگرتنی بیرۆکەی ریکلامەکە : رەنگی کاڵاو خزمەتگوزاریەکان بە شێوە سروشتیەکەی خۆی پیشان بدرێت لێریگەریی ریکلام لە وەرگرتنی بیرۆکەکە زیاد دەکات[148].

**لەکاتی بەکارهێنانی رەنگدا پێویستە نەخشەساز چەند خاڵێك لە بەرچاوبگرێت[149]:**

1. ناوەڕۆکی رەنگەکە: ئەگەر رەنگەکە سوور، شین، زەرد بێت.
2. پلەی رەنگەکە: بە مانای هێزی رەنگەکەو شوێنی لەنێوان رەشوسپی.
3. پلەی گەرمی رەنگەکە: بە مانای ساردیو گەرمی رێژەی رەنگەکان بەراورد لەگەڵ یەکتردا.
4. بڕی رەنگ: بە مانای قەبارەی رووبەرە رەنگیەکانو پەیوەندیان بە یەکترەوە.
5. شوێن: بە مانای ئەو شوێنەی رەنگەکە داگیری دەکاتو پەیوەندی ئەو شوێنە بە رووبەرە رەنگیەکانی تر لە هەمان لاپەڕەدا.

## بەکارهێنانی رەنگ پشت بە چەند هۆکارێك دەبەستێت[150]:

1. سروشتی کاڵاکە.
2. سروشتی جەماوەری مەبەستدار.
3. سروشتی ئامرازە جیاوازەکانی ریکلامکردن (تەلەفزیون، رۆژنامە، گۆڤار...).
4. سروشتی نامە ریکلامیەکان لەرووی ناوەڕۆكو ئامانجەوە.

## پێنجەم: بەکارهێنانی هێماو لۆگۆو دروشمو ئاماژە

شێوازێکی باوە لە ریکلامی چاپکراودا بەکاردەهێنرێت، هەندێك جار نەخشەساز هێماو لۆگۆو دروشم بەکاردەهێنێت، کە یارمەتی گەیاندنی بیرۆکەکە دەداتو وا دەکات خوێنەر بەردەوام بێت لە خوێندنەوەی ریکلامەکە بۆیە پێویستە دروشمو هێمای تایبەتمەند هەڵبژێرێت[151].

---

147. منى سعيد الحديدى، سلوى إمام على، سەرچاوەی پێشوو، ص29ـ30
148. رستم أبو رستم، محمد أبو جمعة، سەرچاوەی پێشوو، ص153ـ155
149. أشرف محمود صالح، الإخراج الصحفي، (القاهرة: مركز جامعة القاهرة للتعليم المفتوح، 2001)، ص294
150. عبدالعزيز الصبحى، تصميم الإعلان، https://akalsubhi1987.wordpress.com، (كاتى سەردانیکردنی: 2016/10/17)
151. بێ ناوی نوسەر، سەرچاوەی پێشوو، (کاتی سەردانیکردن: 2016/10/22)

هێماو لۆگۆو ئاماژه ر ەنگە لە شێوەی وشە یان شێوەی تیر یان شێوەی ئەندازیاری یان بازنەیی بێت، کە کاردەکات بۆ ئاڕاستەکردنو ئاسانکردنی جووڵەی چاوی خوێنەر لە ناو ئەو رووبەرەی بۆ ریکلامەکە دیاریکراوە ئەم جۆرە ریکلامانە بۆ ئەو بەرهەمانەیە، کە جۆرەکەیان باشە بە بینینی هێما یان لۆگۆ کۆمەڵێك بۆچوون لای خوێنەر دروست دەبێت، کە پەیوەستە بە جۆری بەرهەمەکە، کۆمپانیاکان هەوڵێکی زۆریان داوە تا لە رێگای ریکلامەوە وێنایەك لەلای بەکاربەر دروست بکەنو لۆگۆی تایبەت بە خۆیان هەبێتو بەکاربەر بە بینینی لۆگۆکە بەرهەمەکە یان کۆمپانیاکە بناسێتەوە .

لە ریکلامی چاپکراودا دەتوانرێت وشەیەك بە قەبارەیەکی جیاوازتر لە نووسینەکانی تر بەکاربهێنرێت وەك هێما، کە خوێنەر ئاڕاستە دەکات بۆ بەشە گرنگەکانو سەرنجی را دەکێشێت، نەخشەساز دەبێت کۆمەڵێك هێما هەڵبژێرێت یارمەتیدەربێت بۆ دروستکردنی کاریگەریی خێرا لەسەر جەماوەر، هێما کاردەکات بۆ ئاڕاستەکردنی خوێنەر بۆ رەگەزە سەرەکیەکانی ریکلامو گواستنەوەی ماناکان. بەکارهێنانی دروشم یەکێکە لە ئامرازەکان بۆ بەدیهێنانی هەندێك ئامانجی دیاریکراو، دروشم بریتیە "لە رستەیەکی روونو ئاسان، خاسیەتی سەرەکی ئەو کاڵایە پیشاندەدات، کە ریکلامی بۆ کراوە، بەشێوەیەك رێکدەخرێت بە وتنەوەی لە مێشکی خوێنەردا ببەسترێتەوە بەو کاڵایەوە"[152].

## دروشم بەکاردەهێنرێت بۆ بەدیهێنانی یەکێك لەم ئامانجانە[153]:

1. بەدەستهێنانی جۆرێك لە بەردەوامی هەڵمەتە ریکلامیەکان بۆ ماوەیەکی دوورو درێژ.
2. دەرخستنی بیرۆکەی سەرەکی ریکلامەکە لە دەستەواژەیەکی کورتو ئاساندا، کە تاکەکان بتوانن بیریان بکەوێتەوەو بیلێنەوە.

## شەشەم: نرخ:

بڵاوکردنەوەی نرخی کاڵاو خزمەتگوزاریەکان لە هەندێك کاتدا پێویستە، لە هەندێك کاتی تردا پێویست ناکات ئەمەش پەیوەندی بە جۆری ریکلامەوە هەیە، بەپێی ئەو ئامرازەی بۆ ریکلامکردن بۆ کاڵاو خزمەتگوزاریەکان بەکاردەهێنرێت، ئەگەر ریکلامەکە ئاڕاستەی بەکاربەری کۆتایی بکرێت، بڵاوکردنەوەی نرخ پەیوەندی بە سروشتی کاڵاو خزمەتگوزاریەکەو تایبەتمەندی بەکاربەرەوە دەبێت، بۆ نموونە ئەگەر کاڵاکە تازە بێت لای جەماوەرو جۆری ریکلامەکە فێرکاری بێت، کە ئامانجی زانیاریدان بێت لەسەر کاڵاکەو سوود گەیاندن بێت بە بەکاربەر، بڵا وکردنەوەی نرخ لەم کاتەدا گرنگیەکی ئەوتۆی نیە، بە رادەی گرنگیدان بە دەرخستنی سوودەکانی کاڵاکەو توانای تێرکردنی پێداویستیەکانی بەکاربەر، لێرەدا نرخ بڵاودەکرێتەوە وەك هۆکارێك بۆ هاندانی کڕینی کاڵاکە، بەڵام ئەگەر کاڵاکە لە قۆناغی کێبڕکێدا بێت بڵاوکر دنەوەی نرخ هۆکارێکی گرنگە، کە جەماوەر لەسەر ئەو بنەمایە بڕیاری خۆی دەدات . سەبارەت بەو جەماوەرەی، کە داهاتیان بەرزە بڵاوکردنەوەی نرخ گرنگیەکی ئەوتۆی نیە، بەراورد بەو بەکاربەرانەی داهاتێکی مام ناوەند یان دیاریکراویان هەیە، بڵاوکردنەوەی نرخی کاڵاو خزمەتگوز اریەکان گرنگیەکی زۆری هەیە، بە تایبەتی ئەگەر ریکلامەکە ئاڕاستەی ئەو بەکاربەرانە بکرێت . سەبارەت بە ریکلامی پیشەییو بازرگانیو پیشەسازی،

---

152. نجم عبد شهيب، نورالدين النادي، سەرچاوەی پێشوو، ص140ـ141

153. عبدالعزيز الصبحي، سەرچاوەی پێشوو، (کاتی سەردانیکرن:2016/10/17)

بڵاوكردنەوەی نرخ بەراورد بە خاسیەتەكانی كاڵاكە گرنگیەكی زۆری هەیە، چونكە نرخ هۆكارێكە لەبەرچاو دەگیرێت لەسەر بڕیاردان لە كڕینی لەلایەن بەكاربەری پیشەسازی یان بازرگانی[154].

## سێیەم/ شێوەكانی نەخشەسازیی ریكلام

نەخشەساز ریكلامەكان بەسەر لاپەڕەكاندا دابەشدەكات بەپێی سیاسەتی دەزگا رۆژنامەوانیەكەو گونجاندنی لاپەڕەكانو بەپێی ئەو رووبەرەی ریكلامكار دەیكڕێت، چەند شێو ازێك بەكاردەهێنرێت لە نەخشەسازیی ریكلامدا گرنگترین شێوازەكانی[155]:

1. شێوازی نیو قوچەك : شێوازێكی باوە لە نەخشەسازیی ریكلامی چاپكراودا، ریكلامەكان لە شێوەی نیو قوچەكی ئاسایی دابەشدەكرێن، كە بنكەكەی لەلای راست یان چەپ دەبێت، هەتا بەرەو سەرەوەی هەرەمەكە بڕوات فراوانیەكەی كەمتر دەبێتەوە، ریكلامەكان لە شێوەی نیو قوچەكدا رێكدەخرێن، ئەم شێوازە زۆرترین بەكارهێنانی هەیە لە تایبەتمەندیەكان:

أ. دەرخستنی سەرجەم یەكەكانی ریكلام لە رێگای بەكارهێنانی سەرجەم بابەتە نووسراوەكان.

ب. كات بۆ نەخشەساز دەگێرێتەوەو رێگا پێدانی بە بەكارهێنانی ناونیشان بە پانی، لەبەرئەوەی ناگاتە بەشی سەرەوەی ستوونەكە.

ت. ریكلامكار ڤایل دەكات بەوەی ریكلامی بچووك دەبێت لەسەرەوە بێت بەمەش دەردەكەوێت.

2. شێوازی نیوەی قوچەك: لەم شێوازەدا ریكلامەكان لەملاولای لاپەڕەكە دابەشدەكرێن لە شێوەی دوو نیوە قوچەكی ئاسایی، ئەو بۆشایەی لەنێوانیاندایە بەحێدەهێڵرێت بۆ بابەتە رۆژنامەنوسیەكانی ترە لە گرنگترین تایبەتمەندیەكانی ئەم شێوازە:

- دەرخستنی زۆرترین ژمارەی ریكلام.
- ریكلامەكان دەكەونە دەرەوەی چەڤی لاپەڕەكە.

3. شێوازی لاكێشەیی: ئەم شێوازە بەكاردەهێنرێت لە كاتێكدا یەك ریكلامی لاكێشەیی هەبێت یان چەند ریكلامێكی بچووك هەبێت بە قەبارەیەكی یەكسانو لەسەر یەكتری لە لایەكی لاپەڕەكە دادەنرێن، لە خراپیەكانی ئەم شێوازە شاردنەوەی ریكلامەكانی خوارەوەی لاكێشەكەیە.

4. شێوازی دوو لاكێشەیی: بریتیە لە دابەشكردنی ئەو ریكلامانەی هەمان رووبەریان هەیە، لەسەر یەكتری لەملاولای لاپەڕەكە لە شێوەی دوو لاكێشە.

5. شێوازی نیو قوچەكیو لاكێشەیی: نەخشەساز لە كاتێكدا ئەم شێوازە بەكاردەهێنێت، كە دوو جۆر ر یكلامی هەبێت هەندێكیان یەكسانبنو هەندێكیان جیاوازبن، ئەو ریكلامانەی یەكسانن لەلایەكی لاپەڕەكەو لەسەر یەكتری دەیاندەنێت لە شێوەی لاكێشەیی، ئەوانەی جیاوازن بە شێوازی نیو هەڕەمی لە لاكەی تری لاپەڕەكە دایدەنێت[156].

---

[154]. أحمد عادل راشد، سەرچاوەی پێشوو، ص146ـ147

[155]. مرزوق عبدالحكم العادلی، سەرچاوەی پێشوو، ص182ـ184

[156]. سمير أحمد خليل، فن أخراج الصحفي، (عمان: دار أسامة للنشر والتوزيع، 2015)، ص85

6. شێوازی هەرەمەکی: بریتیە لە دابەشکردنی یەکەکانی ریکلام بەبێ رێکخستنێکی دیاریکراو جۆرێك لە تێکەڵاوی دەبێت لەگەڵ بابەتە رۆژنامەنوسیەکان ئەم شێوازە کەمترین بەکارهێنانی هەیە لەبەرئەوەی لایەنی نەرێنی زۆرە لەوانە:

– تێکەڵاوبوونی بابەتە رۆژنامەنوسیەکان لەگەڵ ریکلامەکەدا، ئەمەش سەرنجی خوێنەر تێکدەدات.
– دروستبوونی جیاوازیی لەنێوان بابەتە رۆژنامەنوسیەکانو ریکلامەکان لەلایەنی چاپکردنەوە، دەرکەوتنی لاپەڕەکە بەشێوەیەکی نەگونجاو.

## چوارەم/ هونەرو تەکنیکی راکێشانی سەرنجی خوێنەر بۆ بابەتە ریکلامیەکان

لە کاری نەخشەسازیی ریکلامدا چەندین هۆکاری هونەریی و تەکنیکی هەیە، کە وا دەکات کاریگەریی ریکلام لەسەر خەڵك زیاتر بێت، بەدیهێنانی ئامانجی ریکلامیش بەشێکی بۆ لایەنی نەخشەسازیی و چاپکردنی دەگەڕێتەوە، لە گرنگترین ئەو لایەنە هونەریی و تەکنیکیەکانی بواری ریکلام بریتین لە[157]:

1. بەکارهێنانی ناونیشانی سەرەکی گەورەو تۆخ و ناوەڕۆکی سەرنجڕاکێش : ناونیشانی گەورەو تۆخ وا لە چاوی خوێنەر دەکات سەرنج بدات . بەکارهێنانی دەستەواژەی بەهێز لە ناونیشاندا وا دەکات خوێنەر لە خوێندنەوە بەردەوام بێت.
2. رێکخستن و رازاندنەوەی رەگەزەکان و دوورکەوتنەوە لە پشێوی : پێویستە رەگەزە بەکارهاتووەکانی ریکلام رێکبخرێت، بۆ نموونە بەکارهێنانی وێنەیەکی گەورە باشترو سەرنجڕاکێشترە لە بەکارهێنانی چەند وێنەیەکی بچووك، پارمەتی خوێنەر دەدات لە بەشی سەرەوەی لاپەڕەکە بێتە بەشی خوارەوە بەبێ دروستبوونی شپرزەیی، بەم جۆرەش ریکلامەکە بە تەواوەتی دەخوێنرێتەوە، بوونی ژمارەیەکی زۆر لە رەگەزەکان چاوی خوێنەر هیلاك دەکات ئەمەش وا دەکات بەردەوام نەبێت لە خوێندنەوە.
3. ناوەڕۆکی پەیامە ریکلامیەکە گرنگترە لە وێنەو شێوە زۆرەکانی : بەکارهێنانی رەگەزی زۆر رەنگە سەرنجی خوێنەر بشێوێنێت لەو پەیامەی ریکلامەکە دەیەوێت بیگەیەنێت، بۆیە پێویست ناکات رەگەزەکان نووسینەکان داپۆشێت.
4. دڵنیابوون لە بەکارنەهێنانی دەستەواژەو رستە لەسەر وێنەکان : وا لە خوێنەر دەکات نەتوانێت بە ئاسانی نووسینەکان بخوێنێتەوەو سەرنجی ریکلامەکە لە یەکەم بینیندا بدات، پێویستە نەخشەساز رستەو دەستەواژە ریکلامیەکان لەلای یان بەشی سەرەوەی وێنەکە بنووسێت.
5. هەوڵدان بۆ سەلماندنی بیرۆکەی ریکلامەکە : هەندێك ریکلام داوا لە خەڵك دەکات کاڵایەکی دیاریکراو بکڕن لەبەرئەوەی کۆمەڵێك تایبەتمەندی باشی هەیە، بەڵام ئەگەر نەخشەساز رێگایەکی نەدۆزیەوە بۆ سەلماندنی بیرۆکەکە، ئەوا ناتوانێت بڕوابێهێنێت بە خەڵك کاڵاکە بکڕن، بۆیە واباشترە جۆرێك لە پەیوەندی لەنێوان چاوی خوێنەرو کاڵاکە دروست بکات، لە رێگای بەراوردکردن لەنێوان ئەو کاڵایەی ریک لامەکەی بۆ دەکرێت لەگەڵ کاڵایەکی تر.

---

[157] . رمزي محمد العربي، سەرچاوەی پێشوو، ص219ـ223

6. **گواستنەوە بۆ خاڵی سەرەکی : رەنگە خوێنە ر ئەو پرسیارە بکات، کە لەو ریکلامەدا چی شتێك سوودی پێدەگەیەنێت، لەبەرئەوە نەخشەساز دەبێت وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە لە رێگای راستەوخۆ چون بۆ بیرۆکەی سەرەکی ریکلامەکە دواتر دەتوانێت وردەکاریەکانی تر باس بکات.**
7. **بەکارهێنانی زمانێکی سادە هەموو کەس لێی تێبگات : ئەو ریکلامانەی دەستەواژەی قورسی تیادا بەکاردەهێنرێت هەموو کەس تێیناگات، دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی وشەی زۆر، کە پێویست نەکات.**
8. **بە خەڵك بوترێت چی لەدەست دەدەن ئەگە ر ئەوەیان نەکرد کە لە ریکلامەکەدا باس کراوە : ترسی لە دەستدان لەلای خەڵك زیاترە وەك لە ئارەزووی بەدەستهێنان، ئەگەر نەخشەساز ئەم شێوازە بەکار بهێنێت سەرکەوتوو دەبێت، کاتێك بە خەڵك دەوترێت زیانێکی زۆر لە دەست خۆتان دەدەن ئەگەر ئەو کاڵایە نەکڕن یان لە دەستدانی خزمەتگوزاری دوای کڕین.**
9. **بە جەماوەر بوترێت پێویستە چی بکات: لە ریکلامدا پێویستە رێنمایی جەماوەر بکرێت، کە چی بکات وەك : بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بکە بە ژمارەیەکی دیاریکراوەوەو جەختکردنەوە لەسەر دەستەواژەی "پەیوەندی بکە لەهەر کاتێکدا" مەبەست لەمەش بۆ ئەوەی جەماوەر بتوانێت لە هەرکاتێکدا بێت پەیوەندی بکات بۆ وەرگرتنی زانیاری بێ دوو دڵی، پێویستە نەخشەساز گرنگی بەو دەستەواژەیە بداتو بەروونی ژمارەی تەلەفون دابنرێت.**

## پێنجەم/ پرۆسەی راستکردنەوە لە ریکلامدا

**مەبەست لێی راستکردنەوەی ئەو هەڵانەیە، کە کاریگەریی خراپی لەسەر ریکلام دەبێت، ئەم کارە بۆ زیادکردنی کاریگەریی لەسەر وەرگر ئەنجام دەدرێت، پرۆسەی راستکردنەوە بە چەند قۆناغێك ئەنجام دەدرێت، کە بریتین لە[158]:**

1. **دەق: یەکەم خاڵ دەبێت رەچاوی دەقە ریکلامیەکە بکرێتو زۆر بە ئاگاییەوە وشەی گونجاو ئاسانو کاریگەر بەکاربهێنرێت، کە بەسترابێتەوە بە کاڵاکەوە.**
2. **وێنە: لەکاتی دانانی ریکلامدا دەبێت وێنەی گونجاوی بۆ دابنرێت، کە کاریگەریی زیاتر بێتو گوزارشت بکات لەو بابەتەی ریکلامەکەی بۆ کراوە سوودو تایبەتمەندیەکانی کاڵاکە بخاتەڕوو.**
3. **رەنگ: هەڵبژاردنی رەنگی گونجاو، کە کار بۆ راکێشانی سەرنجی خوێنەر بکات، لەکاتی راستکردنەوەدا دەبێت رەنگێك بەکاربهێنرێت بگونجێت لەگەڵ رووبەری ریکلامەکەدا.**
4. **مۆنتاج: بریتیە لە لابردنو زیادکردنی هەندێك بابەتو رێكخستنی بەشێوەیەکی گونجاو بەستنەوەیان بە یەکترە.**

---

[158]. نورالدين أحمد النادي، سەرچاوەی پێشوو، ص142ـ143

# بەشی چوارەم: هونەری نەخشەسازیی لە بەرهەمهێنانی ریکلامی رۆژنامەوانی

## (شیکاری رواڵەتی)

*باسی یەکەم: هەنگاوەکانی شیکاری رواڵەتی

*باسی دووەم: لایەنی مەیدانی توێژینەوەکە

## باسی یەکەم: هەنگاوەکانی شیکاری رواڵەتی

بەو پێیەی توێژەر هیچ توێژینەوەیەکی بەدینەکردبوو سەبارەت بە هونەری نەخشەسازیی لە بواری ریکلامی رۆژنامەوانیدا، توێژەر هەستا بە ئامادەکردنی فۆڕمێکی شیکاری لەسەر بنەمای ئەو زانیاریانەی لە هەردوو بڵاوکراوەی (گۆڤاری لڤین‌و رۆژنامەی ئاوێنە ) دا بەردەست بوو، بۆ ئەو مەبەستەش توێژەر چەند هەنگاوێکی گرتەبەر بۆ ئەنجامدانی کاری شیکاری بۆ سەرجەم ئەو داتایانەی، کە لەبەردەستدا ئامادەبوو.

**هەنگاوەکانی دانانی فۆڕمی شیکاری:**

**یەکەم: دیاریکردنی دەستەو یەکەکان :** دیاریکردنی گرنگترین دەستەو یەکە لە هەردوو بڵاوکراوەکە، دروستکردنی فۆرمی شیکاری بۆ دەستکەوتنی زانیاری پێویست، دەستەکان پێوەری سەرەکین بۆ دۆزینەوەی چارەسەری کێشەی توێژینەوەکە، چەند یەکەیەکی سەرەکی بۆ شیکار هەیە وەك (یەکەی وشە، یەکەی بابەت، یەکەی کەسایەت ی، یەکەی دەستەواژە، یەکەی رووبەرو کات، یەکەی زمان). بۆ ئەوەی شیکاری رواڵەتی ئامرازێکی باش بێت بۆ توێژینەوە پێویستە توێژەر دەستەکانی شیکار بە روونی دابڕێژێت‌و جیاکاری لەنێوان بابەت‌و شێوەدا بکات، دەستەی بابەت "چی وتراوە" بۆ ناسینی ناوەڕۆکی بابەتە کەو سەرچاوەو ئەو شوێنەی لێوەی دەردەچێت، دەستەی شێوە "چۆن وتراوە " بۆ زانینی شێوەی بابەتەکەو ئەو هونەرانەی بەکارهێنراوەو ئەو لاپەڕانەی ریکلامی تیادا بڵاوکراوەتەوەو شوێن‌و رووبەرو ئەو زمانەی بەکارهێنراوە[159]. توێژەر بۆ زانینی شێوەی بابەتەکە یەکەی (بابەت‌و رووبەرو زمان‌و کەسایەتی) وەرگرتووە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی توێژینەوەکەو زانینی زمان‌و شێوەی بابەتەکەو ئەو رەگەزانەی لە هونەری نەخشەسازیی ریکلامەکاندا بەکارهێنراوە، ئەو شوێن‌و رووبەرەو لاپەڕانەی ریکلامی تیادا بڵاوکراوەتەوە، لەگەڵ شێوازەکانی نەخشەسازیی. دەستەکانی توێژینەوەکە بریتین لە:

1. رێژەی ریکلامەکان:

سەرجەم ئەو ریکلامانەی لە (گۆڤاری لڤین‌و و رۆژنامەی ئاوێنە ) دا بڵاوکراونەتەوە، لە هەردوو جۆری بازرگانی‌و نابازرگانی.

2. جۆری ریکلامی بڵاوکراوە:

بریتیە لەو ریکلامانەی بەپێی مەبەست‌و ئامانجی جیاواز بڵاودەکرێنەوەو دەگەیەنرێت بە جەماوەر، کە بریتین لە دوو جۆری سەرەکی:

أ. بازرگانی: بریتیە لەو ریکلامانەی بەمەبەستی دەستکەوتنی قازانجی ماددی بڵاودەکرێنەوە.

ب. نابازرگانی: بریتیە لەو ریکلامانەی مەبەستی دەستکەوتنی قازانجی ماددی نیە، ئامانجی گەیاندنی سوودە بە بەرژەوەندی گشتی.

3. جۆری ریکلامە نابازرگانیەکان:

أ. ریکلامی حکومی : بریتیە لەو ریکلامانەی لەلایەن دەزگا حکومیەکانەوە بڵاودەکرێتەوە هیچ جۆرە قازانجێکی کەسی لە پشتەوە نیە.

ب. ریکلامی ناحکومی: بریتیە لەو ریکلامانەی لەلایەن دەزگا ناحکومیەکانەوە بۆ بەرژەوەندی گشتی بڵاودەکرێتەوە.

---

[159]. إبراهيم خليل إبراش، المنهج العلمي وتطبيقاته في العلوم الاجتماعية، (عمان: دار الشروق للنشر والتوزيع، 2009)، ص199ـ204

ت. ریکلامی کۆکراوە : بریتیە لەو ریکلامانەی لە رۆژنامەکاندا بڵاودەکرێتەوەو خوێنەر دانابڕێت لێیو بەشێکە لە پێکهاتەی رۆژنامەکەو لە لاپەڕەی تایبەتدا بڵاودەکرێتەوە.

پ. ریکلامی خزمەتگوزاری: بویتییە لەو ریکلامانەی وەك خزمەتگوزاری پێشکەش بە جەماوەر دەکرێت.

4. جۆرەکانی ریکلام بەپێی ئەرکی بەبازاڕکردن:

أ. فێرکاری: بریتیە لەو ریکلامانەی بەکاربەر فێر دەکات چۆن کاڵاو خزمەتگوزاریەکان بەکاربەرن، ئەم جۆرە ریکلامە بۆ ئەو کاڵایانەیە، کە تازەن لە بازاڕداو جەماوەر زانیاری تەواوی لەسەر نیە، یان بۆ ئەو جۆرە کاڵایانەی، کە پێشتر لەلایەن جەماوەرەوە ناسراوە بەڵام گۆڕانکاری تازەی تیادا کراوەو پێویستە جارێکیتر جەماوەر فێربکرێت لە چۆنێتی بەکاربردنی.

ب. رێنماییکردن: رێنمایی بەکاربەر دەکات لە چۆنێتی دەستکەوتنی کاڵاو خزمەتگوزاریەکان چونکە زانیاری تەواویان لەسەری نیە.

ت. بیرهێنانەوە: جارێکیتر کاڵاو خزمەتگوزاریەکان بەبیر جەماوەر دەهێنرێنەوە، ئەم جۆرە ریکلامە بۆ ئەو کاڵایانەیە، کە لەلای جەماوەر ناسراون بەڵام پێویستە بەردەوام ریکلامیان بۆ بکرێت بۆ ئەوەی لەلایەن جە ماوەرەوە لەبیرنەچێتەوە.

5. زمانی خستنەڕووی ریکلامەکان:

بریتیە لە زمانی خستنەڕووی ئەو بابەتانەی ریکلامی بۆکراوە، بۆ ئەوەی لەو ریگایەوە کار لە جەماوەر بکرێت، کە خۆی لە چەند جۆرە زمانێکدا دەبینێتەوە:

أ. کوردی

ب. ئینگلیزی

ت. کوردی ــ عەرەبی

پ. کوردی ــ ئینگلیزی

6. جۆری رەگەزە هونەرییەکانی ریکلام:

بریتیە لە کۆمەڵێك رەگەزی سەرەکی، کە ریکلام پێکدەهێنن بەمەبەستی گەیاندنی پەیامە ریکلامیەکان بە خوێنەران بە باشترین شێوە.

أ. ناونیشان: بریتیە لە رەگەزی سەرەکی چوونە ناو بابەتی ریکلامەکەو راکێشانی سەرنجی خوێنەرو هاندانیان بۆ خوێندنەوەی ریکلامەکە.

ب. دەق: بریتیە لە ناوەڕۆکی بابەتەکەو لە رێگایەوە بیرۆکەکان دەگوێزرێتەوە بۆ جەماوەر لە دەقدا وردەکاریو زانیاری زیاتر لەسەر بابەتی ریکلامەکە دەخرێتەڕوو.

ت. وێنەو نیگار: بریتیە لەو رەگەزە گرنگەی بۆ گوزارشتکردن لە ناوەڕۆکی بابەتەکە بەکاردەهێنرێت هەتا بە باشترین شێوە کاڵاو خزمەتگوزاریەکان بخرێتەڕوو.

پ. رەنگ: رەگەزێکی سەرەکی راکێشانی چاوی خوێنەرە بۆ ریکلامەکەو کاریگەریی سایکۆلۆژی لەس ەر خوێنەران دەبێت.

ج. لۆگۆو هێماو دروشمو ئاماژە : گەیاندنی بیرۆکەی ریکلام لە شێوەی هێما یان رستەیەکی دیاریکراو، کە وەك ناونیشانێك کاڵاکەی پێدەناسرێتەوە، یان بەکارهێنانی لۆگۆی تایبەت، کە وەك ناسنامەیەکە کاڵاکەی پێدەناسرێتەوە.

ح. نرخ: مەبەست لە بڵاوکردنەوەی نرخی ئەو کاڵاو خزمەتگوزاریانەی ریکلامی بۆ دەکرێت.

7. دابەش بوونی ناونیشانەکان:

أ. ناونیشانی سەرەکی: رەگەزی یەکەمی چوونە بۆ ناو بابەتەکە.

ب. ناونیشانی لاوەکی: رەگەزی یارمەتیدەری ناونیشانی سەرەکیە.

8. جۆری ناونیشانی ریکلام:

زانیاریو بیرۆکەی سەرەکی ریکلام لە رێگای چەند جۆرێك ناونیشانی جیاوازو بەپێی جۆری کاڵاو مەبەستی ریکلامکار بە خوێنەر دەگەیەنرێت.

أ. ناونیشانی راستەوخۆ: زانیارییە سەرەکیەکان بەشێوەیەکی راستەوخۆ بە خوێنەر دەگەیەنرێت.

ب. ناونیشانی ناڕاستەوخۆ: زانیاری گرنگ بە خوێنەر نادات بەمەبەستی هاندانیان بۆ خوێندنەوەی هەموو بابەتەکە.

ت. ناونیشانی سەرسوورمان: هەوڵدان بۆ ئەوەی پرسیار لەلای خوێنەر دروست بێتو گرنگی بجوڵێت.

پ. ناونیشانی فەرمانی: بەشێوەی فەرمان ئاڕاستەی خوێنەر دەکرێت.

ج. ناونیشانی جووڵاندنی هەست: ئەم جۆرە ناونیشانە کار بۆ جووڵاندنی هەستی خوێنەر دەکات.

ح. بەکارهێنانی ناوی کاڵاکە: ئەم جۆرە ناونیشانە بۆ ئەو کاڵایانە بەکاردەهێنرێت، کە لای جەماوەر ناسراون.

9. جۆری وێنەی بەکارهاتوو لە ریکلامەکاندا:

أ. وێنەی فۆتۆ: بریتیە لە وێنەی فۆتۆگرافی بابەتە ریکلام بۆکراوەکە بەو شێوەیەی هەیە.

ب. وێنەی گرافیك: بریتیە لە کێشانی وێنەی تایبەت بە بابەتەکە لەلایەن کەسێکی شارەزاوە دەکێشرێت.

10. شێوازی خستنەڕووی وێنەکان:

أ. وێنەی کاڵاکە یان بەشێکی: وێنەی تەنها بەشێك یان هەموو بەشەکانی کاڵاکە لە ریکلامەکەدا بەکاردەهێنرێت.

ب. وێنەی کۆمەڵێك کاڵا: وێنەی کۆمەڵێك کاڵای جیاواز لە یەککاتدا دەخرێتەڕوو، کە هەمان هێمای بازرگانیان هەیە.

ت. وێنەی کاڵاکە کاتی بەکارهێنان: بریتیە لە پیشاندانی کاڵاکان لەکاتی بەکارهێناندا.

پ. وێنەی ئەنجامی بەکارهێنانی کاڵاکە: جەخت دەکرێتەوە لەسەر ئەنجامی بەکارهێنانی کاڵاکە.

ج. وێنەی، کەسی: وێنەی کەسێك یان کۆمەڵە کەسێك لە ریکلامەکاندا بەکاردەهێنرێت.

11. وێنەی کەسایەتی ناو ریکلامەکان:

أ. کەسی بەناوبانگ: بریتیە لەو کەسەی لەناو جەماوەردا ناسراوەو کاریگەریی هەیە.

ب. کەسی شارەزا: بریتیە لەو کەسەی لە بوارێکی دیاریکراودا شارەزایی هەیە.

ت. کەسی ئاسایی: بریتیە لە هەر کەسێکی ئاسایی، کە لە گەیاندنی پەیامە ریکلامیەکەدا بەشداری دەکات.

پ. کۆمەڵە کەسێك: وێنەی کۆمەڵە کەسێك لە ریکلامەکەدا بەکاردەهێنرێت.

12. رەنگ:

أ. ریکلامی رەنگاو رەنگ: بریتیە لەو ریکلامانەی رەنگی جۆراوجۆری تیادا بەکاردەهێنرێت.

ب. ريكلامی رەش‌و سپی: بريتيه لەو ريكلامانەی رەنگی تيادا بەكارناهێنرێت‌و بەشێوەی رەش‌وسپی بلاَودەكرێتەوە.

13. پۆلينی لۆگۆو دروشم‌و هێما:

أ. لۆگۆ: بريتيه لەشێوەيەكی تايبەت بە كالاَو خزمەتگوزاريەكان يان ئەو كۆمپانيايەی كالاَكە بەرهەمدەهێنێت وەك ناسنامەيەك، كالاَو خزمەتگوزاريەكەی پێدەناسرێتەوە.

ب. دروشم: دەستەواژەيەكی تايبەت بەكاردەهێنرێت بۆ بابەتە ريكلام بۆكراوەكە، كە دەبێتە دروشمێك‌و جەماوەر لە رێگايەوە كالاَو خزمەتگوزاريەكەی پێدەناسێتەوە.

ت. هێما: بريتيه لە هێمايەكی تايبەت لە ريكلامەكەدا بەكاردەهێنرێت بەمەبەستی راكێشانی سەرنجی خوێنەر.

14. جۆری لۆگۆ:

أ. لۆگۆی كۆمپانيا : تايبەتە بەو كۆمپانيايەی ريكلامەكەی كردوە، وەك ناسنامەيەك بەكاردەهێنرێت‌و كۆمپانياكەی پێدەناسرێتەوە.

ب. لۆگۆی كالاَ: تايبەتە بە جۆری ئەو كالاَيانەی ريكلامی بۆ دەكرێت.

15. تايبەتمەندی لۆگۆ:

أ. ناوخۆيی: لۆگۆی تايبەت بە كۆمپانيا يان كالاَو خزمەتگوزاريەكان بەكاردەهێنرێت، كە لەسەر ئاستی ناوخۆ بونيان هەيە.

ب. جيهانی: لۆگۆی تايبەت بە كۆمپانيا يان كالاَو خزمەتگوزاريەكان بەكاردەهێنرێت، كە لەسەر ئاستی جيهان ناسراون.

16. ئاستی گرنگيدان بە بلاَوكردنەوەی نرخی كالاَكان لە ريكلامەكاندا:

أ. بلاَوكردنەوەی نرخ: مەبەست لەو ريكلامانەيە، كە نرخی كالاَو خزمەتگوزاريەكانی تيادا بلاَوكراوەتەوە.

ب. بلاَونەكردنەوەی نرخ: مەبەست لەو ريكلامانەی، كە نرخی كالاَو خزمەتگوزاريەكانی تيادا بلاَونەكراوەتەوە.

17. شێوازی بلاَوكردنەوەی ريكلاميەكان لە لاپەڕەكان:

أ. شێوازی ئاسۆيی: ريكلامەكان بەشێوەی ئاسۆيی لەو رووبەرەی بۆيان دياريكراوە دادەنرێن.

ب. شێوازی ستوونی: ريكلامەكان بەشێوەی ستوونی لەو رووبەرەی بۆيان دياريكراوە دادەنرێن.

18. ئەو لاپەڕانەی ريكلامی تيادا بلاَوكراوەتەوە:

أ. لاپەڕەی يەكەم: بريتيه لە يەكەم لاپەڕەی رۆژنامەكەو ناوی رۆژنامەكەی لەسەرەو بلاَوكردنەوەی ريكلام لەم لاپەڕەيەدا گرنگی خۆی هەيە.

ب. لاپەڕەی ناوەوە: مەبەست لەو لاپەڕانەی لە بەشی ناوەوەی رۆژنامەو گۆڤارەكە ريكلام بلاَودەكەنەوە.

ت. دوالاپەڕە: مەبەست لە دوالاپەڕەی رۆژنامەكە، كە ريكلامی تيادا بلاَودەكرێتەوە.

پ. لاپەڕەی تايبەت: لە رۆژنامەدا لاپەڕەيەكی تايبەت هەيە، كە رۆژنامەكە بەردەوام ريكلامی تيادا بلاَودەكاتەوە، لە گۆڤارەكەدا مەبەست لەو لاپەڕانەيە دەكەوێتە ناوەڕاستی گۆڤارەكەو بەردەوام تايبەتە بە ريكلام‌و ئەو لاپەڕانە گرنگی خۆيان هەيە.

ج. بەرگ: مەبەست لە رووكاری دەرەوەی گۆڤارەكەيە لە رۆژنامەدا لاپەڕەی يەكەم‌و دوالاپەڕە هەيە، لە گۆڤاردا بە بەرگ ناو دەبرێت.

19. شوێنی ريكلام لە لاپەڕەكەدا:

أ. بەشی سەرەوە لای راست : مەبەست لە شوێنی ئەو ريكلامانەيە، كە لە بەشی سەرەوە لای راستی لاپەڕەكەدايە دەكەوێتە ئاڕاستەی چاوی خوێنەرەوە بۆيە كاريگەريی خۆيان هەيە.

ب. بەشی خوارەوە لای راست: مەبەست لە شوێنی ئەو ريكلامانەيە، كە لە بەشی خوارەوە لای راست لاپەڕەكەدايە.

ت. بەشی سەرەوە لای چەپ: مەبەست لە شوێنی ئەو ريكلامانەيە، كە لە بەشی سەرەوە لای چەپی لاپەڕەكەدايە.

پ. بەشی خوارەوە لای چەپ: مەبەست لە شوێنی ئەو ریکلامانەیە، کە لە بەشی خوارەوە لای چەپی لاپەڕەکەدایە .

ج. هەموو لاپەڕەکە: مەبەست لەو ریکلامانەیە هەموو ئەو لاپەڕەیە دەگرێتەوە، کە بۆی دیاریکراوە.

ح. بەشی سەرەوە: ریکلامەکە هەموو بەشی سەرەوەی ئەو لاپەڕەی گرتۆتەوە، کە بۆی دیاریکراوە.

خ. بەشی خوارەوە: ریکلامەکە هەموو بەشی خوارەوەی ئەو لاپەڕەی گرتۆتەوە بۆی دیاریکراوە.

20. شێوازەکانی خستنەڕووی ریکلام:

بریتیە لە شێوازی خستنەڕووی ریکلامەکان بەپێی ئەو رووبەرەی بۆی دیاریکراوە.

أ. شێوازی نیو قوچەك : ریکلامەکان لەلایەکی لاپەڕەکەدا دابەش دەبن لە شێوەی نیو قوچەکێکی ئاسایی، کە بنکەکەی لە خوارەوەیە.

ب. شێوازی لاکێشە: ریکلامەکان بە قەبارەیەکی یەکسانو لەسەر یەکتری لە لایەکی لاپەڕەکە پۆلێن دەکرێن.

ت. شێوازی دوو لاکێشە: ریکلامەکان بە قەبارەی یەکسان لە ئەملاولای لاپەڕەکان لە شێوەی دوو لاکێشە دابەشدەکرێن.

پ. شێوازی نیو قوچەکیو لاکێشەیی : بریتیە لەو شێوازەی، کە دوو جۆر ریکلام هەیە هەندێکیان یەکسانن و هەندێکیان جیاوازن، ئەو ریکلامانەی یەکسانن لەلایەکی لاپەڕەکەو لەسەر یەکتریو لە شێوەی لاکێشەیی دادەنرێن، ئەوانەی جیاوازن بە شێوازی نیو هەرەمی لە لاکەی تری لاپەڕەکە دادەنرێن.

21. قەبارەی ریکلامەکان:

مەبەست لێی زانینی قەبارەی ریکلامەکان لە لاپەرەکاندا بە سانتیمترو زانینی قەبارەی ریکلامەکان لەو رووبەرەی بۆی دیاریکراوە، وە زانینی رێژەی ئەو رووبەرەی داگیریان کردوە لە رووبەر گشتی لاپەڕەکان.

أ. لاپەڕەی یەکەم

ب. لاپەڕەی ناوەوە

ت. دوالاپەڕە

پ. لاپەڕەی تایبەت

ج. بەرگ

**دووەم: راستگۆیی رواڵەتی:** باشترین رێگا بۆ دڵنیابوون لە گونجاویی برگەو یەکەکانی فۆڕمی شیکاری، بریتیە لە هەڵسەنگاندنی فۆڕمی ئامادەکراو لەلایەن چەند شارەزاو پسپۆڕێكو دانپیادانانیان بە گونجاویی فۆڕمی شیکاری ئامادەکراو، هەربۆیە پیشانی (7) شارەزا دراوە[*]، کە لە بواری راگەیاندنو هونەر شارەزاو پسپۆڕن بۆ راگەیاندنی بیروڕاو هەڵسەنگاندنیان سەبارەت بە گونجاوی یان نەگونجاوی بڕگەکان، دوای ئەنجامدانی شیکاری وەڵامی شارەزایانو دەرهێنانی بەهای بڕگەکانو جیاوازیی هەر بڕگەیەك لەنێوان شارەزایان لە کۆی هەموو بڕگەکان کە لە خشتەکاندا خراونەتەڕوو تەنها خشتەی (14) لابراوە وەك لە پاشکۆی

* شارەزایان

1. پ.ی.د.نەزاکەت حەمە سەعید- راگەیاندن- زانکۆی سلێمانی
2. پ.ی.د.حەکیم عوسمان حەمید- راگەیاندن- زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی
3. پ.ی.د.ئیبراهیم سەعید فەتح الله- راگەیاندن- زانکۆی سلێمانی
4. پ.ی.د. ئبتسام ئیسماعیل قادر- راگەیاندن- زانکۆی سلێمانی
5. د.لانە سابر محەمەد سەعید- راگەیاندن- زانکۆی سلێمانی
6. د.ڕێبەر گۆران مستەفا- راگەیاندن- زانکۆی سلێمانی
7. د.نەعیمە محەمەد عبداللە- هونەر- زانکۆی سلێمانی

(1) خراوەتەڕوو. لە ئەنجامدا راستگۆیی فۆڕمەکە دەکاتە (96.63٪)، ئەمەش لەرووی زانستیەوە بە رێژەیەکی گونجاو دادەنرێت بەو شێوەیەی لە پاشکۆی (3) خراوەتەڕوو.

**سێیەم: جێگیری:** مەبەست لە جێگیری گەیشتنە بە هەمان ئەنجامی شیکاری یەکەم، بە دووبارەکردنەوەی شیکاری دەستەکان بەسەر هەمان سامپڵ بە رێژەیەکی دیاریکراو، توێژەر هەستا بە دووبارەکردنەوەی شیکاریەکە لەگەڵ (سێ)[*] کەسی تر، شیکاری (6٪) قەبارەی سامپڵەکەیان ئەنجامدا، بە بەکارهێنانی یاسای "هۆلستی" بۆ جێگیری، ئەنجامی کۆتایی بەم شێوەیەی لای خوارەوە بوو:

**یاسای جێگیری:** **Coefficient** Reliability CR: $\frac{2M}{N1 + N2}$

M ژمارەی هاویەکی نێوان کەسەکان. N1 ژمارەی [illegible] یەکەم شیکردۆتەوە.

N2 ژمارەی داتاکان، کە کەسی دووەم شیکردۆتەوە.

دەرەنجامی کەسەکان بە کۆدی (A,B,C,D):

$$6 = \frac{3 \times 4}{2} = \frac{N(N-1)}{2}$$

0.86 = A,B  0.93 = B,C  0.73 = A,D

0.85 = A,C  0.88 = D,B  0.81 = D,C

ریزبەندی داتاکان لە نزمەوە بۆ بەرز بۆ دۆزینەوەی ناوەراستە:

0.73 0.81 0.85 0.86 0.88 0.93

کەواتە جێگیری بە پێی یاسای "هۆڵستی" دەکاتە:

$$\text{٪} 86 = \frac{0.86 + 0.85}{2}$$

ئەم ئەنجامە رێژەیەکی باشە و ئاماژەیە بۆ جێگیری

**چوارەم: هەنگاوە ئاماریەکانی توێژینەوەکە** لە پاش کۆکردنەوەی زا بەمەبەستی شیکردنەوەی زانیاریەکان توێژەر لە رێگای کۆمپیوتەرەوە بە بەرنامەی ئاماری (Spss) ( Statistical Package for the social sciences) بەکارهێناوە، بۆ دەرهێنانی ئەنجامەکانو شیکردنەوەیانو گەیشتن بە ئەنجامێکی راستو بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە، لەرێگای ئەو ئامرازو یاساو هاوکێشەو چارەسەرە ئامارییانەی لە بەرنامەکەدان وەك:

1. ئامرازە وەسفییەکان: چەندبارە، رێژەی سەدی، ناوەندی ژمێرەی، لادانی پێوەری، ناوەندی ریزبەندی، پەرشبونەوە.
2. ئامرازە ئیستدلالییەکان: نمرەی ئازادی، ئاماژە، بەهای (F) بەهای (Z) بەهای (T) بۆ دەرخستنی جیاوازیی لەنێوان کۆمەڵە سەربەخۆکان.

**کورتەیەك دەربارەی هەردوو بڵاوکراوەکە**

---

[*] نەبەز ئەحمەد حەسەن، خوێندکاری ماستەر ـ تەلەفزیۆن، (سلێمانی: زانکۆی بۆلیتەکنیك، تەکنیکی میدیا)

دەشتی علی رەشید، خوێندکاری ماستەر ـ رۆژنامە، (سلێمانی: زانکۆی گەرمیان)

جوان عوسمان حمە ئەمین، خوێندکاری ماستەر ـ تەلەفزیۆن، (سلێمانی: پارالێڵ)

- **گۆڤاری لڤین[*]:**

**گۆڤارێكی "سیاسی رەخنەیی گشتیە " یەكێكە لە دامەزراوەكانی میدیای ئەهلی لە هەرێمی كوردستان لە دوای دەرچونی رۆژنامەی (هاوڵاتی) دەزگای (لڤین) بە دووەم دەزگای ئەهلی دادەنرێت لە هەرێمی كوردستان لە بەرواری 2003/11/20 یەكەم ژمارەی گۆڤاری (لڤین) دەرچووە، خاوەن ئیمتیازی گۆڤارەكە بریتییە لە (كۆمپانیای لڤین)، لە سەرەتایی دامەزراندنیەوە هەتا ئێستا سەرنووسەری گۆڤارەكە (ئەحمەد میرە) یە، جێگری سەرنووسەر (هێمن باقر عبدول) ە لە سەرەتادا گۆڤارێكی گەنجانە بووە. لە ساڵی (2005) بووە بە گۆڤارێكی سیاسی رەخنەیی، لە سەرەت ایی دامەزراندنی هاوكاری داراییان لە رێكخراوی (IREX) ئایرێكسی ئەمریكیەوە وەرگرتووە، بە وتەی بەرپرسانی گۆڤارەكە دواتر توانیویانە خوێنەرێكی زۆر لە دەوری گۆڤارەكە كۆبكەنەوەو لە رووی مادد‌ییەوە پێویستیان بە كەس نەبێت توانیویانە سەرەڕای دەرهێنانەوەی خەرجی گۆڤارەكە قازانجی ماددی بەدەست بهێنن لە رێگای فرۆشتنی گۆڤارەكەو ئەو ریكلامانەی تیادا بڵاوكراوەتەوە، لەو دوو سەرچاوەیەوە توانیویانە داهاتێكی باشیان دەستكەوێت، ئەمەش بە ئەزمونێكی باش دادەنرێت، كە میدیایەك پشت بەخۆی ببەستێت بۆ بەدەستهێنانی داهاتی لە رێگای فرۆشتن‌و ریكلامەوە، پشت بە هیچ لایەن‌و حزبێك نەبەستێت بۆ بەدەستهێنانی داهات، گەشەكردنی گۆڤارەكە وایكردوە لە مانگێكدا (3) ژمارەی لێدەربچێت هەندێك ژمارەی تیراژی لە (25000) تێپەڕاندوە تەنانەت هەندێ ژمارەی چاپی دووەمیشی كراوەتەوە، لە ساڵی 2010 بەرپرسانی گۆڤارەكە بیریان لەوەكردۆتەوە چەند گۆڤارێكی دیكەش دەربكەن، وەك گۆڤارێكی كۆمەڵایەتی بەناوی (لڤینی نوێ)، گۆڤارێكی زانستی بە ناوی (لڤینی زانستی)، گۆڤارێكی پەرەپێدانی مرۆیی بە ناوی (لڤینی بونیاد)، لەگەڵ ماڵپەری (لڤین)، هەموو ئەمانە لە چوارچێو ەی دەزگای میدیای لڤیندا بووە، بەڵام لە ئێستادا خراپی بارودۆخی ئابووریی لە هەرێمی كوردستان كاریكردۆتە سەر گۆڤارەكە چونكە رێژەی فرۆشتن‌و ریكلامی كەمیكردووە بۆیە لە مانگێكدا دوو ژمارەی لێ دەردەچێت‌و (2500) تیراژی لێدەردەچێت، هەیكەلی گشتی گۆڤارەكە پێكها تووە لە (بەشی كارگێڕی، بەشی هونەری، بەشی ئەرشیف، بەشی نەخشەسازیی، بەشی هەواڵ، بەشی ژمێریاری، بەشی ریكلام)، بەشی ریكلام بەشێكی جیابووە لە گۆڤارەكە لە 2007 تا 2014 گرنگیەكی زۆر بە بەشی ریكلام دراوە، هەندێك لە نەخشەسازیی ریكلامەكان لە دەرەوەی گۆڤارەكە د ەكرێن‌و بە ئامادەكراوی دەهێنرێن بۆ گۆڤارەكە، هەندێكیان نەخشەسازیی گۆڤارەكە دەیكات، كە نرخەكەی جیاوازە نەخشەساز بە جیا نرخی نەخشەسازییەكە وەردەگرێت سەرەڕای نرخی بڵاوكردنەوەكەی، ئەو لاپەڕانەی خواستی زۆریان لەسەرە بۆ ریكلام.**

**لاپەڕەی بەرگی كۆتایی‌و لاپەڕەی ناوەوەو لاپەڕەی ناوەڕاست ، نرخەكەشیان جیاوازە زۆرترین نرخ لە بەرگی كۆتایی‌و بەرگی یەكەمی گۆڤارەكە لای ناسنامەی گۆڤارەكە وەرگرتووە، بەشێكی باش لە داهاتی گۆڤارەكە لە رێگای ریكلامەوە دەستیان دەكەوێت لەگەڵ فرۆشتنی گۆڤارەكە.**

- **رۆژنامەی ئاوێنە[*]:**

---

[*] هێمن باقر عبدول، جێگری سەرنوسەری گۆڤاری لڤین، چاوپێكەوتنی كەسی، (سلێمانی: زانكۆی سلێمانی، كاتژمێر (11) لە بەرواری 2017/4/23

[*] ئاسۆس ئەحمەد هەردی، بەڕێوبەری رێگەپێدراوی كۆمپانیای ئاوێنە، چاوپێكەوتنی كەسی، (سلێمانی: بنكەی سەرەكی رۆژنامەی ئاوێنە، كاتژمێر (2:30) لە بەرواری 2017/3/6

**رۆژنامەی ئاوێنە "رۆژنامەیەکی سیاسی گشتییە" کۆمپانیای ئاوێنە لە شاری سلێمانی دەریدەکات لە بەرواری (2006/1/3) یەکەم ژماری لێدەرچووە، ئەم رۆژنامەیە هەفتەی یەکجار لە رۆژی سێشەممەدا بە زمانی کوردی دەردەچێت، واتا لە مانگێکدا چوار ژمارەی لێدەردەچێتو (1500) تیراژی لێدەردەچێت، بەپێی بۆنە جیاوازەکان کاتی دەرچوونی گۆڕانکاری بەسەردا دێت. کۆمپانیای ئاوێنە لەسەرەتایی دامەزراندنی رۆژنامەی (ئاوێنەی) بڵاوکردۆتەوە لە دواتر (ماڵپەری ئاوێنەو گۆڤاری ئاوێنەکانو رۆژنامەی ئاوێنە سپۆرت ) ی بڵاوکردۆتەوە، بەڵام لە ئێستاداو بەهۆی خراپی بارودۆخی ئابووریی کۆمپانیاکە تەنها رۆژنامەی (ئاوێنە) وەك چاپکراوێك بڵاودەکاتەوە لەگەڵ بەردەوام بوونی ماڵپەرەکە لە کارکردن . یەکەم سەرنووسەری رۆژنامەکە (ئاسۆس هەردی) بووە لەکاتی دامەزراندنیەوە لە بەرواری (2006/1/3) تا (2008/4/3) دواتر (شوان محمد) لە ئێستادا (سەردار محمد) سەرنووسەری رۆژنامەکەیە.**

**لاپەڕەی یەکەم بە گرنگترین لاپەڕەی رۆژنامەکە دادەنرێت، رووی سەرەکیو ناسنامەی رۆژنامەکەیە، خوێنەر یەکەمجار مامەڵەی لەگەڵدا دەکاتو سیاسەتی رۆژنامەکەی تیادا رەنگ دەداتەوە، لە سەرەتایی دەرچوونی بە رەشوسپی بڵاوکراوەتەوە.**

**سەبارەت بە ریکلام رۆژنامەکە گرنگی زۆری پێدەدات لەبەرئەوەی سەرچاوەیەکی دارایی باشی رۆژنامەکەیە، چونکە رۆژنامەکە لەلایەن کۆمپانیایەکی ئەهلیەوە دەردەچێتو بەپێی وتەی بەرپرسانی رۆژنامەکە هیچ هاوکاریەکی دارایی لە حکومەتو حیزبەوە وەرناگرن بۆیە ریکلام سەرچاوەیەکی دارایی گرنگە بۆ رۆژنامەکە . لە لاپەڕەی یەکەمو لاپەڕەی ناوەوەو دوالاپەڕە ریکلام بڵاودەکرێتەوە، لە لاپەڕەی ناوەوە لاپەڕەی تایبەت هەیە بە بڵاوکردنەوەی ریکلامەکان، کە بەردەوام ریکلام بڵاودەکرێتەوە لەو لاپەڕەیەدا بە دەرگا جێگیرەکان ناسراوەو نرخی ریکلامیش لەو لاپەڕانەدا بەپێی جۆرەکەی دەگۆڕێت، لاپەڕەی یەکەمو دوالاپەڕە بە رەنگاورەنگ دەردەچن بۆیە ریکلامکردن لەو لاپەڕانەدا بە نرخی زیاتر بڵاودەکرێتەوە وەك لە لاپەڕەکانی ناوەوە، کە بە رەشوسپی بڵاودەکرێتەوە، دیاریك ردنی نرخی ریکلامەکانیش بەپێی رووبەرو شوێنی بڵاوکردنەوەو لاپەڕەکەی دەگۆڕێت.**

**هەیکەلی رۆژنامەکە لە کۆمەڵێك بەش پێکهاتووە وەك (بەشی کارگێڕی، بەشی هونەر، بەشی ئەرشیفو رێکخستن، بەشی نەخشەسازیی، بەشی هەواڵ، بەشی ژمێریاری، بەشی ریکلام)**

**بەشی کارگێڕی لە کۆمەڵێك ژوور پێکدێت وەك (خۆیی، ژمێریاری، گەنجینە، لیژنەی کڕین)**

**بەشی نەخشەسازیی یەکێکە لەبەشە گرنگەکانی رۆژنامەی ئاوێنە، کە کاری نەخشەسازیی رۆژنامەکەو ریکلامەکانی تیادا دەکرێتو لە رووی هونەرییەوە لەگەڵ سیاسەتی رۆژنامەکە دەیگونجێنێت، هەندێکجار ریکلامەکان بە ئامادەکراوی لەلایەن ریکلامکارەوە دەدرێت بە رۆژنامەکە بۆی بڵاوبکرێتەوە، کە ریکلامکار لەلایەن کۆمپانیای تایبەت بە نەخشەسازیی ریکلامەکەی ئامادە دەکاتو دەیدات بە رۆژنامەکە، وە هەندێك ریکلامیش لەلایەن نەخشەسازیی رۆژنامەکەوە ئامادە دەکرێتو بەپێی شارەزایی نەخشەسازو خواستی ریکلامکار بڵاودەکرێتەوە، لە هەردوو بوارەکەدا ئەو ریکلامانەی بڵاودەکرێنەوە دەبێت لەگەڵ سیاسەتی رۆژنامەکە بگونجێت.**

## باسی دووەم:ختستنەڕووی ئەنجامەکانی لایەنی مەیدانی

لە چوارچێوەی شیکاری ریکلامە بڵاوکراوەکانی گۆڤاری **(لڤین)** و رۆژنامەی (ئاوێنە)، ڕێگای شیکاری رواڵەتی بەکارهێنراوە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە، لە ڕێگای دابەشبوونی ریکلامەکان بەسەر چەند دەستەو یەکەیەکدا، ئەویش بە گرتنەبەری هەنگاوەکانی شیکاری رواڵەتی بۆ دیاریکردنی شێوەی گشتی ریکلامەکانی هەردوو بڵاوکراوەکە، کە بەپێی ئەم خشتانە دەخرێنەڕوو:

### 1. رێژەی سەرجەم ریکلامە بڵاوکراوەکان لە هەردوو ئامڕازی توێژینەوەکە

رێژەی سەرجەم ریکلامە بڵاوکراوەکان لە هەردوو ئامڕازی توێژینەوەکە (604) ریکلامە، لەو ژمارەیە ئەو ریکلامانەی لە گۆڤاری (لڤین) دا بڵاوکراوەتەوە (155) ریکلامە بە رێژەی (25.66٪)، رۆژنامەی (ئاوێنە) ژمارەی سەرجەم ریکلامە بڵاوکراوەکانی (449) ریکلامە بە رێژەی (74.34٪)، لەم ئەنجامەوە بۆمان روون دەبێتەوە ژمارەی ئەو ریکلامانەی لە رۆژنامەی (ئاوێنە) دا بڵاوکراوەتەوە زیاترە لە ژمارەی ئەو ری کلامانەی لە گۆڤاری (لڤین) دا بڵاوکراوەتەوە ئەمەش پەیوەندی بەوەوە هەیە، کە لە ماوەی وەرگرتنی سامپڵی توێژینەوەکە رۆژنامەکە ژمارەی زیاتری لێدەرچووە، لەم خشتەیەدا بە گشتی ژمارەی سەرجەم ریکلامەکان خراوەتەڕوو، کە لە هەردوو ئامڕازی توێژینەوەکەدا بڵاوکراونەتەوە، واتا سەرجەم ئەو ریکلامانەی هونەری نەخشەسازییان تیادا بەکارهاتووە لەگەڵ ئەو ریکلامانەشی هونەری نەخشەسازییان تیادا بەکارنەهاتووە، هەروەك لە خشتەی (1) خراوەتەڕوو.

**خشتەی (1)**

**رێژەی سەرجەم ریکلامە بڵاوکراوەکان لە هەردوو ئامڕازی توێژینەوەکە**

| رێژەی ریکلام | چەندبارە | ٪ |
|---|---|---|
| لڤین | 155 | 25.66 |
| ئاوێنە | 449 | 74.34 |
| کۆ | 604 | 100 |

### 2. جۆری ریکلامەکان لە هەردوو ئامڕازی توێژینەوەکە

جۆری ریکلامی (بازرگانیو نابازرگانی)، کە لە هەردوو ئامڕازی توێژینەوەکەدا بڵاوکراونەتەوە، واتا سەرجەم ئەو ریکلامانەی هونەری نەخشەسازییان تیادا بەکارهێنراوە لەگەڵ ئەو ریکلامانەش هونەری نەخشەسازییان تیادا بەکارنەهێنراوە، لە گۆڤاری (لڤین) دا سەرجەم ریکلامە بازرگانیەکان (137) جار دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (88.39٪)، لە رۆژنامەی (ئاوێنە) دا (160) جار دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (35.63٪)، سەبارەت بە سەرجەم ریکلامە نابازرگانیەکان لە گۆڤاری (لڤین) دا (18) جار دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (11.61٪)، لە رۆژنامەی (ئاوێنە) دا (289) جار دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (64.37٪)، لە ئەنجامی دەرهێنانی ناوەندە ریزبەندی بۆمان دەردەکەوێت جیاوازییەکی ئاماژەدار هەیە لەنێوان (گۆڤاری لڤینو رۆژنامەی ئاوێنە ) دا لە خستنەڕووی جۆرەکانی ریکلامی (بازرگانی ـ نابازرگانی)، ئەم جیاوازییەش لە ریکلامی بازرگانیدا لە بەرژەوەندی گۆڤاری (لڤین) ە بە ناوەندە ریزبەندی (55.55)، بەراورد بە رۆژنامەی (ئاوێنە) کە ناوەندە ریزبەندی (31.47)، ئەمەش ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Z) تێست بە بەهای

(-4.677) بە ئاماژەی (0.000) پشت ڕاستی دەکاتەوە، بەڵام لە جۆری ڕیکلامی نابازرگانیدا جیاوازییەکە لە بەرژەوەندی ڕۆژنامەی (ئاوێنە) یە، کە ناوەندە ریزبەندی (54.58)، ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Z) تێست بە بەهای (-7.058) بە ئاماژەی (0.000) ئەو جیاوازییە دەخاتەڕوو، بەراورد بە گۆڤاری (لڤین) ناوەندە ریزبەندی (17.03)ە، هەروەك لە خشتەی (2) خراوەتەڕوو.

**خشتەی (2)**

**جۆری ریکلامەکان لە هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە**

| ئامراز / جۆری ریکلام | لڤین: چەندبارە | لڤین: ٪ | لڤین: ناوەندی ریزبەندی | ئاوێنە: چەندبارە | ئاوێنە: ٪ | ئاوێنە: ناوەندی ریزبەند | Z تێست | ئاماژە Sig |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بازرگانی | 137 | 88.39 | 55.55 | 160 | 35.63 | 31.47 | -4.677 | 0.000 |
| نابازرگانی | 18 | 11.61 | 17.03 | 289 | 64.37 | 54.58 | -7.058 | 0.000 |
| کۆ | 155 | 100 | | 449 | 100 | | | |

### 3. پۆلێنی ریکلامی نابازرگانیلە هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە

لە پۆلێنی سەرجەم ریکلامە نابازرگانیەکانی گۆڤاری (لڤین) هەردوو جۆری ریکلامی کۆکراوەو حکومی بڵاونەکردۆتەوە، جۆری ریکلامی کۆکراوە تایبەتە بە ڕۆژنامەو ریکلامی حکومیش زیاتر لە ڕۆژنامەکاندا بڵاودەکرێتەوە ئەم دوو جۆرە ریکلامە بۆ ڕۆژنامە گونجاوە وەك لە گۆڤار، سەبارەت بە ریکلامی خزمەتگوزاری (7) جار دووبارەبۆتەوە بە ڕێژەی (38.89٪)، ریکلامی ناحکومی (11) جار دووبارەبۆتەوە بە ڕێژەی (61.11٪)، لە ڕۆژنامەی (ئاوێنە) دا ریکلامی کۆکراوە (232) جار دووبارەبۆتەوە بە ڕێژەی (80.28٪)، وە ریکلامی حکومی (23) جار دووبارەبۆتەوە بە ڕێژەی (7.96٪)، جۆری ریکلامی خزمەتگوزاری (26) جار دووبارەبۆتەوە بە ڕێژەی (8.99٪)، وە ریکلامی ناحکومی (8) جار دووبارەبۆتەوە بە ڕێژەی (2.77٪)، هەروەك لە خشتەی (3) خراوەتەڕوو.

**خشتەی (3)**

**پۆلێنی ریکلامی نابازرگانی لە هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە**

| ئامراز / ریکلامە نابازرگانیەکان | لڤین: چەندبارە | لڤین: ٪ | ئاوێنە: چەندبارە | ئاوێنە: ٪ |
|---|---|---|---|---|
| کۆکراوە | 0 | 0 | 232 | 80.28 |
| حکومی | 0 | 0 | 23 | 7.96 |
| خزمەتگوزاری | 7 | 38.89 | 26 | 8.99 |
| نا حکومی | 11 | 61.11 | 8 | 2.77 |
| کۆ | 18 | 100 | 289 | 100 |

### 4. دەرخستنی جیاوازیی پۆلێنی ریکلامی نابازرگانیلە هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە

لە شیکردنەوەی دەرخستنی جیاوازیی پۆلێنی ریکلامی نابازرگانی لە هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە (گۆڤاری لڤینو رۆژنامەی ئاوێنە) لە (30) ژمارەی گۆڤارەکە ناوەندی ریزبەندی (0.6000) و لادانی پێوەری (0.621) بە نمرەی ئازادی (1)، لە (50) ژمارەی رۆژنامەکە ناوەندە ریزبەندی (5.7800) و لادانی پێوەری (3.208)، و نمرەی ئازادی (78)، چارەسەرە ئامارییەکان دەریدەخەن، کە جیاوازییەکی ئاماژەدار هەیە لە پۆلێنکردنی ریکلامە نابازرگانییەکان لەنێوان هەردوو بڵاوکراوەکە، بە پێی ئەوەی بەهای (F) لە شیکردنەوەی ئەنۆڤا (ANOVA) بۆ دەرخستنی جیاوازیی (76.084)، ئەمەش بەهایەکی ئاماژەدارە بۆ بونی جیاوازیی بە ئاماژەی (0.000) و نمرەی ئازادی (1، 79)، لەم ئەنجامەوە بۆمان روون دەبێتەوە رۆژنامەی (ئاوێنە) لە پێش گۆڤاری (لڤین)ەوەیە لە بڵاوکردنەوەی ریکلامی نابازرگانیدا ئەمەش بۆ ئەوە دەگەرێتەوە ریکلامی (کۆکراوەو حکومی) تەنها لە رۆژنامەی (ئاوێنە) دا بڵاوکراوەتەوە بەتایبەتی ریکلامی (کۆکراوە) لە بەشێکی زۆری ئەو ژمارانەی وەك سامپڵ وەرگیراون بڵاوکراوەتەوە بۆیە جیاوازیی بەدیکراوە لەنێوان هەردوو بڵاوکراوەکە، هەروەك لە خشتەی (4) خراوەتەڕوو.

**خشتەی (4)**

**دەرخستنی جیاوازیی پۆلێنی ریکلامی نابازرگانی لە هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە**

| ئامراز | ژمارە | ناوەندە ریزبەندی | لادانی پێوەری | نمرەی ئازادی درجة حرية | بەهای F | ئاماژە Sig |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لڤین | 30 | 0.6000 | 0.621 | 1 | 76.084 | 0.000 |
| ئاوێنە | 50 | 5.7800 | 3.208 | 78 | | |
| کۆ | 80 | 3.8375 | 3.591 | 79 | | |

### 5. جۆری ئەو ریکلامانەی هونەری نەخشەسازییان تیادا بەکارهێنراوە هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە

ژمارەی ئەو ریکلامانەی هونەری نەخشەسازییان تیادا بەکارهێنراوە لە هەردوو جۆری ریکلامی بازرگانیو نابازرگانی لە سامپڵی توێژینەوەکە، کە توێژەر شیکارییەکەی لەسەر ئەنجامداوە . لە گۆڤاری (لڤین) دا (137) جار ریکلامی بازرگانی دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (88.39٪) ناوەندی ژمێرەی (4.57) و لادانی پێوەری (1.278)، لە رۆژنامەی (ئاوێنە) دا ژمارەی ئەو ریکلامە بازرگانیانەی هونەری نەخشەسازییان تیادا بەکارهێنراوە (160) جار دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (95.24٪) وە ناوەندی ژمێرەی (3.20) و لادانی پێوەری (1.069)، سەبارەت بە ریکلامە نابازرگانیەکان لە گۆڤاری (لڤین) دا (18) جار دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (11.61٪) ناوەندی ژمێرەی (0.60) و لادانی پێوەری (0.621)، لە رۆژنامەی (ئاوێنە) دا (8) جار ریکلامی نابازرگانی دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (4.76٪) و ناوەندی ژمێرەی (0.18) و لادانی پێوەری (0.388)، هەروەك لە خشتەی (5) خراوەتەڕوو.

## خشتەی (5)

جۆری ئەو ریکلامانەی هونەری نەخشەسازییان تیادا بەکارهێنراوە لە هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە

| ئامراز / هونەری نەخشەسازیی | لڤین | | | | ئاوێنە | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | % | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوەری | چەندبارە | % | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوەری |
| بازرگانی | 137 | 88.39 | 4.57 | 1.278 | 160 | 95.24 | 3.20 | 1.069 |
| نا بازرگانی | 18 | 11.61 | 0.60 | 0.621 | 8 | 4.76 | 0.18 | 0.388 |
| کۆ | 155 | 100 | | | 168 | 100 | | |

### 6. دەرخستنی جیاوازیی لەنێوان جۆری ئەو ریکلامانەی هونەری نەخشەسازییان تیادا بەکارهێنراوە لە هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە

لە شیکردنەوەی دەرخستنی جیاوازیی لەنێوان ئەو ریکلامە بازرگانیو نابازرگانیانەی هونەری نەخشەسازییان تیادا بەکارهێنراوە، لە هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە (گۆڤاری لڤینو رۆژنامەی ئاوێنە ) لە ئەنجامی دەرهێنانی ناوەندەی ریزبەندی بۆمان دەردەکەوێت، جیاوازییەکی ئاماژەدار هەیە لەنێوان (گۆڤاری لڤینو رۆژنامەی ئاوێنە ) دا لە خستنەرووی جۆرەکانی ریکلام (بازرگانی ـ نابازرگانی )، ئەم جیاوازییەش لە ریکلامی بازرگانیدا لە بەرژەوەندی گۆڤاری (لڤین) ە بە ناوەندی ریزبەندی (55.55) بەراورد بە رۆژنامەی (ئاوێنە)، کە ناوەندی ریزبەندی (31.47)، ئەمەش ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Z) تێست بە بەهای (-4.677) بە ئاماژەی (0.000) پشت راستی دەکاتەوە، لە ریکلامی نابازرگانیدا جیاوازییەکە هەر لە بەرژەوەندی گۆڤاری (لڤین) ە ناوەندی ریزبەندی (50.10)، رۆژنامەی (ئاوێنە) ناوەندی ریزبەندی (34.74)، ئەنجامی تاقیکردنەوەی (Z) تێست بە بەهای (-3.588) بە ئاماژەی (0.000) ئەو جیاوازییە دەخاتەروو، لە ئەنجامی ئەم خشتەیەوە بۆمان روون دەبێتەوە هەردوو جۆری ریکلامی (بازرگانی ـ نابازرگانی) لە هەرد وو ئامرازی توێژینەوەکە، کە هونەری نەخشەسازییان لە ریکلامەکانیاندا بەکارهێناوە، گۆڤاری (لڤین) لە پێش رۆژنامەی (ئاوێنە) وەیە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە گۆڤاری (لڤین) تیراژی زیاتری لێدەردەچێتو ژمارەی زیاتری لێدەفرۆشرێتو خوێنەری زیاترە بۆیە ریکلامی زیاتری تیادا بلاّودەکرێتەوە، چونکە ریکلامکار ئامانجی گەیشتنی پەیامەکەیەتی بە زۆرترین خوێنەر، وە لە گۆڤاردا نەرمینواندن زیاترە لە بەکارهێنانی رەگەزە هونەریەکانی نەخشەسازیی ریکلام بۆیە رێژەکان لە بەرژەوەندی گۆڤاری (لڤینە)، هەروەك لە خشتەی (6) خراوەتەڕوو.

**خشتەی (6)**

**دەرخستنی جیاوازیی لەنێوان جۆری ئەو ریکلامانەی هونەری نەخشەسازییان تیادا بەکارهێنراوە لە هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە**

| هونەری نەخشەسازیی / ئامراز | لڤین | ئاوێنە | Z تێست | ئاماژە Sig |
|---|---|---|---|---|
| | ناوەندی ریزبەندی | ناوەندی ریزبەندی | | |
| بازرگانی | 55.55 | 31.47 | -4.677 | 0.000 |
| نا بازرگانی | 50.10 | 34.74 | -3.588 | 0.000 |

## 7. زمانی خستنەڕووی ریکلامەکان لە هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە

زمانی خستنەڕووی ریکلامەکان لە هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە زمانی کوردی زۆرترین بەکارهێنانی پێکراوە، لە گۆڤاری (لڤین) بە ناوەندی ژمێرەی (4.27) لە رۆژنامەی (ئاوێنە) بە ناوەندی ژمێرەی (1.66) ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە هەردوو بڵاوکراوەکە لە کوردستا نو بە زمانی کوردیو بۆ خوێنەری کورد دەردەچێت بۆیە بەراورد بە زمانەکانی تر زمانی کوردی زۆر بەکارهێنراوە، وە زمانەکانی تر بە رێژەی جیاواز بەکارهێنراون . لە شیکردنەوەی دەرخستنی جیاوازیی زمانی خستنەڕووی ریکلامەکان جیاوازیی ئاماری ئاماژەدار هەیە لە هەردوو ئ امرازی توێژینەوەکە، بە پێی هاوکێشەی ئەنۆڤا (ANOVA) جیاوازیی دەرکەوتووە، بەهاکانی (F) لە زمانەکانی (کوردی، کوردی ـ ئینگلیزی) لە بەرژەوەندی گۆڤاری (لڤین) ە، ئاماژەی ئاماری بە بەهای (0.000) تیادا بەدی دەکرێت، بەڵام لە زمانی (ئینگلیزیدا) لە بەرژەوەندی رۆ ژنامەی (ئاوێنە) یە بەهای (F) بە بڕی (124.599) و ئاماژەی ئامارییەکەی (0.000) یە، لە بەرامبەردا زمانی بەکارهاتووی (کوردی ـ عەرەبی) هیچ ئاماژەیەکی ئاماری تیادا بەدیی نەکرا، بۆیە لە رووی بەکارهێنانەوە هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە وەك یەك بوون، لێرەدا بۆما ن روون دەبێتەوە زمانی کوردی بە پلەی یەکەم دێت لەبەرئەوەی زمانی سەرەکی هەردوو بڵاوکراوەکەیە، وە زمانەکانی تر وەك ( ئینگلیزی، کوردی ـ ئینگلیزی، کوردی ـ عەرەبی ) گرنگیان پێدراوە بەڵام بە رێژەی جیاوازە، ئەمە بە ئاماژەیەك دادەنرێت بۆ ئەوەی سەرەڕای ئەوەی هەردوو بڵاوکراوەکە بە زمانی کوردی دەردەچن بەڵام خوێنەری کورد تێگەیشتنی هەیە بۆ ئەو زمانانەو گرنگیان پێدەدات هەربۆیە لە ریکلامەکاندا زمانی جیاواز بەکارهێنراوە، هەروەك لە خشتەی (7)دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی (7)**

**زمانی خستنەڕووی ریکلامەکان‌لە هەردوو ئامڕازی توێژینەوەکە**

| زمانی بەکارهاتوو | ئامڕاز | ناوەندی ژمێرەی | نمرەی ئازادی | بەهای F | ئاماژە Sig |
|---|---|---|---|---|---|
| کوردی | لڤین | 4.27 | 1 | 89.455 | 0.000 |
| | ئاوێنە | 1.66 | 78 | | |
| | کۆ | | 79 | | |
| ئینگلیزی | لڤین | 0.10 | 1 | 124.599 | 0.000 |
| | ئاوێنە | 1.56 | 78 | | |
| | کۆ | | 79 | | |
| کوردی ـ عربی | لڤین | 0.10 | 1 | .268 | 0.606 |
| | ئاوێنە | 0.14 | 78 | | |
| | کۆ | | 79 | | |
| کوردی ـ ئینگلیزی | لڤین | 0.70 | 1 | 58.262 | 0.000 |
| | ئاوێنە | 0.00 | 78 | | |
| | کۆ | | 79 | | |

### 8. جۆرەکانی ریکلام بەپێی ئەرکی بەبازاڕکردن‌لە هەردوو ئامڕازی توێژینەوەکە

لە ئەنجامی خستنەڕووی جۆرەکانی ریکلام بەپێی ئەرکی بەبازاڕکردن لە هەردوو بڵاوکراوەکە، لە گۆڤاری (لڤین) دا (137) جار ریکلامی رێنماییکردن دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (88.39٪) وە ناوەندی ژمێرەی (4.57) و لادانی پێوەری (1.165)، لە رۆژنامەی (ئاوێنە) دا ریکلامی رێنماییکردن (103) جار دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (61.31٪) و ناوەندی ژمێرەی (2.06) و لادانی پێوەری (1.219).

ـ جۆری ریکلامی بیرهێنانەوە لە گۆڤاری (لڤین) دا (7) جار دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (4.52٪) ناوەندی ژمێرەی (0.23) و لادانی پێوەری (0.774)، سەبارەت بە رۆژنامەی (ئاوێنە) ریکلامی بیرهێنانەوە (49) جار دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (29.17٪) ناوەندی ژمێرەی (0.98) و لادانی پێوەری (0.247).

ـ ریکلامی فێرکاری (11) جار لە گۆڤاری (لڤین) دا دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (7.09٪) و ناوەندی ژمێرەی (0.37) وە لادانی پێوەری (0.556)، لە رۆژنامەی (ئاوێنە) دا (16) جار دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (9.52٪) و ناوەندی ژمێرەی (0.32) وە لادانی پێوەری (0.513)، لەم ئەنجامانەوە بۆمان روون دەبێتەوە لە هەرسێ جۆری ریکلامی بڵاوکراوە لە هەردوو ئامڕازی توێژینەوەکە، جۆری ریکلامی رێنماییکردن لە (گۆڤاری لڤین‌و رۆژنامەی ئاوێنە )، رێژەکەی بەرزترە بەراورد بە جۆرەکانی تری ریکلام لە هەردوو بڵاوکراوەکە، ئەمە ئەوە دەگەیەنێت رێژەیەکی زۆری ئەو ریکلامانەی لە هەردوو ئامڕازەکەدا بڵاوکراونەتەوە بۆ کاڵاو خزمەتگوزایەکە، کە بەکاربەر زانیاری تەواوی لەسەر نیە لە رێگای ئەم جۆرە ریکلامەوە بە بەکاربەر دەناسرێنرێت، هەروەك لە خشتەی (8) خراوەتەڕوو.

**خشتەی (8)**

**جۆرەکانی ریکلام بەپێی ئەرکی بەبازاڕکردن لە هەردوو ئامڕازی توێژینەوەکە**

| ئامراز / جۆرەکانی ریکلام | ڤین | | | | ئاوێنە | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ٪ | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوەری | چەندبارە | ٪ | ناوەندی پێوەری | لادانی پێوەری |
| ڕێنماییکردن | 137 | 88.39 | 4.57 | 1.165 | 103 | 61.31 | 2.06 | 1.219 |
| بیرهێنانەوە | 7 | 4.52 | 0.23 | 0.774 | 49 | 29.17 | 0.98 | 0.247 |
| ڤێرکاری | 11 | 7.09 | 0.37 | 0.556 | 16 | 9.52 | 0.32 | 0.513 |
| کۆ | 155 | 100 | | | 168 | 100 | | |

## 9. ڕەگەزە هونەرییەکانی نەخشەسازیی‌ریکلام لە هەردوو ئامڕازی توێژینەوەکە

دەربارەی ڕەگەزە سەرەکیەکانی هونەری نەخشەسازیی لە هەردوو بڵاوکراوەکە، لە (گۆڤاری ڤین) ناونیشان (230) جار دووبارەبۆتەوە بە ڕێژەی (21.18٪) و ناوەندی ژمێرەی (7.67) بە لادانی پێوەری (2.808) وە پەرشبوونەوەی (7.885)، لە ڕۆژنامەی (ئاوێنە) دا جیاوازیی لە بەکارهێنانی ناونیشان لە ریکلامەکاندا بەدیدەکرێت بەم جۆرە، کە (159) جار دووبارەبۆتەوە بە ڕێژەی (18.71٪) و ناوەندە ژمێرەی (3.18) وە لادانی پێوەری (2.422) پەرشبوونەوەی (5.865).

ـ دەق لە ریکلامەکانی گۆڤاری (ڤین) دا (92) جار دووبارەبۆتەوە بە ڕێژەی (8.47٪) بە ناوەندی ژمێرەی (3.07) و لادانی پێوەری (1.112) وە پەرشبونەوەی (1.237)، لە ڕۆژنامەی (ئاوێنە) دا دەق (76) جار دووبارەبۆتەوە بە ڕێژەی (8.94٪) و ناوەندی ژمێرەی (1.52) وە لادانی پێوەری (0.931) بە پەرشبوونەوە (0.867).

ـ وێنەو نیگار لە گۆڤاری (ڤین) دا (378) جار دووبارەبۆتەوە بە ڕێژەی (34.81٪) وە ناوەندی ژمێرەی (12.60) بە لادانی پێوەی (7.421) وە پەرشبوونەوەی (55.076)، لە ڕۆژنامەی (ئاوێنە) دا (191) جار وێنەو نیگار دووبارەبۆتەوە بە ڕێژەی (22.47٪) و ناوەندی ژمێرەی (3.82) وە لادانی پێوەری (2.154) و پەرشبوونەوی (4.640).

ـ لە گۆڤاری (ڤین) دا ڕەنگ (155) جار دووبارەبۆتەوە بە ڕێژەی (14.27٪) وە ناوەندی ژمێرەی (5.17) و لادانی پێوەری (1.510) بە پەرشبوونەوەی (2.282)، لە ڕۆژنامەی (ئاوێنە) دا (101) جار دووبارەبۆتەوەبە ڕێژەی (11.88٪) وە ناوەندی ژمێرەی (2.02) بە لادانی پێوەری (0.685) و پەرشبوونەوەی (0.469).

ـ سەبارەت بە هێماو دروشمو ئاماژە لە گۆڤاری (ڤین) دا (220) جار دووبارەبۆتەوە بە ڕێژەی (20.26٪) وە ناوەندی ژمێرەی (7.33) بە لادانی پێوەری (1.688) وە پەرشبوونەوەی (2.851)، لە ڕۆژنامەی (ئاوێنە) دا (304) جار هێماو دروشمو ئاماژە دووبارەبۆتەوە بە ڕێژەی (35.76) وە ناوەندی ژمێرەی (6.08) و لادانی پێوەری (2.739) وە پەرشبوونەوەی (7.504).

ـ نرخ له گۆڤاری (لڤین) دا (11) جار دووبارەبۆتەوە بە ڕێژەی (1.01٪) وە ناوەندی ژمێرەی (0.37) لادانی پێوەری (0.615) و پەرشبوونەوەی (0.378)، له ڕۆژنامەی (ئاوێنه) دا (19) جار دووبارەبۆتەوە بە ڕێژەی (2.24٪) ناوەندی ژمێرەی (0.38) وە لادانی پێوەری (0.602) بە پەرشبوونەوەی (0.363)، هەروەك له خشتەی (9) خراوەتەڕوو .

**خشتەی (9)**

**ڕەگەزە هونەرییەکانی نەخشەسازیی ریکلام له هەردوو ئامڕازی توێژینەوەکە**

| ئامراز / ڕەگەزی هونەری | لڤین: چەندبارە | لڤین: ٪ | لڤین: ناوەندی ژمێرەی | لڤین: لادانی پێوەری | لڤین: پەرشبونەوە | ئاوێنه: چەندبارە | ئاوێنه: ٪ | ئاوێنه: ناوەندی ژمێرەی | ئاوێنه: لادانی پێوەری | ئاوێنه: پەرشبونەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ناونیشان | 230 | 21.18 | 7.67 | 2.808 | 7.885 | 159 | 18.71 | 3.18 | 2.422 | 5.865 |
| دەق | 92 | 8.47 | 3.07 | 1.112 | 1.237 | 76 | 8.94 | 1.52 | 0.931 | 0.867 |
| وێنەو نیگار | 378 | 34.81 | 12.60 | 7.421 | 55.076 | 191 | 22.47 | 3.82 | 2.154 | 4.640 |
| ڕەنگ | 155 | 14.27 | 5.17 | 1.510 | 2.282 | 101 | 11.88 | 2.02 | 0.685 | 0.469 |
| هێماودروشم | 220 | 20.26 | 7.33 | 1.688 | 2.851 | 304 | 35.76 | 6.08 | 2.739 | 7.504 |
| نرخ | 11 | 1.01 | 0.37 | 0.615 | 0.378 | 19 | 2.24 | 0.38 | 0.602 | 0.363 |
| كۆ | 1086 | 100 | | | | 850 | 100 | | | |

## 10. دەرخستنی جیاوازیی‌و لێکچوون له بەکارهێنانی ڕەگەزە هونەرییەکانی نەخشەسازیی ریکلام لەنێوان هەردوو ئامڕازی توێژینەوەکە

جیاوازییەکی ئاماری ئاماژەدار هەیە بە بەهای (0.000) له ڕەگەزەکانی نەخشەسازیی ریکلام (ناونیشان، دەق، وێنەو نیگار، ڕەنگ) بە بەهاکانی (T) بە بڕی (7.553، 6.391، 7.861، 12.745) له بەرژەوەندی گۆڤاری (لڤین) ە، بە هەمانشێوە جیاوازیی بەدی کرا له ڕەگەزی نەخشەسازیی (هێما و دروشم و ئاماژە) بە ئاماژەی (0.01) وە بە بەهای (T) بە بڕی (2.532) دووباره له بەرژەوەندی گۆڤاری (لڤین)، بەڵام له ڕەگەزی (نرخ) دا بە ئاماژە (0.92) تۆمارکراوە، بۆیە هیچ جیاوازییەکی ئاماری ئاماژەدار بەدی نەکرا لەنێوان (گۆڤاری لڤین‌و ڕۆژنامەی ئاوێنه ) دا، له کۆی گشتی ئەم ئەنجامانەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە لەنێوان (گۆڤاری لڤین‌و ڕۆژنامەی ئاوێنه) دا جیاوازیی هەیە له بەکارهێنانی ڕەگەزە سەرەکیەکانی هونەری نەخشەسازیی ریکلام ئەم جیاوازییەش له بەرژەوەندی گۆڤاری (لڤین) ە، کە زۆرترین ڕەگەزی هونەری بەکارهێناوە له نەخشەسازیی ریکلامەکانیدا، ئەمەش بۆ ئەو ت ایبەتمەندیانە دەگەڕێتەوە، کە گۆڤار هەیەتی، تەنها له ڕەگەزی (نرخ) دا ڕێژەکان له هەردوو ئامڕازی توێژینەوەکە له یەکەوە نزیکن، هەروەك له خشتەی (10) خراوەتەڕوو.

خشتەی (10)

**دەرخستنی جیاوازیی و لێکچوون لە بەکارهێنانی رەگەزە هونەرییەکانی نەخشەسازیی ریکلام لەنێوان هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە**

| رەگەزی هونەری | ئامراز | ژمارە | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوەری | بەهای T | ئاماژە Sig |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ناونیشان | لڤین | 30 | 7.67 | 2.808 | 7.553 | 0.000 |
| | ئاوێنە | 50 | 3.18 | 2.422 | | |
| | کۆ | 80 | | | | |
| دەق | لڤین | 30 | 3.07 | 1.112 | 6.391 | 0.000 |
| | ئاوێنە | 50 | 1.52 | 0.931 | | |
| | کۆ | 80 | | | | |
| وێنەو نیگار | لڤین | 30 | 12.60 | 7.421 | 7.861 | 0.000 |
| | ئاوێنە | 50 | 3.82 | 2.154 | | |
| | کۆ | 80 | | | | |
| رەنگ | لڤین | 30 | 5.17 | 1.510 | 12.745 | 0.000 |
| | ئاوێنە | 50 | 2.02 | 0.685 | | |
| | کۆ | 80 | | | | |
| لۆگۆو هێماو دروشمو ئاماژە | لڤین | 30 | 7.33 | 1.688 | 2.532 | 0.01 |
| | ئاوێنە | 50 | 6.08 | 2.739 | | |
| | کۆ | 80 | | | | |
| نرخ | لڤین | 30 | 0.37 | 0.615 | 60.196 | 0.92 |
| | ئاوێنە | 50 | 0.38 | 0.602 | | |
| | کۆ | 80 | | | | |

### 11.دابەش بوونی ناونیشانی ریکلامەکان لە هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە

ژمارەی ناونیشانی سەرەکی لە گۆڤاری (لڤین) دا (145) جار دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (63.04٪)، سەبارەت بە ناونیشانی لاوەکی (85) جار دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (36.96٪)، لە رۆژنامەی (ئاوێنە) دا (114) جار ناونیشانی سەرەکی بە رێژەی (71.70٪) و ناونیشانی لاوەکی (45) جار بە رێژەی (28.30٪) دووبارەبۆتەوە، لەم رێژانەوە بۆمان رووندەبێتەوە ناونیشانی سەرەکی ل ە رۆژنامەی (ئاوێنە) دا زیاترە وەك لە گۆڤاری (لڤین)، بە پێچەوانەوە ناونیشانی لاوەکی لە گۆڤاری (لڤین) دا زیاترە بەراورد بە رۆژنامەی (ئاوێنە)، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی بڵاوکراوەکان بەو پێیەی گۆڤاری (لڤین) بەشێکی زۆری ئەو ریکلامانەی بڵاوی کردۆتەوە هەم وو لاپەڕەکەی گرتۆتەوە بۆیە ئەمەش هۆکارێکە بۆ ئەوەی زیاد لە ناونیشانێك لە ریکلامەکانیدا بڵاوبکاتەوە، هەروەك لە خشتەی (11) خراوەتەڕوو.

**خشتەی (11)**

**دابەش بوونی ناونیشانی ریکلامەکان لە هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە**

| ئامراز / ناونیشان | لڤین | | ئاوێنە | |
|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ |
| ناونیشانی سەرەکی | 145 | 63.04 | 114 | 71.70 |
| ناونیشانی لاوەکی | 85 | 36.96 | 45 | 28.30 |
| کۆ | 230 | 100 | 159 | 100 |

**12. جۆری ناونیشانی بەکارهاتوولە ریکلامەکان هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە**

لە گۆڤاری (لڤین) دا ناونیشانی راستەوخۆ (15) جار دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (6.52٪) لە ریزبەندیەکەدا لە پلەی پێنجەمدایە، لە رۆژنامەی (ئاوێنە) دا ناونیشانی راستەوخۆ (18) جار دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (11.32٪) لە پلەی چوارەمدایە، لەم ئەنجامانەوە بۆمان رووندەبێتەوە ناونیشانی راستەوخۆ لە رۆژنامەی (ئاوێنە) دا رێژەکەی زۆرترە وەك لە (گۆڤاری لڤین).

ـ ناونیشانی ناراستەخۆ لە هەردوو بڵاوکراوەکە لە ریزبەندیەکەدا بە پلەی دووەم دێت، لە گۆڤاری (لڤین) دا (70) جار دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (30.43٪)، لە رۆژنامەی (ئاوێنە) دا (41) جار دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (25.78٪).

ـ جۆری ناونیشانی سەرسوورمان لە گۆڤاری (لڤین) دا بە پلەی سێیەم دێت، (22) جار دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (9.57٪)، لە رۆژنامەی (ئاوێنە) دا لە پلەی یەکەمدایە (58) جار دووبارەبۆتەوە، کە رێژەکەی دەکاتە (36.48٪)، لەم ئەنجامەوە بۆمان دەردەکەوێت ناونیشانی سەرسوورمان لە رۆژنامەی (ئاوێنە) دا زیاتر لە گۆڤاری (لڤین) بەکارهێنراوە، وە هەر بەپێی ئەو رێژانەی لە خشتەکەدا خراوەتەڕوو ئەم جۆرە ناونیشانە لە (ئاوێنە) دا گرنگی خۆی هەیە بەو پێیەی بە پلەی یەکەم دێت لە ریزبەندیەکەدا.

ـ ناونیشانی فەرمانی لە گۆڤاری (لڤین) دا (4) جار دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (1.74٪) لە ریزبەندی جۆری ناونیشانەکان لە پلەی شەشەمدایە، لە رۆژنامەی (ئاوێنە) دا (7) جار دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (4.40٪) بە پلەی پێنجەم دێت، بەپێی ئەو رێژانەی خراونەتەڕوو ناونیشانی فەرمانی لە رۆژنامەی (ئاوێنە) دا زیاترە وەك لە گۆڤاری (لڤین)، بەپێی ئەنجامەکان لە هەردوو بڵاوکراوەکە ئەم جۆرە ناونیشانە کەم بەکارهێنراوە بەو پێیەی بە پلەی پێنجەمو شەشەم هاتوون لە خشتەکەدا.

ـ ناونیشانی جووڵاندنی هەست لە گۆڤاری (لڤین) دا بە پلەی چوارەم دێت (18) جار دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (7.83٪)، لە رۆژنامەی (ئاوێنە) دا بە پلەی شەشەم دێت (3) جار ئەم جۆرە ناونیشانە بەکارهێنراوە بە رێژەی (1.89٪)، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت بەکارهێنانی ناونیشانی جووڵاندنی هەست لە گۆڤاری (لڤین) دا رێژەکەی ز یاترە وەك لە رۆژنامەی (ئاوێنە)، بە کۆی گشتی ئەم جۆرە ناونیشانە لە ریزبەندی جۆری ناونیشانەکان لە هەردوو بڵاوکراوەکە بەکارهێنانی کەمە .

ـ ناونیشانی بەکارهێنانی ناوی کاڵاکە یەکێکە لەو جۆرە ناونیشانەی لە گۆڤاری (لڤین) دا زۆر بەکارهێنراوە لە پلەی یەکەمی رێزبەندیەکەدایە (101) جار دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (43.91٪)، ئەم رێژەیەش زۆرترە بەراورد بەو رێژەیەی لە رۆژنامەی (ئاوێنە) دا بڵاوکراوەتەوە، کە (32) جار دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (20.13٪) و لە پلەی سێیەمدایە، لە ئەنجامی گشتی

خشتەکە روون بۆتەوە جۆری ناونیشانی بەکارهێنانی ناوی کالآکە لە گۆڤاری (لڤین) دا زۆرترین بەکارهێنانی پێکراوە لە کۆی گشتی هەموو جۆرەکانی تری ناونیشان لە هەردوو ئامڕازی توێژینەوەکە، هەروەك لە خشتەی (12) خراوەتەڕوو.

**خشتەی (12)**

**جۆری ناونیشانی بەکارهاتوو لە ریکلامەکانی هەردوو ئامڕازی توێژینەوەکە**

| ناونیشان / ئامراز | لڤین | | | ئاوێنە | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ٪ | ریزبەندی | چەندبارە | ٪ | ریزبەندی |
| راستەوخۆ | 15 | 6.52 | 5 | 18 | 11.32 | 4 |
| ناراستەوخۆ | 70 | 30.43 | 2 | 41 | 25.78 | 2 |
| سەرسوورمان | 22 | 9.57 | 3 | 58 | 36.48 | 1 |
| فەرمانی | 4 | 1.74 | 6 | 7 | 4.40 | 5 |
| جولاندنی هەست | 18 | 7.83 | 4 | 3 | 1.89 | 6 |
| بەکارهێنانی ناوی کالآکە | 101 | 43.91 | 1 | 32 | 20.13 | 3 |
| کۆ | 230 | 100 | | 159 | 100 | |

## 13.جۆری وێنەی بەکارهاتوو لە ریکلامەکانیهەردوو ئامڕازی توێژینەوەکە

وێنەی فۆتۆ لە گۆڤاری (لڤین) دا (338) جار دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (89.42٪) و ناوەندی ژمێرەی (11.27) وە لادانی پێوەری (7.987)، لە رۆژنامەی (ئاوێنە) دا (148) جار وێنەی فۆتۆ بەکارهێنراوە بە رێژەی (77.49٪) بە ناوەندی ژمێرەی (2.96) و لادانی پێوەری (2.070).

ـ وێنەی گرافیك لە گۆڤاری (لڤین) دا (40) جار دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (10.58٪) و ناوەندی ژمێرەی (1.33) و لادانی پێوەری (1.269)، لە رۆژنامەی (ئاوێنە) دا (43) جار دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (22.51٪) و ناوەندی ژمێرەی (0.86) و لادانی پێوەری (0.353)، لەم ئەنجامەوە بۆمان دەردەکەوێت هەردوو جۆری (وێنەی فۆتۆو وێنەی گرافیك) لە گۆڤاری (لڤین) دا زیاتر بەکارهاتووە وەك لە رۆژنامەی (ئاوێنە)، هەروەك لە خشتەی (13) خراوەتەڕوو.

**خشتەی (13)**

**جۆری وێنەی بەکارهاتوو لە ریکلامەکانی هەردوو ئامڕازی توێژینەوەکە**

| جۆری وێنە / ئامراز | لڤین | | | | ئاوێنە | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ٪ | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوەری | چەندبارە | ٪ | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوەری |
| فۆتۆ | 338 | 89.42 | 11.27 | 7.987 | 148 | 77.49 | 2.96 | 2.070 |
| گرافیك | 40 | 10.58 | 1.33 | 1.269 | 43 | 22.51 | 0.86 | 0.535 |
| کۆ | 378 | 100 | | | 191 | 100 | | |

**14. شێوازەکانی خستنەڕووی وێنەکانلە ریکلامەکانی هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە**

وێنە لە ریکلامەکاندا بۆ چەند جۆرێك دابەش دەبێت (*)، وێنەی کۆمەڵێك کاڵا لە گۆڤاری (لڤین) دا (178) جار دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (52.66٪) وە ناوەندی ژمێرەی (5.93) و لادانی پێوەری (5.426)، لە رۆژنامەی (ئاوێنە) دا (43) جار دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (29.05٪) وە ناوەندی ژمێرەی (0.86) و لادانی پێوەری (1.010)، ئەم ئەنجامە دەریدەخات گۆڤاری (لڤین) زۆرترین وێنەی تایبەت بە کۆمەڵێك کاڵا بڵاوکردۆتەوە.

- وێنەی کاڵاکە یان بەشێکی لە گۆڤاری (لڤین) دا (95) جار دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (28.11٪)، وە ناوەندی ژمێرەی (3.17) بە لادانی پێوەری (3.364)، لە رۆژنامەی (ئاوێنە) دا (40) جار وێنەی کاڵاکە یان بەشێکی دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (27.04٪) وە ناوەندی ژمێرەی (0.80) و لادانی پێوەری (1.107)، ئەم ئەنجامەش لە بەرژەوەندی گۆڤاری (لڤین) ە، کە زیاتر وێنەی کاڵاکە یان بەشێکی لە ریکلامەکاندا بڵاوکردۆتەوە.
- لە گۆڤاری (لڤین) دا وێنەی ئەنجامی بەکارهێنانی کاڵاکە بڵاونەکراوەتەوە، لە رۆژنامەی (ئاوێنە) دا (50) جار دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (33.78٪) وە ناوەندی ژمێرەی (1.00) و لادانی پێوەری (1.294)، لێرەدا ئەنجامەکان لە بەرژەوەندی رۆژنامەی (ئاوێنە) یەو گۆڤاری (لڤین) گرنگینەداوە بە بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە وێنەیە.
- وێنەی کاڵاکە لەکاتی بەکارهێناندا لە گۆڤاری (لڤین) دا (42) جار دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (12.43٪) بە ناوەندی ژمێرەی (1.40) وە لادانی پێوەری (1.653)، لە رۆژنامەی (ئاوێنە) دا (2) جار دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (1.35) و ناوەندی ژمێرەی (0.04) وە لادانی پێوەری (0.283)، لەم ئەنجامەدا روون بۆتەوە گۆڤاری (لڤین) بەراورد بە رۆژنامەی (ئاوێنە) گرنگی زیاتری داوە بە بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە وێنەیە.
- وێنەی کەسی لە (لڤین) دا (23) جار دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (6.80٪) و ناوەندی ژمێرەی (0.77) وە لادانی پێوەری (0.971)، لە (ئاوێنە) دا (13) جار وێنەی کەسی دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (8.78٪) وە ناوەندی ژمێرەی (0.26) و لادانی پێوەری (0.723)، ئەم ئەنجامەش لە بەرژەوەندی گۆڤاری (لڤین) ە لە بەکارهێنانی وێنەی کەسیی.
- لە کۆی گشتی ئەنجامەکان بۆمان روون دەبێتەوە، وێنە لە گۆڤاری (لڤین) دا زیاتر بەکارهێنراوە وەك لە رۆژنامەی (ئاوێنە) لە ناو وێنەکانیشدا وێنەی کۆمەڵێك کاڵا لە هەموو وێنەکانی تر زیاتر بەکارهێنراوە، هەروەك لە خشتەی (14) خراوەتەڕوو.

---

* خشتەی (14) تەنها رێژەی ئەو وێنانەی فۆتۆن خراونەتەڕوو، وێنەی گرافیك ناگرێتەوە، چونکە ئەو جۆرە وێنانە خاسیەتەکانی خشتەکە نایانگرێتە وە بەوەی ئەو وێنە گرافیکانەی بڵاوکراونەتەوە گوزارشت ناکەن لە کاڵاو کەس بەڵکو وێنەی مەعنەوین نەك ماددی.

**خشتەی (14)**

**شێوازەکانی خستنەڕووی وێنەکان لە ریکلامەکانی هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە**

| ئامراز / وێنەی بەکارهاتوو | لڤین | | | | ئاوێنە | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ٪ | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوەری | چەندبارە | ٪ | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوەری |
| کۆمەڵێک کاڵا | 178 | 52.66 | 5.93 | 5.426 | 43 | 29.05 | 0.86 | 1.010 |
| کاڵاکە یان بەشێکی | 95 | 28.11 | 3.17 | 3.364 | 40 | 27.04 | 0.80 | 1.107 |
| ئەنجامی بەکارهێنان | 0 | 0 | 0.00 | 0.00 | 50 | 33.78 | 1.00 | 1.294 |
| کاڵا بەکارهێنان | 42 | 12.43 | 1.40 | 1.653 | 2 | 1.35 | 0.04 | 0.283 |
| کەسی | 23 | 6.80 | 0.77 | 0.971 | 13 | 8.78 | 0.26 | 0.723 |
| کۆ | 338 | 100 | | | 148 | 100 | | |

### 15.وێنەی کەسایەتی ناو ریکلامەکانلە هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە

جیاوازیی ئاماری ئاماژەدار هەیە لە بەکارهێنانی وێنەی کەسایەتی ناو ریکلام لە هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە بە پێی هاوکێشەی ئەنۆڤا (ANOVA) جیاوازیی دەرکەوتووە، بەهاکانی (F) لە کەسی ناو ریکلام (کۆمەڵە کەسێك، کەسی شارەزا)، لە بەرژەوەندی گۆڤاری (لڤین) ە، بەکارهێنانی وێنەی (کۆمەڵە کەسێك) ئاماژەی ئاماری تیادا بەدی دەکرێت بە بەهای (0.007)، هەروەها (کەسی شارەزا) بە بەهای (0.000)، بەڵام لە بەرامبەردا کەسی ناو ریکلام (کەسی ئاسایی، کەسی بەناوبانگ )، هیچ ئاماژەیەکی ئاماری تیادا بەدینەکرا، بۆیە لە رووی بەکارهێنانەوە هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە وەك یەك بوون، کە لە ناوەندە ژمێ رەکەیانەوە بەدی دەکرێت، هەروەك لە خشتەی (15) خراوەتەڕوو.

### خشتەی (15)

### وێنەی کەسایەتی ناو ریکلامەکان لە هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە

| ئاماژە Sig | بەهای F | نمرەی ئازادی | ناوەندی ژمێرەی | ئامراز | کەسایەتی ناو ریکلام |
|---|---|---|---|---|---|
| .737 | .113 | 1 | 0.93 | لڤین | کەسی ئاسایی |
| | | 78 | 1.02 | ئاوێنە | |
| | | 79 | | کۆ | |
| .007 | 7.542 | 1 | 0.77 | لڤین | کۆمەڵە کەسێك |
| | | 78 | 0.22 | ئاوێنە | |
| | | 79 | | کۆ | |
| .000 | 21.928 | 1 | 0.37 | لڤین | کەسی شارەزا |
| | | 78 | 0.00 | ئاوێنە | |
| | | 79 | | کۆ | |
| .579 | .311 | 1 | 0.10 | لڤین | کەسی بەناوبانگ |
| | | 78 | 0.06 | ئاوێنە | |
| | | 79 | | کۆ | |

**16.رەنگ بەکارهێنان لە ریکلامەکانی هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە**

ریکلامەکان لە گۆڤاری (لڤین) دا بە رێژەی (100٪) بە رەنگاورەنگی بلاّودەکرێنەوە بە ناوەندی ژمێرەی (5.17) وە لادانی پێوەری (1.510) و پەرشبونەوەی (2.282)، لە رۆژنامەی (ئاوێنە) دا ریکلامی رەن‌گاو رەنگ (101) جار دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (60.12٪) وە ناوەندی ژمێرەی (2.02) بە لادانی پێوەری (0.714) وە پەرشبونەوەی (0.510).

ـ ریکلامی رەش‌وسپی لە رۆژنامەی (ئاوێنە) دا (67) جار دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (39.88٪) بە ناوەندی ژمێرەی (1.34) و لادانی پێوەری (0.939) وە پەرشبونەوەی (0.882)، لە ئەنجامی ئەم خشتەیەوە بۆمان روون دەبێتەوە ریکلامی رەنگاو رەنگ لە گۆڤاری (لڤین) دا زۆرترە وەك لە رۆژنامەی (ئاوێنە) ئەمەش بۆ ئەوەی دەگەڕێتەوە، گۆڤارەکە بە رەنگاو رەنگی دەردەچێت بۆیە سەرجەم ریکلامەکانی بە رەنگاورەنگی بلاّ وکراونەتەوە، بەڵام رۆژنامەکە تەنها لاپەڕەی یەکەم‌و دوالاپەڕە بە رەنگاورەنگی دەردەچێت‌و لاپەرەکانی ناوەوە رەش‌وسپین، بۆیە ئەو ریکلامانەی لە لاپەڕەی یەکەم‌و دوالاپەڕە بلاّوکراونەتەوە رەنگاو رەنگن وە رێژەیان زۆرترە لەو ریکلامانەی لە لاپەڕەکانی ناوەوە بە رەش‌وسپی بلاّوکراونەتەوە، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی رۆژنامەکەش گرنگیداوە بە رەنگ، بەپێی ئەنجامەکانی خشتەکە ریکلامی رەنگاورەنگی زیاتر بلاّوکردۆتەوە وەك لە رەش‌وسپی، هەروەك لە خشتەی (16) خراوەتەڕوو.

**خشتەی (16)**

**ڕەنگ بەکارهێنان لە ریکلامەکانی هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە**

| ئامراز / ڕەنگ | لڤین: چەندبارە | لڤین: % | لڤین: ناوەندی ژمێرەی | لڤین: لادانی پێوەری | لڤین: پەرشبونەوە | ئاوێنە: چەندبارە | ئاوێنە: % | ئاوێنە: ناوەندی ژمێرەی | ئاوێنە: لادانی پێوەری | ئاوێنە: پەرشبونەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ڕەنگاو ڕەنگ | 155 | 100 | 5.17 | 1.510 | 2.282 | 101 | 60.12 | 2.02 | 0.714 | 0.510 |
| ڕەش و سپی | 0 | 0 | 0.00 | 0.000 | 0.000 | 67 | 39.88 | 1.34 | 0.939 | 0.882 |
| کۆ | 155 | 100 | | | | 168 | 100 | | | |

## 17. پۆلێنی لۆگۆ و دروشم و هێماڵە ریکلامەکانی هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە

لۆگۆ لە گۆڤاری (لڤین) دا (182) جار دووبارەبۆتەوە بە ڕێژەی (82.73٪)، لە ڕۆژنامەی (ئاوێنە) دا (191) جار دووبارەبۆتەوە بە ڕێژەی (62.83٪)، دروشم (38) جار لە گۆڤاری (لڤین) دا دووبارەبۆتەوە بە ڕێژەی (17.27٪)، لە ڕۆژنامەی (ئاوێنە) دا (103) جار دووبارەبۆتەوە بە ڕێژەی (33.88٪)، هێما لە گۆڤاری (لڤین) دا بەکارنەهێنراوە لە ڕۆژنامەی (ئاوێنە) دا (10) جار دووبارەبۆتەوە بە ڕێژەی (3.29٪)، ئەنجامەکانی دەریدەخەن جیاوازییەکی ئاماژەدار هەیە لەنێوان (گۆڤاری لڤینو ڕۆژنامەی ئ اوێنە) دا لە پۆلێنکردنی (لۆگۆو دروشمو هێما ) دا، ئەم جیاوازییەش لە (دروشمو هێمادا ) لە بەرژەوەندی ڕۆژنامەی (ئاوێنە) یە. ( دروشم) لە ئەنجامی تاقیکردنەوەی مانوتنی ( Mann-Whitney) جیاوازیی دەرکەوتووە، (Z) تێست بەهاکەی (-2.823) بە ئاماژەی (0.005)، هەروەها (هێما) لە تاقیکردنەوەی مانوتنی، (Z) تێست بەهاکەی (-1.959) بە ئاماژەی (0.050)، بەڵام لە پۆلێنکردنی (لۆگۆدا) لە بەرژەوەندی گۆڤاری (لڤین) دایە، کە ئەنجامی تاقیکردنەوەی مانوتنی (Z) تێست بە بەهای (-5.205) بە ئاماژەی (0.000) ئەو جیاوازییە دەخاتەڕوو، هەروەك لە خشتەی (17) خراوەتەڕوو.

**خشتەی (17)**

**پۆلێنی لۆگۆو دروشمو هێما لەریکلامەکانی هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە**

| ئامراز / پۆلێن | لڤین: چەندبارە | لڤین: % | ئاوێنە: چەندبارە | ئاوێنە: % | Z تێست | ئاماژە Sig |
|---|---|---|---|---|---|---|
| لۆگۆ | 182 | 82.73 | 191 | 62.83 | 5.205- | 0.000 |
| دروشم | 38 | 17.27 | 103 | 33.88 | 2.823- | 0.005 |
| هێما | 0 | 0 | 10 | 3.29 | 1.959- | 0.050 |
| کۆ | 220 | 100 | 304 | 100 | | |

### 18.جۆری لۆگۆ لە ریکلامەکانی هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە

جۆری لۆگۆی کۆمپانیا لە گۆڤاری (لڤین) دا (107) جار دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (58.79٪)، لە رۆژنامەی (ئاوێنە) دا (191) جار دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (100٪)، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت رۆژنامەی (ئاوێنە) لە پێش گۆڤاری (لڤین) ەوەیە لە بڵاوکردنەوەی رێژەی لۆگۆی کۆمپا نیا، رۆژنامەکە تەنها لۆگۆی کۆمپانیای لە ریکلامەکانیدا بەکارهێناوە، بەو مانایەی لۆگۆی کاڵای بەکارنەهێناوە، بەڵام لە گۆڤاری (لڤین) دا (75) جار لۆگۆی کاڵا دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (41.21٪)، لەم ئەنجامەوە بۆمان رووندەبێتەوە گۆڤاری (لڤین) گرنگیداوە بە بەکارهێنانی هەردوو جۆری لۆگۆی کۆمپانیاو کاڵاکە لە ریکلامەکانیدا وەك رەگەزێکی گرنگی هونەری نەخشەسازیی بۆ ناسینەوەی بەرهەمەکان، هەروەك لە خشتەی (18) خراوەتەڕوو.

**خشتەی (18)**

**جۆری لۆگۆ لە ریکلامەکانی هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە**

| ئامراز / جۆری لۆگۆ | لڤین | | ئاوێنە | |
|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ |
| کۆمپانیا | 107 | 58.79 | 191 | 100 |
| کاڵا | 75 | 41.21 | 0 | 0 |
| کۆ | 182 | 100 | 191 | 100 |

### 19. تایبەتمەندی لۆگۆ لە ریکلامەکانی هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە

سەبارەت بە تایبەتمەندی ئەو لۆگۆیانەی لە ریکلامەکاندا بەکارهێنراون‌و لەسەر ئاستی ناوخۆیی‌و دەرەوە ناسراون، لە گۆڤاری (لڤین) دا (176) جار لۆگۆی ناوخۆ دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (96.70٪)، لە رۆژنامەی (ئاوێنە) دا (161) جار دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (84.29٪)، ئەم ئەنجامانە دەریدەخەن بەکارهێنای لۆگۆ لەسەر ئاستی ناوخۆ لە گۆڤاری (لڤین) دا زۆرترە وەك لە رۆژنامەی (ئاوێنە)، بەکارهێنانی لۆگۆ لەسەر ئاستی دەرەوە لە گۆڤارەکەدا (6) جار دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (3.30٪)، لە رۆژنامەی (ئاوێنە) دا (30) جار دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (15.71٪)، کەواتە لە رۆژنامەی (ئاوێنە) دا رێژەکە زیاترە بەراورد بە گۆڤاری (لڤین)، لەم ئەنجامانەوە بۆمان دەردەکەوێت بڵاوکردنەوەی لۆگۆی ناوخۆ لە ریکلامەکانی هەردوو بڵاوکراوەکە بە پلەی یەکەم دێت لەو لۆگۆیانەی لەسەر ئاستی جیهانی ناسراون، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆ ئەوەی، کە هەردوو بڵاوکراوەکە لەسەر ئاستی ناوخۆ دەردەچن‌و زیاتر ریکلام بۆ ئەو کاڵایانە دەکەن، کە لە ناوخۆدان کەمتر ریکلام بۆ ئەو کاڵایانە کراوە، کە لە جیهاندا ناسراون، هەروەك لە خشتەی (19) خراوەتەڕوو.

### خشتەی (19)

**تایبەتمەندی لۆگۆ لە ریکلامەکانی هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە**

| تایبەتمەندی لۆگۆ / ئامراز | لڤین | | ئاوێنە | |
|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ٪ | چەندبارە | ٪ |
| ناوخۆ | 176 | 96.70 | 161 | 84.29 |
| دەرەوە | 6 | 3.30 | 30 | 15.71 |
| کۆ | 182 | 100 | 191 | 100 |

20 . **بڵاوکردنەوەی نرخی کاڵالە ریکلامەکانی هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە**

**ژمارەی ئەو ریکلامانەی لە گۆڤاری (لڤین) دا نرخی بڵاوکردۆتەوە (11) جار دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (7.10٪) وە ناوەندی ژمێرەی (0.37) و لادانی پێوەری (0.615)، لە رۆژنامەی (ئاوێنە) دا (19) جار دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (11.30٪) وە ناوەندی ژمێرەی (0.38) و لادانی پێوەری (0.725)، لە ئەنجامدا بۆمان روون دەبێتەوە بڵاوکردنەوەی نرخ لە ریکلامەکاندا لە (گۆڤاری لڤینو رۆژنامەی ئاوێنە) دا جیاوازییەکی ئەوتۆیان نیە هەردوو بڵاوکراوەکە رێژەکانیان زۆر لەیەکەوە نزیکە، نرخ یەکێکە لە رەگەزەکانی ریکلام بەپێی جۆری کاڵاو ئەو جە ماوەرەی پەیامەکەی ئاراستە دەکرێت گرنگیەکەی دەگۆڕێت.**

**ـ بڵاونەکردنەوەی نرخ، لە گۆڤاری (لڤین) دا (144)جار دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (92.90٪) وە ناوەندی ژمێرەکەی (4.80) و لادانی پێوەری (1.324)، لە رۆژنامەی (ئاوێنە) دا (149) جار دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (88.70٪) و ناوەندی ژمێرەی (2.98) وە لادانی پێوەری (1.116)، لەم ئەنجامەوە بۆمان روون دەبێتەوە هەردوو بڵاوکراوەکە زۆر گرنگیان نەداوە بە بڵاوکردنەوەی نرخی کاڵاکان بەشێکی کەمی ریکلامەکان نرخی تیادا بڵاوکراوەتەوە، هەروەك لە خشتەی (20) خراوەتەڕوو.**

### خشتەی (20)

**بڵاوکردنەوەی نرخی کاڵا لەریکلامەکانی هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە**

| گرنگیدان بە بڵاوکردنەوەی نرخ / ئامراز | لڤین | | | | ئاوێنە | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ٪ | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوەری | چەندبارە | ٪ | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوەری |
| بڵاوکردنەوەی نرخ | 11 | 7.10 | 0.37 | 0.615 | 19 | 11.30 | 0.38 | 0.725 |
| بڵاونەکردنەوەی نرخ | 144 | 92.90 | 4.80 | 1.324 | 149 | 88.70 | 2.98 | 1.116 |
| کۆ | 155 | 100 | | | 168 | 100 | | |

### 21. شێوازی بڵاوکردنەوەی ریکلامەکان لە لاپەرەکانی هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە

ژمارەی ئەو ریکلامانەی لە گۆڤاری (لڤین) دا بە شێوازی ئاسۆیی بڵاوکراوەتەوە (39) جار دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (25.16٪) وە ناوەندی ژمێرەی (1.30) و لادانی پێوەری (1.179)، لە رۆژنامەی (ئاوێنە)دا (146) جار ریکلامەکان بە شێوازی ئاسۆیی بڵاوکراوەتەوە بە رێژەی (86.90٪) وە ناوەندی ژمێرەی (2.92) و لادانی پێوەری (1.027)، لەم ئەنجامەوە بۆمان روون دەبێتەوە بڵاوکردنەوەی ریکلامەکان بە شێوازی ئاسۆیی لە رۆژنامەی (ئاوێنە) دا زیاترە وەك لە گۆڤاری (لڤین)، ئەمەش پەیوەندی بەوەوە هەیە بەشێکی زۆری ریکلامەکان لە بەشی خوارەوەی لاپەڕەکان بڵاوکراوەتەوە بە شێوازی ئاسۆیی.

ـ لە گۆڤاری (لڤین) دا (116) جار ریکلامەکان بە شێوازی ستوونی بڵاوکراوەتەوە بە رێژەی (74.84٪) ناوەندی ژمێرەکەی (3.87) و لادانی پێوەری (1.106)، سەبارەت بە رۆژنامەی (ئاوێنە) ئەم شێوازە (22) جار دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (13.10٪) و ناوەندی ژمێرەی (0.44) وە لادانی پێوەری (0.611)، بەپێی ئەنجامەکان بڵاوکردنەوەی ریکلامەکان بە شێوازی ستوونی لە گۆڤاری (لڤین) دا زیاترە وەك لە رۆژنامەی (ئاوێنە) ئەم جیاوازییەش هۆکارەکەی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بەشێکی زۆری ریکلامە کان لە گۆڤاری (لڤین)دا هەموو لاپەڕەکەی گرتۆتەوە، سروشتی لاپەڕەکانیشی بە شێوازی ستوونیە بۆیە ئەم شێوازە زیاترە بەراورد بە رۆژنامەی (ئاوێنە)، هەروەك لە خشتەی (21) خراوەتەڕوو.

**خشتەی (21)**

**شێوازی بڵاوکردنەوەی ریکلامەکان لە لاپەرەکانی هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە**

| ئامراز / شێوازی بڵاوکردنەوەی ریکلام | لڤین | | | | ئاوێنە | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | چەندبارە | ٪ | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوەری | چەندبارە | ٪ | ناوەندی ژمێرەی | لادانی پێوەری |
| ئاسۆیی | 39 | 25.16 | 1.30 | 1.179 | 146 | 86.90 | 2.92 | 1.027 |
| ستوونی | 116 | 74.84 | 3.87 | 1.106 | 22 | 13.10 | 0.44 | 0.611 |
| کۆ | 155 | 100 | | | 168 | 100 | | |

### 22. ئەو لاپەرانەی ریکلامیان تیادا بڵاوکراوەتەوەلە هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە

لە لاپەڕەی یەکەمی رۆژنامەی (ئاوێنە) دا (66) جار ریکلام دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (39.29٪) وە ناوەندە ژمێرەی (1.32) و لادانی پێوەری (0.471)، لاپەڕەی یەکەمی رۆژنامەی (ئاوێنە) لە هەموو ئەو ژمارانەی وەرگیراون بۆ سامپڵی توێژینەوەکە ریکلامی تیادا بڵاوکراوەتەوە، زۆرترین ریکلام لەم لاپەڕەیەدا بڵاوکراوەتەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گرنگی لاپەڕەکە چونکە خوێنەر یەکەم بەرکەوتنی لەگەڵ لاپەڕەی یەکەمدایە.

ـ لاپەڕەی ناوەوە لە گۆڤاری (لڤین) دا (87) جار ریکلامی تیادا بڵاوکراوەتەوە بە رێژەی (56.12٪) وە ناوەندی ژمێرەی (2.90) و لادانی پێوەری (1.296)، لە رۆژنامەی (ئاوێنە) دا (48) جار دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (28.58٪)

وە ناوەندە ژمێرەی (0.96) و لادانی پێوەری (0.533)، لەم ئەنجامەدا گۆڤاری (لڤین) لە پێش رۆژنامەی (ئاوێنە) دایە.

ـ لە رۆژنامەی (ئاوێنە) دا (35) جار ریکلام لە دوالاپەڕەدا بڵاوکراوەتەوە بە رێژەی (20.83٪) وە ناوەندی ژمێرەی (0.70) و لادانی پێوەری (0.505)، دوالاپەڕە یەکێکە لەو لاپەڕانەی لە رۆژنامەدا گرنگی هەیە لە بڵاوکردنەوەی ریکلامدا.

ـ لاپەڕەی تایبەت لە گۆڤاری (لڤین) دا (34) جار ریکلامی بڵاوکردۆتەوە بە رێژەی (21.94٪) وە ناوەندی ژمێرەی (1.13) و لادانی پێوەری (0.346)، لە رۆژنامەی (ئاوێنە) دا (19) جار ریکلام دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (11.30٪) وە ناوەندی ژمێرەی (0.38) و لادانی پێوەری (0.530)، لەم ئەنجامەوە بۆمان دەردەکەوێت لاپەڕەی تایبەت لە گۆڤاری (لڤین) دا زیاتر ریکلامی بڵاوکردۆتەوە بەراورد بە رۆژنامەی (ئاوێنە).

ئەو ریکلامانەی لە بەرگی گۆڤاری (لڤین) دا بڵاوکراوەتەوە ( 34) جار دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (21.94٪) وە ناوەندی ژمێرەی (1.13) و لادانی پێوەری (0.730)، بەرگ تایبەتە بە گۆڤارو گرنگترین شوێنە لە گۆڤاردا بۆ ریکلام بڵاوکردنەوە، وە لە هەموو ئەو ژمارانەی وەك سامپڵ وەرگیراوە ریکلام لە بەرگەکەیدا بڵاوکراوەتەوە، لە رۆژنامەی (ئاوێنە) دا بەرگ نیە لاپەڕەی یەکەمو دوالاپەڕە هەیە بۆیە هیچ رێژەیەك تۆمارنەکراوە لە خشتەکەدا، لە کۆی گشتی هەموو خشتەکەدا بڵاوکردنەوەی ریکلام لە لاپەڕەکانی ناوەوەی گۆڤاری (لڤین) لە هەموو لاپەڕەکانی تری گۆڤارەکەو رۆژنامەکەش زیاترە، هەروەك لە خشتەی (22) خراوەتەڕوو.

**خشتەی (22)**

**ئەو لاپەرانەی ریکلامیان تیادا بڵاوکراوەتەوە لە هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە**

| ئامراز / لاپەرانەی ریکلامیان تیادا | لڤین: چەندبارە | لڤین: ٪ | لڤین: ناوەندی ژمێرەی | لڤین: لادانی پێوەری | ئاوێنە: چەندبارە | ئاوێنە: ٪ | ئاوێنە: ناوەندی ژمێرەی | ئاوێنە: لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| لاپەڕەی یەکەم | 0 | 0.00 | 0.00 | 0.000 | 66 | 39.29 | 1.32 | 0.471 |
| لاپەڕەی ناوەوە | 87 | 56.12 | 2.90 | 1.296 | 48 | 28.58 | 0.96 | 0.533 |
| دوالاپەڕە | 0 | 0.00 | 0.00 | 0.000 | 35 | 20.83 | 0.70 | 0.505 |
| لاپەڕەی تایبەت | 34 | 21.94 | 1.13 | 0.346 | 19 | 11.30 | 0.38 | 0.530 |
| بەرگ | 34 | 21.94 | 1.13 | 0.730 | 0 | 0.00 | 0.00 | 0.000 |
| کۆ | 155 | 100 | | | 168 | 100 | | |

### 23. شوێنی ریکلامەکان لە لاپەرەکانی هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە

سەبارەت بە شوێنی ریکلام لە لاپەڕەکاندا لە گۆڤاری (لڤین) لە بەشی سەرەوە لای راست ریکلام بڵاونەکراوەتەوە، لە رۆژنامەی (ئاوێنە) دا (50) جار دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (29.76٪) وە ناوەندی ژمێرەی (1.00) و لادانی پێوەری

**(0.000)، له خشتەکەدا روون بۆتەوە، کە تەنها رۆژنامەی (ئاوێنە) لە بەشی سەرەوەی لای راستی لاپەڕەکان ریکلامی بلاوکردۆتەوە، لە کاتێکدا بەپێی لایەنی تیۆری توێژینەوەکە گرنگی زۆری هەیە.**

**ـ بەشی خوارەوە لای راست لە گۆڤاری (لڤین) دا (3) جار ریکلام دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (1.95٪) وە ناوەندی ژمێرەی (0.10) و لادانی پێوەری (0.548)، لە رۆژنامەی (ئاوێنە) دا (6) جار دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (3.58٪)، کە ناوەندی ژمێرەکەی (0.12) بە لادانی پێوەری (0.328)، ئەم ئەنجامەش لە بەرژەوەندی رۆژنامەی (ئاوێنە) یە.**

**ـ لە گۆڤاری (لڤین) دا ریکلام لە بەشی سەرەوە لای چ ەپ (1) جار دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (0.64٪) وە ناوەندی ژمێرەی (0.03) بە لادانی پێوەری (0.183)، لە رۆژنامەی (ئاوێنە) دا (7) جار دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (4.17٪) ناوەندی ژمێرەی (0.14) وە لادانی پێوەری (0.351)، ئەم ئەنجامەش بە هەمانشێوەی ئەنجامەکانی پێشو و لە رۆژنامەی (ئاوێنە) دا زیاترە.**

**ـ بەشی خوارەوە لای چەپ لە گۆڤاری (لڤین) دا (5) جار ریکلامی تیادا بلاوکراوەتەوە بە رێژەی (3.22٪) وە ناوەندی ژمێرەی (0.17) و لادانی پێوەرە (0.379)، لە رۆژنامەی (ئاوێنە) دا (18) جار دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (10.71٪) وە ناوەندی ژمێرەی (0.36) و لادانی پێوەری (0.663).**

**ـ بلاوکردنەوەی ریکلام لە هەموو ئەو لاپەڕانەی بۆ ریکلام تەرخانکراوە لە گۆڤاری (لڤین) دا (146) جار دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (94.19٪) وە ناوەندی ژمێرەی (4.87) و لادانی پێوەری (0.973)، لە رۆژنامەی (ئاوێنە) دا (5) جار دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (2.97) وە ناوەندی ژمێرەی (0.10) و لادانی پێوەری (0.303)، لێرەدا ئەنجام لە بەرژەوەندی گۆڤاری (لڤین) ە.**

**ـ بەشی خوارەوە لە گۆڤاری (لڤین) دا هەموو بەشی خوارەوەی لاپەڕەکە بۆ ریکلام بەکارنەهێنراوە، لە رۆژنامەی (ئاوێنە) دا (80) جار دووبارەبۆتەوە بە رێژەی (47.61٪) وە ناوەندی ژمێرەی (1.60) و لادانی پێوەری (1.088).**

**ـ ریکلام لە هەموو بەشی سەرەوەی گۆڤاری (لڤین) دا بلاونەکراوەتەوە، لە رۆژنامەی (ئاوێنە) دا (2) جار دووبارەبۆتەوەبە رێژەی (1.20٪) ناوەندی ژمێرەی (0.04)و لادانی پێوەری (0.198). لە کۆی گشتی خشتەکە توێژەر بۆی روون بۆتەوە لەو شوێنانەی دیاریکراوە بۆ ریکلام رۆژنامەی (ئاوێنە) زیاتر ریکلامی بلاوکردۆتەوە، بەڵام لە بەکارهێنانی هەموو لاپەڕەکە بۆ ریکلام بلاوکردنەوە گۆڤاری (لڤین) لە پێش رۆژنامەی (ئاوێنە) وەیە بە رێژەیەکی زۆر، کە لە هەموو شوێنەکانی تری لاپەڕەکان زیاترە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە بەشێکی زۆری ریکلامەکانی لە (لڤین) دا بلاوکراوەتەوە هەموو لاپەڕەکەی گرتۆتە، هەروەك لە خشتەی (23) خراوەتەڕوو.**

**خشتەی (23)**

**شوێنی ریکلامەکان لە لاپەڕەکانیهەردوو ئامرازی توێژینەوەکە**

| ئامراز / شوێنی ریکلام | لڤین: چەندبارە | لڤین: % | لڤین: ناوەندی ژمێرەی | لڤین: لادانی پێوەری | ئاوێنە: چەندبارە | ئاوێنە: % | ئاوێنە: ناوەندی ژمێرەی | ئاوێنە: لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەشی سەرەوە لای راست | 0 | 0.00 | 0.00 | 0.000 | 50 | 29.76 | 1.00 | 0.000 |
| بەشی خوارە لای راست | 3 | 1.95 | 0.10 | 0.548 | 6 | 3.58 | 0.12 | 0.328 |
| بەشی سەرەوە لای چەپ | 1 | 0.64 | 0.03 | 0.183 | 7 | 4.17 | 0.14 | 0.351 |
| بەشی خوارەوە لای چەپ | 5 | 3.22 | 0.17 | 0.379 | 18 | 10.71 | 0.36 | 0.663 |
| هەموو لاپەڕە | 146 | 94.19 | 4.87 | 0.973 | 5 | 2.97 | 0.10 | 0 303 |
| بەشی خوارەوە | 0 | 0.00 | 0.00 | 0.000 | 80 | 47.61 | 1.60 | 1.088 |
| بەشی سەرەوە | 0 | 0.00 | 0.00 | 0.000 | 2 | 1.20 | 0.04 | 0.198 |
| کۆ | 155 | 100 | | | 168 | 100 | | |

**24. شێوازە هونەرییەکانی خستنەڕووی ریکلامەکان لە هەردوو ئامرازیتوێژینەوەکە**

هیچ ئاماژەیەکی ئاماری نەهاتۆتەدی لەنێوان (گۆڤاری لڤینو رۆژنامەی ئاوێنە) دا لە شێوازە نەخشەسازییەکانی (نیو قوچەك، نیو قوچەكو لاکێشە، دوولاکێشە )، ئەو جیاوازییە ئامارییەی دەرکەوتووە بەتەنها لە شێوازی (لاکێشە) دایە، کە ئەویش لە بەرژەوەند ی گۆڤاری (لڤین) ە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت، کە (نیو قوچەك، نیو قوچەكو لاکێشە، دوولاکێشە) شێوازە باوەکانی نەخشەسازین لە سامپڵی توێژینەوەکە. بەهۆی ئەوەی جیاوازیی ئاماری بە پێی هاوکێشەی (ANOVA) تیایاندا دەرنەکەوتووە، بەهاکانی (F) بۆ هەرسێ شێوازی (نیو قوچەك، نیو قوچەكو لاکێشە، دوولاکێشە) (0.820، 1.092، 0.597) بە ئاماژەکانی (0.368، 0.299، 0.442) یە، بۆیە هەردوو ئامراز نزیکن لە یەکەوە دەکرێت بە شێوازە نەخشەسازییە باوەکان دابنرێن، بەڵام جیاوازیی ئاماری لە بەکارهێنانی شێوازی (لاکێشە) لە بەرژەوەندی گۆڤاری (لڤین) ە، بەهای (F) (60.158) یە، بە ئاماژەی (0.000)، هەروەك لە خشتەی (24) خراوەتەڕوو.

## خشتەی (24)

## شێوازە هونەریەکانی خستنەڕووی ریکلامەکان لە هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە

| شێوازی نەخشەسازی | ئامراز | ناوەندی ژمێرەی | نمرەی ئازادی | بەهای F | ئاماژە Sig |
|---|---|---|---|---|---|
| نیو فوچەك | لڤین | .97 | 1 | .820 | .368 |
| | ئاوێنە | .82 | 78 | | |
| | کۆ | | 79 | | |
| لاکێشە | لڤین | 2.10 | 1 | 60.158 | .000 |
| | ئاوێنە | .60 | 78 | | |
| | کۆ | | 79 | | |
| نیو فوچەك و لاکێشە | لڤین | .00 | 1 | 1.092 | .299 |
| | ئاوێنە | .06 | 78 | | |
| | کۆ | | 79 | | |
| دوو لاکێشە | لڤین | .00 | 1 | .597 | .442 |
| | ئاوێنە | .04 | 78 | | |
| | کۆ | | 79 | | |

### 25.قەبارەی ریکلامەکان بە سانتیمتر لە هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە

لە رۆژنامەی (ئاوێنە) دا ئەو قەبارەی لە لاپەڕەی یەکەمدا بۆ ریکلام تەرخانکراوە رووبەرەکەی (805.0سم$^2$) بە رێژەی (18.45٪) وە ناوەندی ژمێرەی (16.099) و لادانی پێوەری (18.3536).

ـ لاپەڕەی ناوەوە لە گۆڤاری (لڤین) دا (8323.1سم2) بە رێژەی (56.53٪) وە ناوەندی ژمێرەی (277.437) و لادانی پێوەری (119.2912) بۆ ریکلام تەرخانکراوە، لە رۆژنامەی (ئاوێنە) دا رووبەری ریکلامەکان لە لاپەڕەی ناوەوەدا (1743.5سم2) بە رێژەی (39.97٪) و ناوەندی ژمێرەی (34.869) و لادانی پێوەری (18.2760)، لەم ئەنجامەوە بۆمان روون دەبێتەوە رووبەری ئەو ریکلامانەی لە لاپەڕەکانی ناوەوە بلاوکراونەتەوە لە گۆڤاری (لڤین) دا زۆرترە وەك لە رۆژنامەی (ئاوێنە).

ـ لە رۆژنامەی (ئاوێنە) دا رووبەری ریکلامەکان لە د والاپەڕەدا (1578.6سم2) بە رێژەی (36.19٪) وە ناوەندە ژمێرەی (31.571) بە لادانی پێوەری (28.1980)، دوالاپەڕە یەکێکە لەو لاپەڕانەی گرنگە بۆ ریکلام بلاوکردنەوە رۆژنامەی (ئاوێنە) تا رادەیەك ریکلامی لە دوالاپەڕەدا بلاوکردۆتەوە.

ـ گۆڤاری (لڤین) دا رووبەری (3400.0سم2) لاپەڕەی تایبەتی بۆ ریکلام تەرخانکردوە بە رێژەی (23.10٪) وە ناوەندی ژمێرەی (113.333) و لادانی پێوەری (34.5746)، لە رۆژنامەی (ئاوێنە) دا رووبەری ریکلامەکان لە لاپەڕەی تایبەتدا (235.0سم2) بەرێژەی (5.39٪) و ناوەندی ژمێرەی (4.699) وە لادانی پێوەری (9.0512)،

ئەم ئەنجامە بۆمان روون دەکاتەوە لاپەڕەی تایبەت لە هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە ریکلامی تیادا بڵاوکراوەتەوە بەڵام رووبەری ریکلامەکانی گۆڤاری (لڤین) زیاترە وەك لە رۆژنامەی (ئاوێنە).

ـ لە گۆڤاردا بەرگ یەکێکە لەو لاپەڕە گرنگانەی، کە ری کلامی تیادا بڵاودەکرێتەو، لە گۆڤاری (لڤین) دا رووبەری ریکلامەکان لە بەرگی گۆڤارەکەدا بریتییە لە (2999.6سم2) بە رێژەی (20.37٪) وە ناوەندی ژمێرەی (99.988) و لادانی پێوەری (0.0657)، (لڤین) لە هەموو ئەو ژمارانەی وەك سامپڵی توێژینەوە وەرگیراوە ریکلامی لە بەرگدا بڵاوکردۆتەوە.

ـ لە ئەنجامی ئەم خشتەیەوە بۆمان روون دەبێتەوە لە سەرجەم ئەو لاپەڕانەی رووبەرێکی بۆ ریکلام تەرخانکراوە لە هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە، لاپەرەی ناوەوە لە گۆڤاری (لڤین) لە هەموو لاپەڕەکانی تری هەردوو بڵاوکراوەکە رووبەرێکی زیاتری بۆ ریکلام تەرخانکردوە، هەروەك لە خشتەی (25) خراوەتەڕوو.

**خشتەی (25)**

**قەبارەی ریکلامەکان بە سانتیمتر لە هەردوو ئامرازی توێژینەوەکە**

| ئامراز / قەبارەی ریکلام | لڤین | | | | ئاوێنە | | | |
